CFS

وەرزنامەی

# ئایینناسی

ژمارە(٩)ساڵی سێیەم، کانونی دووەمی ٢٠٢٥

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

- بۆچی ڕیفۆرمی ئایینی؟
- حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان و پرسی نوێگەری
- ئەگەری ڕیفۆرم لە ئایینی ئیسلامدا
- ئایینی زەردەشتی لە نێو کورددا
- ریفۆرمی هزری ئیسلامی

چاکسازیی ئایینی لە باشوری کوردستان، ڕەهەند و ئاڵنگارییەکانی



# وەرزنامەی
# ئایینناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم، کانونی دووەمی ٢٠٢٥



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د. سالار تاوگۆزی
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
ئلیاس تاهیر محمدامین
د.فاروق عبدول مەولود

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان ئەحمەد



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

ئایینناسی

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك


## سەروتار

◇ **بۆچی ڕیفۆرمی ئایینی؟**.................................................... د.عابد خالید | ٥

## توێژینەوە

◇ **حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان و پرسی نوێگەری**.................................................... مەولود باوەموراد | ٩

## وەرگێڕان

◇ **ئەگەری ڕیفۆرم لە ئایینی ئیسلامدا**.................................................... وەرگێڕان: ئارام مەحموود ئەحمەد | ٣٥

## گفتوگۆ

◇ **د. حەیدەر لەشکری: ڕۆشنگەر و چاکسازانی ئایینی لە کوردستان بەربەستی زۆریان هەبووە لەبەردەم گەیاندنی هزری خۆیان** | ٤٧
سازدانی: ئیدریس سیوەیلی و سالار تاوگۆزی

## مێزگرد

◇ **چاکسازیی ئایینی لە باشوری کوردستان، ڕەهەند و ئاڵنگارییەکانی**.................................................... ئامادەکردنی: ئایینناسی | ٧٥

## بیرمەندان

◇ **مەعشوق خەزنەوی و بیری نەتەوەیی و سۆفیگەریی لە ڕۆژئاوای کوردستان**.................................................... زیرەك ئەحمەد ڕەحمان | ٩١

## ئایین و ئایینزاکانی کوردستان

◇ **ئایینی زەردەشتی لە نێو کورددا**، گوزەڕێکی مێژوویییە لە قۆناغی سەرهەڵدانەوە تا پووکانەوە لە بۆتەی ئیسلامدا........... د. یاسین تەها | ١٠٧

## ڕانانی کتێب

◇ **ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی**، دەرگایەك بەڕووی بنەماکانی هزری ئیسلامی سەردەم.................................................... ڕانان: ئلیاس تاهیر | ١٢٧

## زاراوەناسی

◇ **ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی**.................................................... ئامادەکردنی: ئایینناسی | ١٤٥



# بۆچی ڕیفۆرمی ئایینی؟

د. عابد خالید

ڕیفۆرمی ئایینی، لە سادەترین واتایدا، ئاماژەیە بۆ پرۆسەی پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە بیروباوەڕ، یان پێڕەو، یان دامەزراوە ئاینییەکان، بە مەبەستی گەڕاندنەوەیان بۆ فۆڕمی بنەڕەتی لەو ئایینەدا، یان باشترکردن و گونجاندنیان لەگەڵ پێداویستییە نوێیەکانی سەردەمە جیاواز و کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان. بەڵام هەمیشە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە هێندەی ئەو ناساندنە سەرەتاییەی ئاسان نییە. بەتایبەت کە لای باوەڕدارانی هەر ئاینێک، بنەما عەقیدەییە جێگیرەکان و بەها ئەخلاقییە سەرەکییەکانی ئایینەکەی جۆرێک لە ڕاستێتی و بەڵگە نەویستییان هەیە، کە ناکرێت بە ئاسانی دەستکاری و گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، لەبەرئەوەی سەرچاوەی ئەو بنەما و بەهایانە، یان سروش و فەرمایشتەکانی خودا و نێردراوەکانین (وەک لە ئاینە ئاسمانییەکاندا)، یان جۆرێک لە پیرۆزی مێژوویی حاشا لێنەکراون (وەک لە ئاینە زەمینییەکاندا). بۆیە پرسی ڕیفۆرم لە هەر ئایینێکدا لە تێڕوانینی باوەڕدارانی ئەو ئایینەدا پرسێکی ئەستەم و تارادەیەکی زۆریش مەترسیدارە.

بەڵام لە دەرەوەی تێڕوانینی باوەڕدارانەدا، سەرچاوەی بنەما و بەها ئایینییەکان هەرچییەک بن، سروشی خودایی یان پیرۆزی مێژوویی، دواجار لەسەر دەستی مرۆڤ و بەپێی ڕاڤەکانی مرۆڤ بۆ ئەو بنەما و بەهایانە دەچنە بواری پراکتیک و جێبەجێکردنەوە. ئەوە مرۆڤە بەپێی تێگەیشتنی بۆ دەقە ئایینییەکان و بەپێی هەلومەرجی ئەو شوێن

و سەردەمەی کە تیایدا دەژی، بنەما و بەهاکانی ئایینێک دەکاتە شێوازی ژیان و سەرچاوەی ڕەوایەتپێدانی ڕەفتار و دامەزراوە ئایینی و دونیاییەکانی.
لێرەوە، سەرچاوەی هەر ئایینێک گەرچی خوداییش بێت، ئەوا جێبەجێکردنی ئەو ئایینە و پەیڕەوکردنی لەلایەن باوەڕدارانییەوە، کردەیەکی تەواو مرۆیی و سۆسیۆلۆجییە، کە دەشێت بەپێی تێپەڕبوونی کات و بەپێی جیاوازی جێگاکانی پەیڕەوکردنی، ڕا و پێڕەو و دامەزراوە هەنووکییەکانی ئەو ئایینە دووچاری شکست و چەقبەستن و بەسەرچوون ببن. کە ئەوسا یان دەبێت لەبەردەم هاتنی بیروباوەڕ و بەهای نوێدا دەستبەرداری مانەوەی خۆی ببێت، یان دەبێت لەڕێگای ڕیفۆرم و نوێکنردنەوە بۆ ڕاڤە و تێگەیشتنەکانی پێشووی بۆ ئایینەکەی سەرلەنوێ زیندووکردنەوە و بەردەوامی بە ئایینەکەی خۆی بدات.
کەواتە، پرسی ڕیفۆرمی ئایینی، پرسی پێداچوونەوەیە بۆ ڕاڤە و تێگەیشتنەکانی مرۆڤە بۆ بنەما و بەها ئایینییەکان، و پرسی نوێکردنەوەی چۆنێتی جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنیانە لەلایەن مرۆڤەوە، لەپێناو ڕاستکردنەوە و گونجاندنی بەپێی پێداویستە نوێییەکانی ئەو شوێن و سەردەمەی کە تیایدا دەژی.
پەیوەست بە ئایینی ئیسلامیشەوە، جگە لەوەی کە خودی ئایینەکە، خۆی بە درێژەپێدەر و نوێکەرەوەی زۆرێک لە ئایینە ئاسمانییەکانی پێش خۆی دەزانێت، و مژدەی هاتنی تازەگەرێک لەسەرەتای هەر سەدەیەکدا بە باوەڕدارانی خۆی دەدات؛ هاوکات لەماوەی چەندین سەدەی ڕابردووی نزیکدا، چەندین بیرمەند و بزافی ئیسلامی کاریان لەسەر ڕیفۆرم و نوێکردنەوە بۆ هەندێک لە ڕاڤە و دامەزراوە پەیڕەوکراوەکانی ناو باوەڕدارانی ئەم ئایینە خۆی کردووە. خۆ ئەگەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرتاکانی سەدەی بیستدا، لاوازبوونی دامەزراوەی سیاسی ئایینی ئەوسا (خیلافەتی عوسمانی) و بەرەنگاربوونەوەی ستەمی ئیستیعمار و بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی بەلێشاوی مۆدێرنە لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، هۆکارەکانی پشت دەرکەوتنی تێزەکانی (تەهتاوی و ئەفغانی و عەبدە و محەممەد ڕەشید ڕەزا) بووبن، ئەوا لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرتاکانی سەدەی بیستویەکدا، تاوسەندنی توندڕەوی و تیرۆری ئایینی لە جیهاندا، شکست و ستەمی هەندێک لە ڕژێمە ئایینییە بەرکارەکان لە ناوچەکەدا، بەرکەوتنی کۆمەڵگا موسوڵمانەکان لەگەڵ شەپۆلە خێراکانی شۆڕشی زانیارییەکان و تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا، سەرچاوەی ڕەوایەتی وەرگرتنی گۆتارە ئیسلامییە ڕیفۆرمخوازەکانی ئێستان. لێرەوە شرۆڤەکردن بۆ پرسی ڕیفۆرمی ئایینی خۆی، و تێگەیشتن لە تێز و گوتارە ڕیفۆرمخوازە دێرین و نوێیاکان، و شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ئاکامەکانی ئایندەیان، یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری ئایینناسی.

# توێژینەوەکان

ئایینناسی

# حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان و پرسی نوێگەری

مەولود باوەموراد

**پێشەکی**

بابەتی نوێگەریی و بەدەسنیشانکراوی نوێبوونەوەی سیاسی لە کار و جوڵەی حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا پێویستییەکی ژیانی و مەنهەجیە، لەلایەك گۆڕانە هەمیشەیی و نەبڕاوەکەی دیاردەی سیاسەت دەیسەپێنێ، لەلای دووەمەوە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پێویستییەکانی گۆڕانکاری ژیانی کۆمەڵگە دەیانهێنێتە پێشەوە و پرسی نوێبوونەوە دەکاتە زەرورەتی واقیعەکە، لەلای سێهەمەوە هەبوونی ئیرادەی نوێگەریی و نوێکردنەوەی کایەکانی ژیان، گوزارشتە لە کارایی و زیندویەتی و ڕۆحیەتی بەردەوامی و ئایندەگەریی و پەرەپێدانی کۆمەڵگە.

دەستپێکی ئەم بابەتە بە تیشك خستنەسەر مانا زاراوەیی و دەلالەتەکانی چەمکی نوێبوونەوە و پێناسەکردنی لە دید و بۆچوونە جیاوازە فیکری و کولتوورییەکانەوە دەست پێ دەکەین، لەگەڵ ئاماژەکردن بە بنەڕەتسازی (تأصیل) ئەم چەمکە لەسەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئیسلامدا، هۆکاری ئاڵۆزی دەلالەت و جێکەوتە جیاوازەکانی لەسەر فیکر و تێگەشتنی گشتی دەخەینە ڕوو. لەگەڵ ئاماژەکردنێکی خێرا بە خەسڵەتەکانی چەمکی سیاسەت و پێناسەکردنی لەدیدی پسپۆڕانی بوارەکەوە، ڕۆڵی ئەم چەمکە لە هەردوو لایەنی فیکری و کردەییەوە، وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ بەردەوامکردنی کار و چالاکی حزب و کۆمەڵە سیاسییەکان لەدۆخە گۆڕاوەکاندا.

لەم بابەتەدا بە ئاماژەکردن بە واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان و خوێندنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان، پرسی نوێکردنەوەی سیاسی لە بواری فیکری و ڕێکخراوەییاندا دەخەینە بەرباس.

لە بەشەکانی کۆتاییدا ئاماژە بە هۆکارەکانی لاوازی و بێڕەنگی پرسی نوێگەریی سیاسی لە فیکر و ئامرازی کار و جوڵە و پرۆژەی سیاسی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان بەگشتی و هەرێم دەکەین، لە دوا وێسگەشدا بە ئاماژەیەکی کورت، دۆسیەی ئەو بابەتانە بەسەر دەکەینەوە کە بوونەتە سەنتەری مشتومڕی پرسی نوێکردنەوەی سیاسی لە جووڵانەوەی ئیسلامیدا.

**چەمکی نوێبوونەوە، ئاڵۆزی پێناسە**

نوێ و نوێبوونەوە بەمانا زەمەنییەکەی واتە لە ئێستادابوون و هاوچەرخبوون، وەك گوزارشتێك بۆ ئەو کاتەی کۆمەڵگە و تاکەکانی تێیدا دەژی بە هەموو دوراییەکانییەوە.

چەمکی نوێبوونەوە و پرسی نوێگەریی (التجدید) زاراوەیەکی سەرنجڕاکێش و پەسەند و مایەی ڕاڵێبوونە، لەگشت کایەکانی بەکارهێنانیدا، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤ بەسروشتی خۆی مەیل و ئارەزووی بەلای هەرشتێکی نوێدایە، بەمانای تازەی جێگرەوەی کۆن و بەسەرچوو، لە هەمان کاتدا لە مانا سەردەمیەکەیدا نوێبوونەوە چەمکێکی مشتومڕخێز و ئیشکالیەتئامێزە، جێگەی هەرا و دەمەقاڵێ و جیاوازی و بەریەککەوتنی فیکری و مەعریفییە، لانی کەم لە ناوەندە ڕۆشنبیری و فیکرییەکەی جیهانی ئیسلامیدا.

چەمکی نوێگەریی و نوێبوونەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە، کە دەربڕی ئارەزو و ئیرادەیەکە، بۆ بەرهەمهێنان و داهێنانی نوێ، بە نوێکردنەوەی فەزای ژیان لە ڕەهەندە جیاوازەکانیدا، و پاڵنانی ڕەوڕەوەی ژیان بەرەو پێشەوە، بەمەبەستی بەجێهێشتنی دۆخە بەسەرچووەکانی ناو ژیان، کە لێکەوتەی هەمەجۆر لەسەر ژیان و ڕەوتی شارستانییەتی مرۆڤایەتی دادەنێت.

نوێبوونەوە بەم مانایە جیاوازییەکی قووڵ و ڕیشەیی هەیە، لەگەڵ حەز و شوێنکەوتنی مۆدێلگەرایی، و عەوداڵبوونی هەموو تازەیەک، و خۆگۆڕین لەگەڵ هەموو مۆد و باوێکی تازەدا و بە کۆن دانانی هەمووشتی باش و بەکەڵکی دوێنێ نزیکدا.

نوێبوونەوە، چەمکێکی فیکری و ژیاری خوازراوە، هەموو کەس و کۆمەڵە و حزب و ئایدیۆلۆژیایەك بە شانازیەوە خۆیان دەدەنە پاڵی و بانگەشەی نوێبوونەوەی خۆیان و کۆمەڵگە و ژیان دەکەن، لە هەمان کاتدا ئاڵوز و تەمومژاویە، لەگەڵ هەبوونی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەگەلێکی فراوان دەربارەی چیەتی و دەلالەت و ڕۆڵ و میتۆدی مامەڵە لەگەڵ کردنیدا، هێشتا ئاڵۆزی چەمکەکەی یەکلا نەکردووەتەوە، لەبەر زۆر هۆ، لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێکیان دەکەین:(١)

١- نوێگەری لە بنەڕەتدا لە ڕیزبەندی بابەتە بەهاییەکانە -قیەمیەکان- هەموو

ئاڕاستە و تەوژم و ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری خۆی وا دەخاتە ڕوو، کە ئەنجامدانی پرۆسەی نوێبوونەوەی لەئەستۆ گرتووە، بە جۆرێك تەنانەت چەقبەستوترین و کۆنسێرڤەتیترین ڕەوت و تەوژمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بانگەشەی نوێبوونەوە بکەن.

٢-پرسی نوێبوونەوە بە ئیمتیاز سروشتێکی فیکری و لە هەمان کاتدا ئینسانی گشتی هەیە، هیچ کۆمەڵگەیەك خاڵی نییە لە جۆرە وێناکردنێکی ئەم پرۆسەیە، بەتایبەت لە سەردەمی هەڵکشانی ئایدیۆلۆژیا و باوەڕە فیکری و سیاسییەکاندا، هەر قوتابخانەیەکی فیکری و ڕەوتێکی فەلسەفی بەشێکی چالاکییەکانی تایبەت دەکرد بە لێکۆڵینەوەی بابەتی نوێبوونەوە.

٣- بەشداری زۆرێك لەو چەمك و زاراوانەی کە لە مانای گشتییاندا ئاوێتە دەبن لەگەڵ مانا و دەلالەتەکانی چەمکی نوێبوونەوەدا، بەهۆی ئەوەی هەموو چەمکە هاوواتاکان بەلای مانا و واتای "نوێبوونەوە و تازەبوونەوە"دادەکشێن، ئەم ئاوێتە بوونە دەلالەتیە وادەکات بەردەوام ئەو دیاردانەی ئەم چەمکە گوزارشتی لێ دەکەن، بە ئاڵۆزی بمێننەوە. لەو چەمکانەی هاوواتا و هاودەلالەتیان لەگەڵ چەمکی نوێبوونەوەدا هەیە: مۆدێرنێتە، هاوچەرخی، ڕۆشنگەری، ئیسلاح، بوژاندنەوە، پەرەسەند، ڕابوون، و ... هتد.

بۆ بواردنی بەشێك لەم ئاڵۆزییە، پێویستە لێکۆڵینەوە لە چەمکی نوێبوونەوە بە پرسیارەکانی (بۆچی) واتە هۆی ئەنجامدانی چیە؟ و (لەبەرچی) واتە ئەنجامدانی بۆ چ مەبەستێکە؟ (چۆن) واتە بە چ میتۆد و ڕێگە و ئامراژێك ئەنجام دەدرێت؟ بەم پرسیارانە لەلایەن لێکۆڵەرەوە چەمکی نوێبوونەوە، هەڵاوێر دەبێت، لەو چەمکانەی نزیکی مانا و هاودەلالەتیان لەگەڵی هەیە و خاوێن دەبێتەوە، لەلای دووەمەوە سنوورە مەعریفییەکانی چەمکی نوێبوونەوە دەسنیشان دەکات و لە چەمکەکانی تری جیا دەکاتەوە.

## چەند سەرنجێکی پێویست لەپرسی نوێوونەوەدا

لە قسەکردن سەبارەت بە پرسی نوێبوونەوە، پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی پەیوەست بە پرۆسەی نوێبوونەوە بکرێت: یەکەم: پرسی جیاکردنەوە وجیاوازیکردن لەنێوان چەمکی (دین ) و (دینداریدا) (الدين والتدين) لەو بابەتە هەستیارانەیە کە زۆرترین ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەی لێ دەکەوێتەوە، دەکرێ بەپشتبەستن بە پێناسەی دین و ئاماژە بۆ دینداری بەمانا فراوانەکەی پرسەکە ڕوون بکرێتەوە، زانایانی شەریعەت و پسپۆڕانی ئایینناسی لەپێناسەی ئاییندا کۆکن لەسەرئەوەی، کە دین: ئەو پەیام و ڕێسا خوداییانەیە، کە پێغەمبەران بۆ گەیاندنی بە مرۆڤەکان

ڕادەسپێرێن، بە مەبەستی ڕێنماییکردنی خەڵك بەرەو عەقیدەی ڕاست و مامەڵەی چاك، بەچوونە ناو پەرژینی ئەو ڕێسایانە و سەرلەبەربوونی فەرمان و نەهیەکانی، بەختەوەری دنیا و دواڕۆژ بەدەست دەهێنن.(٢) لە پێناسە بڵاوەکانی عورفی زانایانی شەرعناسدا، ئایین: گوێڕایەڵی و سەرلەبەریی ئازادانەی مرۆڤە، بۆ ڕێسا نێردراوەکانی عەقیدە و ئەخلاق و خوداپەرەستی و مامەڵەکردنی ژیان لەلایەن خوداوە، بەجۆرێك کۆی قەوارەی بوونی بگرێتەوە، بەمەبەستی چاك ژیان لە دنیا و سەرفەرابوون لە ڕۆژی دوایی، بەم مانایە ئایین وێناکردنێکی گشتی و ڕەها و باڵایە، بواری گۆڕینی لەلایەن کۆمەڵگەوە تێدا نییە(٣).

بەم مانایە نوێگەریی لەدیندا دەکاتە پرۆسەیەکی عەقڵی مرۆڤە شەرعزان و بیرمەند و خاوەن عەقڵە داهێنەرەکان، بۆ دەستخستنی دەلالەتی نوێ و تێگەشتن و ڕاڤەی نوێ، بە سەرنجدان و تێگەشتن لە پرس و پێویستییەکانی واقیعی ژیانی کۆمەڵگە و تاکەکانی، بەمەبەستی ڕێکخستنی مومارەسەی ژیان لەگەڵ ڕێساکانی دین و فەرمانەکانیدا، لە قۆناغە مێژوویە جیاوازەکاندا، نەك نوێکردنەوەی خودی (دین) وەك دەقی خودایی کۆتایی هاتوو، بە زیاد و کەمکردنی، نوێبوونەوە بەرهەمی عەقڵ و تێگەشتنی مرۆڤە لەکات و شوێن و دۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیدا، بەشێکە لە مێژووی کولتووری زانست و مەعریفەی ئیسلامیی، لەگەڵ هەموو بەهایەکی سیمبولی و زانستی و فێرکاریدا، پیرۆز و پارێزراو لە ڕەخنە و گۆڕین و ڕەتکردنەوە نییە.

دووەم: کۆمەڵگەی جیهانی لە ئێستادا، لە سەردەمی قۆناغی چوارەمی شۆڕشی پیشەسازیدا دەژی، کە بە شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی ناسراوە، مرۆڤایەتی خستووەتە بەردەم گۆڕانێکی خێرا و شۆکهێنەرەوە، کە بەهۆیەوە زۆرێك لە شتە مادی و مەعنەوییەکانی ژیان، ئامڕازەکانی زانست و زانیاری و مەعریفە و کایەی بیروڕا و بینینی شتەکان و جوڵە و ڕەفتاری مرۆڤەکانی بەتوندی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، مرۆڤایەتی لەدیمەنی کۆمەڵێك پارادۆکسی بازدانێکی بێ پێشنییەدا دەژی، سیاسەتکردن و شەڕ و ئاشتی و پەیوەندی و دابڕان، تایبەتمەندی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بوون، لە هەمان کاتدا ئاوێتەی لەجیهاندا بوونە، تەنیابوونی مرۆڤ و لە هەموو جیهاندا بوونی، نەمانی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ و پاراستنی نهێنی و پەنهانکردنی زانیاری لەلایەك و بەدەسهێنانی بەلێشاوی زانیاری، سات بەساتبوونی ڕووداو و پێشهاتەکان لەسەر ئاستی جیهان و بەجیهانیبوونی سیاسەت، مرۆڤی سەردەم، لە ژیانی مەجازی تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، جێگەیەکی تری بۆ پێکەوەژیان و ئاڵوگۆڕی بیر و ئەندێشەکانی و ئەزمونکردنی ژیان هەیە، کە کاردانەوە

و وەرگـرتـن و پێدانی تێدا ڕوودەدات، كاریگەری بەسەر ژیانی واقیعییەوە بەجێ دەهێڵێت، لـەبـەردەم ئـەم گۆڕانـە خێرا و مـەزنـەدا، كـە نـەمانی یـەقین بـەسـەر شتەكاندا زاڵـە، وەك "پۆڵا ڤێریلیۆ" وای بۆدەچێت: ئایا مرۆڤایەتی بەر مەترسی هەستانی قیامەتی ڕۆشنبیری دەكەوێت؟ یان هـەڵـوەشـانـەوەی كات و شـوێن؟(٤) هـەمـوو ئـەمـانـە و داهـاتـووی پێـشـبـینی نەكراوی تریش، پرۆسـەی خۆپاراستن و دەستگرتن بـە تایبەتمەندی و سیفەتە كـەسـیـیـەكانی تـاك و كـۆمـەڵـگـەوە و پاراستنی شوناس و كولتوور و خەسڵەتە مێژوویـی و سـروشـتـیـیـەكانی گـەلان و ئـایـیـنـەكانی خـسـتـووەتـە بـەر مـەتـرسی لەبەریەكهەڵوەشان و شێوانی ئاڕاستە، ڕەوتـی نـوێـبـوونـەوەش یـەكـێـكـە لـەو پرسانەی لەبەردەم هەمان قەیراندایە.

## بـنـەڕەتـسـازی و پێـنـاسـەی چـەمكی نوێبوونەوە

مێژووی دەركـەوتنی چەمكی نوێبوونەوە و بەكارهێنان و گفتوگۆ لـەسـەركردنی وەك پرسێكی مەعریفی، هاوكاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و سەردەمی پێـغـەمـبـەر محـەمـەد (درودی خـوای لـەسـەر) بەگوێرەی ئـەو فـەرموودەیـەی كـە "ئـەبـوداود" لـە "ئـەبـوهـورەیـرە"وە گێڕاویەتەوە، كە پێغەمبەر (درودی خوای لـەسـەر بێـت) فـەرمویەتی: (إن الله يبعث لهذه الامة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها.)(٥) واتـە: خـودا لـەسـەری هـەر سـەد سـاڵێكدا كـەسێك دەنێرێت بۆ ئـەم ئوممەتە كە دینەكەی بۆ نوێ بكاتەوە.

**نوێبوونەوە بەمانا زەمەنییەكەی واتە لە ئێستادابوون و هاوچەرخبوون، وەك گوزارشتێك بۆ ئەو كاتەی كۆمەڵگە و تاكەكانی تێیدا دەژی بە هەموو دوراییەكانییەوە**

ئـەم فـەرمـوودەیـە ئـامـاژەی گـومـانبڕی ئـەو ڕاسـتـیـیـەیـە كـە پـرسی نـوێـبـوونـەوە و چـەمكی نـوێـگـەریی لـە كـۆمـەڵـگـەی ئیـسلامیـدا شـەرعـیـەتی لـە سـەرچـاوەی بنـەڕەتی دینـەوە وەرگـرتـووە و بـەشێكە لە فـەرهـەنـگ و مـەعـریـفـە و زانـستی دین لە كۆمەڵگەی ئیسلامیدا، وەك ئامڕازی داهێـنانی مانـا و دەلالـەت و تێـگـەشـتنی نـوێ لـە سـەرچـاوەكـانـی دیـن لـەگـەڵ تێپەڕبوونی كاتدا، لەلایەك بە مەبەستی هـەمیـشـە نـوێـبـوونی دیـن و ئـامـادەیی بـەردەوامی لـەگـەڵ ئـەو گـۆڕانكاریـیانـەی پرس و پێویستییەكان دەیهێننـە ئـاراوە، لەلای دووەمەوە بۆ وەڵامدانەوەی دراوە نوێ و دیاردە شرۆڤە نەكراوەكان و پرسە پێناسـەنـەكـراوەكان و پرسیـارە تازەكانی ناو كایەكانی ژیـان، لـەڕێگەی سـەرلـەنـوێ هێـنـانـەوەی زمـانی دەقـە پیرۆزەكـانـەوە،

بەمەش یەکێك لە ئەرکە جەوهەرییەکانی پرۆسەی نوێبوونەوە، کە پاراستنی دەقەکانی دینە لە بەسەرچوون و بەردەوامکردنی کاریگەری و بە زیندویەتی مانەوەیەتی، لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا و تێپەڕاندنی دیاردەی کۆنبوون و لەکەڵککەوتنی.

لێرەوە وشەی نوێکردنەوە و پرسی نوێگەریی (التجدید) بووە یەکێك لە وشە باو و ناسراوەکانی ناو سەرچاوە مەعریفی و زانستییەکانی مێژووی کولتووری ئیسلام، لە بیر و فەرهەنگی ئیسلامدا ئامادەییەکی بەرچاوی هەبووە، وەك ئامرازێکی پرۆسەی ئیجتیهاد.

بەهەمانشێوە وشەی نوێگەری و نوێبوونەوە لە مێژووی کولتووری زانست و مەعریفەی ئیسلامیدا، بووە نازناوی ئەو زانا و بیرمەند و موجتەهیدانەی، ڕۆڵی دیار و دانپێدانراویان هەبووە لە بەرهەمهێنانی تێگەشتن و بۆچوون و وێناکردنی نوێ و جیاواز لەدۆخی باو، لەسەرچاوەکانی قورئان و فەرموودەی سەحیحەوە، بە مەبەستی تێپەڕاندنی تەقلیدکردنی ئەوەی هەیە، بۆ پەیڕەوکردنی ئەو نوێیەی کە زەرورە هەبێت، بەمەش پرۆسەی نوێبوونەوە بەمانای خستنەڕوی ئەڵتەرناتیڤی شێوازی مامەڵکردن لەگەڵ دۆخە نوێکان و پێویستییەکانی کۆمەڵگەدایە لەبازنە فراوانەکەی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئیسلامدا.

لەم سۆنگەوە گرنگە بۆ هەموو ئەوانەی بایەخ بە پێویستبوونی پرسی نوێبوونەوە دەدەن، درکی ئەوە بکەن کە پرسی نوێگەریی پرسێکی لابەلایی و کەم بایەخ نییە، کە دین و ژیان و دۆخی کۆمەڵگە و ڕێڕەوی مێژوویی پەیامی ئاسمان، ناتوانێت بەبێ ئەو لە پێشەوایدا بەردەوام بێت.(٦)

زۆرێك لە زانایانی زانستە ئیسلامییەکانی وەك: زانستی عەقیدە، کەلام، زانستی فیقهـ، زانستی ئوسوڵی فیقهـ، زانستی قورئان و تەفسیر، زانستی فەرموودەناسی و ڕاڤەی فەرمووده، زانستی تەزکیە و ئەخلاق، زانستی مێژوو، زانستی بانگخوازی، زانستی جوگرافیا و ... هتد، بە نوێگەرەوە ناوزەد کراون، وەك ئیمامی شافیعی، ئیمامی غەزالی و زۆری تریش، هەروەك لەسەردەمی نوێشدا زۆرێك لە ئەندامان و لایەنگران و هەوادارانی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین (حەسەن بەننا) و شوێنکەوتوانی (محەممەد عەبدولوەهاب) بەئیمامی موجەدەد ناوزەد دەکەن.

**پێناسەی چەمکی نوێگەریی**

نوێبوونەوە پرۆسەیەکی قورس و سەنگینە، لە سەرەتای ئیسلامدا ئەرکی دۆزینەوەی ڕێڕەوەکانی نوێکردنەوەی دینی لە ئەستۆ گرتبوو، لەسەردەمی ئێستاشدا ئەرکی خاوێنکردنەوە و ڕزگارکردنی دینە، لەوەی بۆی زیاکراوە و پێوەی لکێنراوە، وەك لەپێناسەکاندا ئاماژەی بۆ دەکەین.

لە کۆبینی گشتیدا پرۆسەی نوێبوونەوە بەرهەمی تێڕامان و بیرکردنەوەی عەقڵی مرۆڤەکانە، لە مامەڵەکردن و کارلێکی هەمیشەییان لەگەڵ دیاردە و دراوەکانی واقیعی ژیان و گۆڕانکارییەکانیدا، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی دید و بۆچوونێکی نوێ، بۆ وەڵامدانەوەی پرس و پێویستییەکی دەسنیشانکراوی ژیانی کۆمەڵگە، یان وەڵامدانەوەی پرسیارە نوێکانی ژیان، یان بۆ بەردەوامکردنی خودی پرۆسەی نوێکردنەوە و پەرەپێدانی دید و فیکری نوێ و کردنەوەی ئاسۆکان لەبەردەم پرسەکانی داهاتوودا.

سەرەتای پێناسەی نوێبوونەوە بە پێناسەیەکی مێژویی دەست پێ دەکەین، زانای موجتەهید و فەرمووەدەناس (محەممەد عەبدولڕەئوف ئەلمەناوی ٩٥٢هـ-١٠٣١القاهرە) لە بەرگی دووەمی کتێبی (فەیزولقەدیر)دا لە ڕاڤەکردنی فەرموودەی نوێکردنەوەدا، بەمشێوە پیناسەی نوێبوونەوە دەکات: (یجدد لها دینها)، واتە: میانەی نێوان سوننەت و بیدعەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، زانست بڵاو دەکاتەوە، پشتیوانی ئەهلی زانست دەکات، بیدعەچیان تێکدەشکێنێ و سەرشۆڕیان دەکات.(٧)

کەسایەتی زانا و ڕۆشنبیر و سیاسی (محەممەد ڕەشید ڕەزا ١٨٦٥-١٩٣٥) خاوەنی تەفسیری مەنار و هاوبیر و هاوکاری ڕێبەرانی بزووتنەوەی ئیسلاحگەری سەدەی نۆزدە، بەڕێبەرایەتی (جەمالەدینی ئەفغانی) و یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی (عوسمانی بۆ لامەرکەزیەتی ئیداری) لە قاهیرە ساڵی ١٩١٢، لە پێناسەی نوێبوونەوەدا، دەڵێت: (مەبەست لە نوێکردنەوەی دین 'ئیسلام' نوێکردنەوەی هیدایەتی دینە، ڕوونکردنەوەی ڕاستی و شایستەتربوونییەتی، ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوشتانەیە ڕوو لە شوێنکەوتوانی دەکات، لە بیدعە و پەرگیری تێیدا، یان ساردبوونەوە لە جێبەجێکردنی، و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و سوننەتەکانی گردبوونەوە خەڵك و ئاوەدانی لە شەریعەتەکەیدا.)(٨)

**نوێبوونەوە، چەمکێکی فیکری و ژیاری خوازراوە، هەمووکەس و کۆمەڵە و حزب و ئایدیۆلۆژیایەك بە شانازیەوە خۆیان دەدەنە پاڵی و بانگەشەی نوێبوونەوەی خۆیان و کۆمەڵگە وژیان دەکەن**

هەرچی (دکتۆر یوسف قەرزاویە) پێناسەی نوێبوونەوەی بەمشێوە کردووە: (نوێکردنەوەی شتێك هەوڵی گێڕانەوەیەتی بۆ دۆخی کاتی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی، بەجۆرێك لەگەڵ کۆنیدا، وەك تازە دەربکەوێت، ئەویش لەڕێگەی توندوتۆڵکردنەوەی ئەو ڕەگەز

و بابەتانەی پوکاونەتەوە، تەرمیمکردنی ئەو بەشانەی ڕزیون، پێکەوە بەستنەوەی ئەوەی لێکترازاوە، بۆ ئەوەی بگەڕێنرێتەوە بۆ وێنەیەکی نزیك لە وێنەی یەکەمجاری). لە ڕوونکردنەوەی زیاتری پێناسەکەیدا دەڵێت: (نوێکردنەوە بەمانای خستنەڕووی چاپێکی نوێ لەدین نییە، بەڵکو گێڕاندنەوەی دینە بۆ ئەو شێوەی کە لەسەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و هاوەڵانی و شوێنکەوتوانیان بەچاکە هەبووە، بەرلەوەی بیدعەی بیدعەچیانی تێکەڵ بێت و تەنگکردنەوەی توندەڕەوان، لاڕێبوونی لادەران، تەئویلی نەفامان و تووشی دەردی شێواندن بێت کە پێشتر فیرقە و ڕەوتەکانی ناو ئیسلام کردیان.(٩) دەربارەی کایەکانی نوێکردنەوە، دەڵێت: (نوێکردنەوەی دین- ئیسلام- بەدەق جێگیر کراوە، لایەنەکانی فیکری و ڕۆحی و کردەیی دەگرێتەوە، ئەمە ئەو لایەن و بوارانەن، کە ئایینی ئیسلام دەیانگرێتەخۆی، زانست، باوەڕ، کردەوە.)(١٠)

لەو بیرمەند و نووسەرانەی، بایەخەیان بە بابەتی نوێگەریی داوە (دکتۆر عەبدولجەبار ڕوفاعیە)، کە بەپێناسەیەکی زاراوەیی چەکمی نوێگەری دەست پێ دەکات و دەڵێت: (نوێبوونەوە لە فەرهەنگی زاراوەکانی زمانی عەرەبیدا بەمشێوەیە هاتووە "هێنانە ئارای شتێکە باو و بڵاو نەبێت، وەك داهێنانی بابەتگەلێك، یان شێوازگەلێك لەبابەت و شێوازە زانراو و کۆدەنگی لەسەربووەکان بەدەر بێت". مەبەستم لە نوێکردنەوە، نوێکردنەوەی تێگەشتنە لە دین، دەستنیشانکردنی وەزیفە خولگەییەکەی- میحوەریی- دینە لە ژیاندا و بیناکردنەوەی میتۆدەکانی تەفسیری قورئانی پیرۆز و دەقەکانی دینە، بیناکردنەوەی زانست و مەعریفەکانی دینە، لەبەر ڕۆشنایی زانستە مرۆییەکان و جۆرەکانی تری زانستی نوێدا.)(١١). لەشرۆڤەی ناوەخنی پێناسەکەیدا ئاماژە بە کاریگەری ئەو زانستە ئیسلامییە کۆنانە دەکات، کە ساڵانێکی زۆرە دەستی نوێکردنەوەیان پێگەیشتووە و کاریگەری هەمەلایەنە لەسەر تێگەشن و وێناکردنمان بۆ جیهان و هەڵوێستمان لە ئێستا و ڕابردوو دەخەملێنێ، دەڵێت: زانستی فیقهـ و ئوسوڵی فیقهی کۆن و زانستی کەلامی کۆن و ڕێساکانی تەفسیر و زانستی کۆنی قورئان و فەرموودە و دەقەکانی دین، ئەوجۆرە تێگەشتنەمان بەسەردا زاڵ دەکەن، کە بەم کۆنییەوە بەرهەمی دەهێنن و لەبەر ڕۆشناییاندا وێناکردنمان بۆ جیهان فۆرمەڵە دەبێت، کاریگەریان کەم نییە لەسەر ئاڕاستەکردنی ڕەفتارمان و دەسنیشانکردنی هەڵوێستمان بەرامبەر ڕابردوو و ئێستا.

نووسەر و بیرمەند (عومەر عوبیەید حەسەنە) پێناسەی نوێبوونەوە بەم شێوە دەخاتەڕو: (تێگەشتنێکی نوێی ڕاستەڕێیە- القویم- بۆ دەق، تێگەشتنێك ڕێنمایی تاکی

موسڵمان بکات، بۆ چارەسەری گرفت و پرسەکانی ئەو واقیعەی تێیدا دەژی لە هەموو سەردەمێکدا.... نوێکردنەوە مانای هەڵوشاندنەوە و گۆڕینی ئایەتەکانی قورئان نییە، گۆڕینی دەقەکانی سوننەت نییە، بەڵکو مانای گەڕانەوەیە بۆ وەرگرتن لە سەرچاوەی یەکەم و گەڕانەوە بۆ ڕێگا ڕاستەکەی.) (١٢)

## پرسی جیاکردنەوە وجیاوازیکردن لەنێوان چەمکی (دین ) و (دینداریدا) (الدين والتدين) لەو بابەتە هەستیارانەیە کە زۆرترین ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەی لێ دەکەوێتەوە

ڕێبەری ناسراوی جووڵانەوەی ئیسلامی پاکستانی (ئەبو ئەعلای مەودودی) لەبارەی پرسی نوێکردنەوەوە، دەڵێت: پاڵفتەکردنی ئیسلامە لە هەموو بەشێك لەبەشەکانی نەفامی، پاشان کارکردنە لەسەر بوژاندنەوەی بەخاوێنی و پوختی، بەگوێرەی توانا.)(١٣)

دواجار چەمکی نوێگەری و نوێبوونەوە، زاراوەیەکی ڕەسەنی ئیسلامییە و دەست لێ هەگرتنی بۆ زاوەی هاوواتا و نزیك لە مانا و دەلالەتەکانی، پچڕانێك لە مەرجەعیەتی ئیسلامیی چەمك و پرۆسەکەی دروست دەکات، ئەگەرچی لە ئێستادا کێشەی مەنهەجیەت و کایەی ئیش لەسەرکردن و ئامادەیی زانستی و مەعریفی، کاراکردنی ئەم چەمکەی پەککخستووە..

### سەرنج و تێبینی لەسەرکۆی پێناسەکان

١- جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەرکی بنەڕەتی پرۆسەی نوێکردنەوە ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی بیدعە و بیدعەچیانە، لابردنی زیادەی هێنراو و جاهیلیەتی لکێنراو بە ئیسلامەوە، گێڕانەوەیەتی بۆ سەرەتا خاوێنەکەی سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و هاوەڵانی، وەك ئەوەی کومت لە ئەسڵەکەی خۆی بچێت، وەك کاتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی.

٢- نوێبوونەوە لە هیچەوە دەست پێ ناکات، بەم تێگەشتنە نوێبوونەوە داهێنان نییە، بەڵکو کارکردنی عەقڵ و تێفکرینی زانایانی موسڵمانە بۆ بەرهەمهێنانی تێگەشتنی نوێ لە سەرچاوەکانی دەقی قورئان و فەرموودە و زانستەکانی مێژووی کولتووری ئیسلامی لەبوارە جیاجیاکانیدا، لەو کات و شوێنە جیاوازانەی واقیعی کۆمەڵگەدا دەیخوازێت.

٣- جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی نوێکردنەوە لەخودی ئیسلامدا بەمانای گۆڕین و زیادکردن و سڕینەوەی دەقەکانی وەك ئەوەی ئایینێکی جیاواز بێت ناکرێت و ڕێگە پێنەدراوە، دەبێت میانەی نێوان ئایین و تێگەشتن و ئیجتیهاد لە دەقی پیرۆزی دیندا پارێزراو بێت.

٤- پێداگری لەسەر نوێکردنەوەی هیدایەتی دین، بەمانای نوێکردنەوەی شێواز و ئامراز و ڕێگاکانی بانگەواز و بەسەردەمیکردنی، بە مەبەستی ئەوەی بێداری ئیسلامی (صحـــوە) توانای گرتنەخۆی خەڵکی سەردەمەکەی هەبێت.

٥- هیچکام لە پێناسەکان دور و نزیك ئاماژەیان بە نوێکردنەوەی فیکری و سیاسی و نوێگەریی ژیاری و نەکردووە کە تەوەرەی سەرەکی کێشەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانن.

**سیاسەت و نوێکردنەوەی سیاسی لە بواری حزبە سیاسییەکاندا**

مـــرۆڤ و سـیـاسـەت دوانـەیـەکی لێکدانەبڕاون، سیاسەت پرسێکی گشتگیر و هەستیار و مەترسیدارە فرەنمایش بووە، دیاردەی سیاسەت لە گشتگیربوونیدا، سروشتی بزوێنەری شەمەندەفەری هەیە، کە هەموو فارغۆنەکان بەدوای خۆیدا کێش دەکات، بەهەمانشێوە سیاسەتیش هەموو کایەکانی تری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و دامەزراوەکانی بازرگانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە ئەگەر بەهۆی پرۆسەی نوێکردنەوەوە دۆخێکی سیاسی گەشەکردوو و پەرەسەندوی نوێ هاتەئاراوە، ئەوا کایەکان و سێکتەرەکانی تری کۆی ژیانی ئینسانەکان و کۆمەڵگە باش دەبێت.(١٤)

لە ئاماژەکردنیدا بۆ مەترسیداربوونی سیاسەت (ڕۆبێرت. أ .دال) دەڵێت: لەم ڕۆژگارەدا ئەوە بووەتە ڕاستییەکی ڕوون، کە چارەنووسی ژیان و بوونی ڕەگەزی مرۆڤ ئەگەر بەرەو فەنابوون و وێرانبوون بڕوات، یان بەرەو مانەوە و گەشەکردن، ئەوە سیاسەت و سیاسییەکانن، ئەوە دەسنیشان دەکەن، لەمیانەی دارشتنی ئەو تەرتیباتە سیاسییەی بۆ کۆمەڵگەی دادەڕێـــژن.(١٥) لێرەوە بیرهێنانەوەی مانا و دەلالەتەکانی ناوەرۆکی چەمکی سیاسەت، لە گفتوگۆکردنی نوێگەری و نوێبوونەوەی سیاسیدا، پێویستییەکی سەرەکی بابەتەکەیە.

سیاسەت وەك (دیـــاردە) گـــوزارشتی لێدەکرێت، بەخەسڵەتی هەمیشە گۆڕان و باری جیاوازی بەردەوام دەناسرێتەوە، بۆ فراوانتر تێگەشتن لە چەمکەکە و دەسنیشانکردنی کایە و سنوورەکانی کارکردنی، ئەم پێناسەیەی خوارەوە هەڵدەبژێرین:

سیاسەت چالاکییەکی مرۆییە، هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە کە بایەخ بەڕێکخستنی کۆمەڵگە و هێنانەدی و پشتگیری یەکپارچەیی دەکەن، لەگەڵ دامەزراندنی دامودەزگاکانی پەیکەری دەوڵــــەت، کە لە مومارەسەکردنی دەســەڵاتـدا پشتی پێ دەبەستێت، سەرباری ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و گونجاندنی بەرژەوەندییەکان و دەرکردنی ئەو یاسا و ڕێسایانەی، کە

بۆ پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییان پشتیان پێدەبەستێت، هەروەها گۆڕین و پەرەپێدانی هەموو ئەمانە بەگوێرەی ئەو ئاڵوگۆڕەی لەکات و شوێندا ڕوودەدات، بەشێوەیەك كە ئاسایش و هاوسەنگی و پێکەوەژیان لە نێوان تاك و کۆمەڵە و گرووپەکانی کۆمەڵگەدا مسۆگەر بکات، بەمەبەستی هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە سیاسەت دەخوازێت بەدەستیان بهێنێت.(١٦)

درککردنی پەیوەندییەکانی دیاردەی سیاسەت، کە سەنتەری هێز و دەسەڵاتە و سەکۆی ململانێی گرتنەدەستی حوکمڕانی و نفوزە، کایەی دەرکردنی ئەو بڕیارە گشتیانەیە کە پەیوەستن بە ژیانی هاووڵاتییانەوە، هۆشیارییەکی پێویستە بۆ بکەری سیاسی یان نوخبەی سیاسی، کە بریتییە لە دوراییە زیندوو و دینامیکیەکەی کردەی سیاسی.(١٧)

نوێکردنەوەی سیاسی بەدیاریکراوی پرسی ئۆرگانەکانی کاری سیاسییە، کە بەسەر ئەم سێ کەناڵە ڕاستەوخۆیەدا دابەشکراون:

١- حکومەت (بەمانا فراوانەکەی واتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری).

٢- حزب و کۆمەڵە و ڕێکخستنە سیاسییەکان (ئەوانەی لە دەسەڵات بن، یان ئۆپۆزسیۆن، یان یاساغ و نهێنی).

٣- ڕایگشتی، پەیوەست بەکار و ئەرکەکانی دەسەڵات و ڕەفتاری بکەری سیاسییەوە.

حزب و ڕێکخراوی سیاسی، لە ڕیزبەندی دووەمی ئۆرگانەکانی کاری سیاسییە لە کۆمەڵگەدا، پاش دەوڵەت دێتە ئەژمار، وەك ئۆرگانێکی کراوە و ئازادی کار وچالاکی سیاسی هاووڵاتییان لە بەشداری سیاسییاندا.

**نوێگەریی لەدیندا دەکاتە پرۆسەیەکی عەقڵی مرۆڤە شەرعزان و بیرمەند و خاوەن عەقڵە داهێنەرەکان، بۆ دەستخستنی دەلالەتی نوێ و تێگەشتن و ڕاڤەی نوێ**

کەرەسەی یەکەم و سەرەکی خۆڕێکخستن و فۆرمۆڵەبوونی مانابەخش بە حزب و ڕێکخراوی سیاسی، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، بریتییە لەو بیر و ئەندێشە و پرنسیپانەی کە جیهانبینی سیاسی-فەلسەفەی سیاسی- حزب و کۆمەڵەکە پێکدەهێنێت، دەربارەی وێناکردنیان بۆ چۆنێتی ڕێکخستن و ئیدارەی ژیانی سیاسی و سیستمی حوکمڕانی و هێنانەدی بەرژەوەندییە گشتییەکانی تاك و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگە و دەبێتە مادەی سەنتراڵی کۆکردنەوەی هاوبەشی ئەو هاووڵاتییانەی هاوبیروڕا و کۆکن لەسەری، لێرەوە سێگۆشەی هێڵە بنەڕەتیەکانی کار و چالاکی حزب دەسنیشان دەکرێن:

١- پرەنسیپە سیاسییە گشتییەکانی کار و چالاکی.
٢- میکانیزم و ئامرازەکانی کار و چالاکی.
٣- ئامانجەکانی کار و چالاکی.
بەمانایەکی تر دەکاتە: (فیکر+ میکانیزم + ئامانج) ئەم دەبڕینە ڕیزبەندیکراوەی پێکهاتەی حزب، لە پێناسە و شوناسی حزبەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێك هەموو پێناسەکان - بەجیا لە پۆلێنبەندی جۆری حزب- کۆکن لەسەر ئەوەی کە حزب بریتییە: لە ژمارەیەك لە هاووڵاتییان کە کۆمەڵێك بیر و ئەندێشە و بەهای سیاسی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، لە چوارچێوەی ڕێکخستنێدا خۆیان ڕێکدەخەن و هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر دەدەن، بە مەبەستی گرتنەدەستی دەسەڵات.
لەم سۆنگەوە سنوورەکانی نوێگەرایی و نوێبوونەوەی حزب و کۆمەڵەی سیاسی، دەبەسترێنەوە بە ناواخنە فیکری و ئایدیاییەکەی حزب و ئامرازەکانی کار و چالاکی، کە دەبێ پێکەوە هەماهەنگ بن، هاوکات لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کەحزب کار بۆ هێنانەدیان دەکات، ئەمە ناوکە توندوتۆڵەکەی -القرص الصلب- ناو بازنەی پێکهاتەی هەر حزب و کۆمەڵەیەکی سیاسی پێکدەهێنن.
نوێبوونەوەی سیاسی وەك چوارچێوە و پانتایی بۆ بەرهەمهێنانی شێوازێکی نوێی کار و چالاکی سیاسی و خستنەڕووی پارادایمێك لە بیر و دید و ڕوانینی نوێ، بۆ ڕێکخستنەوە و ئیدارەی کاروباری گشتی، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا کردەیەکی مێژوییە، پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوی پرۆژەیەکی نیشتمانی مەزنە کە بەدیهاتنی لەقووڵایی مێژووەوە دەردەکەوێت، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە عەقڵێکی چالاکی دەستەبژێر و توانای تێگەشتن لە واقیعی کۆمەڵگە و ئامرازی زانستی شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی واقیعیانە هەیە، بۆ بینینی ڕاستییەکانی دراوە جێگیر و گۆڕاوەکان و ڕووداو و پێشهاتەکانی هەناوی سیستمی سیاسی، هاوکات لەگەڵ بەردەستبوونی توانا مەعریفییە پێوانەییەکان، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دەسەڵاتەکان و دامەزراوەکانی حوکمڕانی، بە پشتبەستن بە فیکر و پرەنسیپ و بەهاکانی جیهانبینی سیاسی، کە سەرچاوەی داهێنان و خستنەڕوی تێز و پرۆژەی گۆڕانکاریی نوێن، هەبوونی توانا مەعریفیە کردەییەکان، بۆ تێگەشتن و وێناکردنی بوونیادەکانی دامەزراوە باڵاکانی سیستمی سیاسی و ژینگەی بزاوتی سیاسی کۆمەڵگە، بۆیە هەڵگری بیرۆکەی نوێبوونەوەی سیاسی، کەسێك، یان کۆمەڵەیەك بێت، پێویستە، چەند توانا و لێهاتنێکی تیا ڕەچاو بکرێت، لەوانە:
١- نوخبەی سیاسی، ئاماژەیە بۆ کەسانی خاوەن کۆمەڵێك سیفاتی تایبەتی درەوشاوەیی، وەك: بەهرەی سیاسی کەسیی، ئەزموونی سیاسی و پیشەیی، کە لە کەسە ئاساییەکانی تری هەڵاوێر کردبن، بەجۆرێك چەندجار توانایەکی

جیاوازیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوە گەرمەکان و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا لە زۆر قۆناغدا دوبارەبووتەوە، لێهاتنی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئۆرگانە جیاوازەکانی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی کۆمەڵگەیان هەیە، خاوەنی ئەم سیفاتانە دەنگۆی باش و ناوبانگ و سومعەی شایەنی پیاهەڵدان، لەسەر ئاستی کۆمەڵگە لۆکاڵیەکەی بەدەستدەهێنێت.(١٨)

٢- عەقڵیەتی سیاسی، نوێبوونەوەی سیاسی بەبێ تێگەشتن لە جەوهەری کۆمەڵگە و ڕاستیەکانی هەناوی واقیع و توانای مامەڵکردنی بکەری سیاسی لەگەڵ ئەو واقیعەدا، بەمەستی دەستەمۆکردن و ئاڕاستەکردنیان بەئاقاری ئامانجێکی سیاسی دەسنیشانکراودا، سەرکەوتنی لەچارە نانوسرێت.

٣- هۆشیاری سیاسی، دررککردنی مرۆڤە بەوەی لە واقیعی ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیدا هەیە، جۆری ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تری کۆمەڵگەدا، ناسینی دەسەڵاتی سیاسی و پێکهاتەی سیستمی سیاسییەکەی و تێگەشتن لەبڕیارەکانی، هەستکردن بەهەبوونی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان و پاڵنەر و ئامانجەکانیان، جۆرێکە لە ئاڕاستە و بیر و بەهای سیاسی کە ڕۆڵی هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەپرۆسەی سیاسی و بەشداری سیاسی و ئینتما بۆ حزبە سیاسیەکان و ئاگایی بەجۆری گۆڕانکارییە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکان و زانینی ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدات.(١٩)

## پرسی نوێبوونەوە و چەمکی نوێگەریی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا شەرعیەتی لە سەرچاوەی بنەڕەتی دینەوە وەرگرتووە و بەشێکە لە فەرهەنگ و مەعریفە و زانستی دین لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا

لەکۆی ئەو شرۆڤە و لێکدانەوە و تێبینیانەی ئاماژەی بۆکرا، دەکرێت پێناسەی نوێبوونەوەی سیاسی بەمشێوەیەی خوارەوە بکەین، بریتییە لە: (نوێکردنەوەی بوونیادی دامەزراوە سیاسییەکانی کۆمەڵگە، بەئامانجی پەرەپێدانیان و بەرزکردنەوەی توانا و زیادکردنی کاراییان، بەجۆرێك ئەدای دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و پێگەی بڕیاری سیاسی گشتی، وەڵامدەرەوەی فراوانبوونی پێویستییەکانی کۆمەڵگە و چارەسەری گرفتەکانی بێت، بەتایبەت لە بواری پەرەسەندنی هێزی کۆمەڵایەتی نوێی، کە چاوەڕوانی بەشداری سیاسی و دەسنیشانکردنی ڕۆڵی خۆیان دەکەن لە دامەزراوە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا).

**پرسی نوێبوونەوەی سیاسی لای حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی کوردستان**

گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی نوێبوونەوەی سیاسی لای حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەبێت بە گرنگییەوە لەم ڕاستییانەی بڕوانین:

١- نوێگەری و نوێکردنەوەی سیاسی، لە جۆری کێشە و قەیرانەکانی پرسی (بیدعە) نییە، تا پرۆسەی نوێبوونەوە بۆ نەهێشتن و پوختەکردنەوەی ئیسلام بێت، لەو کردار و ڕەفتار و گوتارە بیدعەییانە، لەجۆری ئاڵنگاری و گرفتەکانی (بانگەواز) نییە، تا بەپرۆسەی نوێکردنەوەی هیدایەت، ئامرازەکان و شێوازەکانی گەیاندن و گوتاری بانگەواز نوێ بکرێنەوە -هەروەك لە پێناسەکاندا ئاماژەی بۆکراوە- پرسی نوێکردنەوەی سیاسی، پرسی ئاڵنگارییەکانی شارستانییەتی نوێیە، کە ڕووبەڕووبوونەوەی بیری نوێ و شێوازی تەواو نوێی لە قووڵایی تەواو قووڵایدا پێویستە.(٢٠)

٢- دیاردەی حزب و حزبایەتی وەك ئۆرگانێکی سیاسی/ کۆمەڵایەتی، بەرهەمی مۆدێرنێتەی سیاسی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاواییە، لە ئەنجامی پەرەسەندنی پرسی دیموکراتیدا لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کەوتووەتە سەرپێ، بۆیە کارکردن بە ئاڕاستەی داهێنانی قەوارەیەکی سیاسی/ کۆمەڵایەتی، جیاواز وەك ئەڵتەرناتیفی ئەوەی هەیە، لە ئێستادا لەئارادا نییە، هاوکات جێگەی لەسەرەوەستانە، کە بەشێکی بەرچاوی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، شێوازی ڕێکخستن و دارشتنی پەیکەری گشتی حزب و شێوازی پلەبەندی ڕێکخستنەکانیان و دابەشکردنی ئەرکەکانی حزب بەسەر کۆی جومگەکانی پەیکەری گشتیدا، لەسەر مۆدێلی حزب و هێزە چەپ و مارکسی و شیوعییەکان ڕێکخراوە، کە بەمۆدێلی ناوەندگەرا ناسراوە، تێیدا کەسی سەرۆك و ئەندامانی سەرکردایەتی لە ترۆپی هەڕەمەکەدان، ئاستەکانی تری ئەندامان بنکەی هەڕەمەکە پێکدەهێنن.

٣- ڕێژەیەکی بەرچاوی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان تائێستاش بەشێك لە هەستیاری و مەترسی و گومان و دودڵی سەردەمی دروستبوون و دەرکەوتنیان، لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە، کە قۆناغە مێژوویەکەی ئەوکات، قۆناغی پەلاماری هێزە کۆڵۆنیالیەکانی ڕۆژئاوا بوو، پاراستنی شوناس و پابەندبوون بە ئیسلام و دروشمەکانی خوداپەرستی و ڕووبەڕووبوونەوەی شاڵاوی فیکری و ...هتد، دەبوو لە ئەرکە لەپێشترەکان بن، بەڵام ئەوەی دەبینرێت ئێستاش بەهەمان ڕەفتار و نەفەسی هەستیاری و مەترسییەوە لە دەیان پرسی گۆڕەپانەکە دەڕوانن.

٤- بەهەمان شێوەی خاڵی سەرەوە، تاکی ئیسلامی خۆی لەژێر کۆمەڵێك گوشاری

دەروونــی دەربـــارەی پرســە سـیـاسی و فـیکری و ڕۆشـنـبیری و مەعـریفـییەکەی ئـەو ژینـگـەدا دەبـینـێت کە تێـیدا دەژی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هۆشیاری تـەوژمی ئیسلامی، هۆشیاری نەفیکردنی دراو و واقیعەکانی دنیای نوێیە، کە وای لێکدەداتەوە دەبێت بەناچاری تێیدا بژی، بەنەفیکردنی داهێنراوەکانی، لە بوارەکانی مـافی مـرۆڤ، هـاووڵاتیـبـوونی یـەکـسـان، کێـشـەکـانی تـەکـنـەلـۆژیـای زانـیـاری و گەیەندن، دیموکراتیەت، پرسی ئافرەت و ڕێکـخـراوەکانی پـشـتـگیری جـێـنـدەر و ...هتد.

٥- نـوێبـوونـەوە و گـەشـەکـردنی سیاسی دەوڵـــەت و کـۆمـەڵـگـەکـان، پـێـوەری نێودەوڵەتیان هەیە، کە ساڵانە بەگوێرەی کۆمەڵێك پێوەری دەسنیشانکراو، ئاستە جـۆراوجـۆرەکانی، ژیانی هـەر کۆمەڵگە و دەسـەڵاتـێکی سـیـاسی دەخـرێـتـە بـەر پـێـوانـە و هـەڵـسـەنگـانـدن، تـەنـانـەت ڕێــژەی بـابـەتـێکی تـەواو سـایکـۆلـۆژی و نادیاری وەك: پرسی (بەختەوەری) تاك و خێزانەکانەکانی کۆمەڵگە دەپێورێن.

٦- ئەدەبیاتی سیاسی و سـەرەتا فیکرییە ڕاگەیەنراوەکانی دروستبوون و دەرکەوتنی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی نـزیـك بـە سـەدەیـەك لـەمـەوپـێـش، تـوانـای وەڵامـدانـەوەی پـرسـیـارەکان و پـێـویـسـتـیـیـەکـان و گـۆڕانـکـاریـیـە سـیـاسـیـیـەکـانی نـاو واقـیـعـە گـۆڕاو و کراوەکەی کۆمەڵگەی ئێستا و ڕێکخستن و ئیدارەی ژیانی گشتی لەو فەزا سیاسییە جیهانییەکەدا نییە.

٧- لە سەردەمی کرانەوەی دیموکراتی پاش کۆتایی جەنگی سارد، ژمارەیەکی بەرچاو کۆڕ وسیمینار و دیبەت و نوسینی کتێب و وتار و دیمانە دەربارەی بەخۆداچوونەوە و ڕەخـنـە لـەخـۆگـرتـن، هـەڵـسـەنگانی کار و چـالاکی حـزب و کـۆمـەڵـە سـیـاسـیـیـە ئیسلامییەکان، لـە نـاوبـازنـەی زەمـیـنـەی کـاری خـۆیـدا سـەریـهـەڵـداوە، لـەلایـەن کەسـانی بیرمـەنـد و ئـەکـادیمی و پسپۆڕ و شـــارەزای خـــاوەن ئـەزمـوونی کـردەیی نـاو جـووڵانـەوەی ئیـسلامی، بـە مـەبـەستی تێـپـەڕانـدنی کـەمـوکـورتی، نـاتـەواوی، هەڵە و کورتهێنانەکان، لەگەڵ ئاماژە بە پێویستییە جۆریەکانی فیکر و ئامڕاز و ئامانجەکانی جـووڵانەوەکە، بەمەبەستی کارابوون و نوێبوونەوەی.

**لە کۆبینی گشتیدا پرۆسەی نوێبوونەوە بەرهەمی تێڕامان و بیرکردنەوەی عەقڵی مرۆڤەکانە، لە مامەڵەکردن و کارلێکی هەمیشەییان لەگەڵ دیاردە و دراوەکانی و اقیعی ژیان و گۆڕانکارییەکانیدا، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی دید و بۆچوونێکی نوێ**

**حزب و کۆمەڵە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە سەرهەڵدان و ئەزموونی کار و چالاکی ئاشکرا و ڕاگەیەنراوی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، لە قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بەراورد بە مێژووی دروستبوون و کار و چالاکی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی تری هاوبیر و هاوشێوە و هاوشێوازی کار وچالاکی و هاوئامانجی ناو بزاڤی ئیسلامی، لە نێو گەل و وڵاتانی تری ئیسلامیدا، ئەزمونێکی کورت و کەم تەمەنە، هاوکاتە لەگەڵ دروستبوونی فەرمی هەرێمی کوردستان، وەك ژینگەی کار و چالاکی ئاشکرا و ڕاگەیەنراوی یاسایی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی مێژووی سەرەتای دەرکەوتن و بەئاشکرا کارکردنی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی هەرێم لەڕووی مەنهەجی کار و ئامراز و شێوازی کار و چالاکییەوە، دابەش دەبوون بەسەر دوو ئاڕاستەی سەرەکیدا:

١- ئاڕاستەی بانگەواز و پەروەردە و کاری سیاسی ئیسلاحگەری، کە ئیلهامی لە قوتابخانەی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین وەردەگرت، بەزۆری بەباڵی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین لەکوردستان ناوزەد دەکرا.

٢- ئاڕاستە و مەنهەجی جیهادی چەکداری و بەکارهێنانی هێز وەك ئامرازی سەرەکی گۆڕانکاری سیاسی، ڕووبەڕووبوونەوەی نەیاران و ململانێکارانی سیاسی.

لەگەڵ ئەو جیاوازییەشدا، هەردوو ئاڕاستەکە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، بە یەك لیست بەشداری هەڵبژاردنی گشتی یەکەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیان کرد، کە لە ١٩٩٢/٥/١٩ ئەنجامدرا، پاش دەرچونی یاسای حزبە سیاسییەکانی هەرێم، ژمارە(١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو، خۆیان لە چوارچێوەی یاساکەدا ڕێکخستووەتەوە، ئێستا هەردوو ئاڕاستەکە بەناونیشانی جیاوازەوە، وەك بەشێکی کارا لە بزاوتی-حراك- سیاسی حزب و کۆمەڵە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، چالاکی خۆیان درێژە پێدەدەن. لەئێستای نووسینی ئەم بابەتەدا، چوار حزب و کۆمەڵەی سیاسیی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە.

بۆ بەدواداچوونی پرسی نوێگەری و تێگەشتن لە ئاست و ڕادەی نوێبوونەوە و داهێنان لە بوارەکانی فیکر و پرەسیپ و بەها سیاسییەکانی کاروچالاکی حزب، ئامراز و میکانیزمەکانی کار و چالاکی و ئامانجەکانی کار و چالاکی، سەرنجمان خستەسەر ئەو مادده و بڕگەکانی پرۆگرامی سیاسی و پەیڕەوی نێوخۆی هەردوو لایەنی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) و (کۆمەڵی دادگەریی) کە پەسەندکراوی کۆنگرەی حزبەکەیانن و

تایبەتن بە دەسنیشانکردنی ئاراستەی بیر و دید و وێناکردنی سیاسی حزب و شێوازی کار و ئامرازەکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسە سیاسییەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان و ئەو ئامانجانەی کار بۆ هێنانەدیان دەکات لە هەردوو ئاستەکەدا. هاوکات پرۆگرامی سیاسی حزب، سەرچاوەی سەرەکی بابەتی پێگەیاندن و هۆشیاری سیاسی ئەندامانی حزب و ماددەی گوتاری سیاسی حزبە بۆ خۆخستنە بەردەم ڕایگشتی شەقام، ئامرازی شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی دیاردە و پرسەکانی سیاسەتە لەکۆمەڵگەدا.

**یەکەم:** پرۆگرامی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتی حزب ٢٠١٩، لە بەشی دەستپێك و ماددەی چوارەم، بنەماگشتییەکان، لە(٩) برگەدا، ماددەی پێنجەم ئامانجەکان (١٩) برگە و هێڵە گشتییەکانی ستراتیژیەتی کاری کاری یەکگرتوو بۆ خولی هەشتەم (٨) ماددەدا، ئاماژە دەکەن بە ژمارەیەکی زۆر لە چەمك و زاراوەی سیاسی و بانگەواز و پەروەردەی ئیسلامی و بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکر و پرەنسیپی پەیوەست بە کار و چالاکی حزب و ئامرازی کارکردن و ئامانجەکانی کار و چالاکیان، وێناکردنان بۆ حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی دەقنووسکراوە. لە دەسپێکی پرۆگرامەکەیدا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاندا، پێناسەی یەکگرتووی بەم شێوەیە کردووە: (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، حزبێکی ئیسلامی نیشتمانیی کوردستانییە، لەپێناو جێگیرکردنی بەها بنەڕەتییەکانی ئازادی و برایەتی دادپەروەری، بەمەرجەعیەتی ئیسلامی و لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون، خەبات دەکات بۆ گەیشتن بەکوردستانێکی ئازاد و پێشکەوتوو. ..... یەکگرتوو، هەڵگری پرۆژەیەکی (چاکسازی) و کۆمەڵایەتی و سیاسییە.(٢١)

**چەمکی نوێگەری و نوێبوونەوە، زاراوەیەکی ڕەسەنی ئیسلامییە و دەست لێ هەگرتنی بۆزاراوەی هاوو اتا و نزیك لە مانا و دەلالەتەکانی، پچڕانێك لە مەرجەعیەتی ئیسلامی چەمك و پرۆسەکەی دروست دەکات**

ئەم پێناسەیە کۆمەڵێك ڕەگەزی سەرەکی پێکهێنانی حزبی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە، لەوانە شوناسی سیاسی/ فیکری و نیشتمانی (ئیسلامیبوون و کوردستانیبوون) و دروشمەکانی حزب و ئامرازی شێوازی کار و چالاکی سیاسی (هێزێکی ڕیفۆرمخوازە)، پاڵنەرەکانی خەبات (ڕیفۆرمکردنی دامودەزگای گشتی دەسەڵات بەڕێگاکانی بردنەوەی زۆرینەی دەنگ و متمانەی جەماوەر و جێبەجێکردنی پرۆژەی سیاسی و ئیداری

بۆ دامەزراوە و سێکتەرەکانی دەسەڵاتی، ئیسلاحگەری پرۆسەیەکی بەردەوامی ژیانە، بۆ هەموارکردن و ئاڵوگۆڕ و نوێکردنەوەی ئەو دامودەزگا گشتییەی دەسەڵاتی سیاسی کە تووشی گەندەڵی و شێوان و کۆنبوونی بوونیادەکانی دەسەڵات و بێکەڵی دامەزراوە گشتییەکان، یان ڕاوەستانی کارایی نوخبەی سیاسی وداڕوخانی شەرعیەت.
پرەنسیپی هاووڵاتیبوون، بەو مانایەی
هەر کەسێك مەرجەکانی ئەندامیەتی حزب و هاووڵاتیبوونی هەرێمی کوردستانی تێدابوو، بۆی هەیە ببێتە ئەندامی حزب و چالاکی سیاسی خۆی لەڕیزەکانی یەکگرتوودا بەردەوام بکات.

لە ماددەی٤/ بنەما گشتییەکان، ب:٢ دا ئاماژە بە بەها مەزنەکانی (پاراستی کەرامەت و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و ڕەتکردنەوەی هەموو چەشنەکانی پاکتاوکردن و تیرۆر و توندوتیژی و پەرگیری لەفیکر و مومارەسەدا) کردووە، ئەمەش قووڵکردنەوەی مانا بەخشینە بە ناوەرۆکی ئیسلاحگەری سیاسی و پیداگرتن لەسەر دەسنیشانکردنی پانتاییە کردەییەکانی لە ژیانی کۆمەڵگە.

لە ماددە: ٤ ،ب:٧ دا ئاماژە بە پرەنسیپێکی دەستووریی گرنگ دەکات، لە دەشنیشانکردنی سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسیدا، هاوکات لەگەڵ ئاماژەکردن بەو چەمکە کردەییانەی تەواوکەری ئەو بیرۆکە دەستووریەن، لەوانە مەدەنیەتی دەسەڵات و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی، وەك ئاراستەی هێزێکی سیاسی ئیسلامیی، بەمەبەستی دوورخستنەوەی کۆمەڵگە لە ئازارەکانی شەڕ و داڕوخانی دامودەزگای دەوڵەت و پایەکانی کۆمەڵگەی ڕێکخراو، کە کودەتا سیاسییەکانی ساڵانی پەنجاکانی ناوچەکە و هەوڵی هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکانی ئێستا گەشتنە دەسەڵات بەجۆرێك پیرۆز دەکەن کە هەموو شتی بۆ حەڵاڵ دەکرێت: (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، دەوڵەتی مەدەنی، حوکمی ڕەشید و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بناغەی ئاشتی کۆمەڵایەتی سەقامگیری سیاسییە.)

لە ماددە:٤، ب:٩دا تەئکید لەوە دەکاتەوە، کە گەلی کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و بەش و پارچەیەك نییە لەهیچ گەل و نەژادێکی تری گەلانی دراوسێی هەموو خەسڵەتەکانی تایبەتمەندی گەلێکی سەربەخۆی تێدایە، وەك زمان و کولتوور و نیشتمان و مێژوو و هەستی هاوڕەچەڵەکی هاوبەش، شوناسی تایبەتی پێکەوە بەستنیان دروست دەکات، وەك بەشێك لە گەلانی ئیسلامی مافی خۆیەتی چارەنووسی ژیانی نەتەوەیی خۆی لەقەوارەیەکی سیاسیی تایبەت بەخۆیدا ڕێکبخات، وەك نەتەوەکانی تری جیهان بەشێك بێت لە مەنزومەی یاسای نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**دووەم: پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی دادگەری، پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەکەیە ٢٠٢١**

لە پێشەکیدا خاڵی (٢): ئەم خاڵە ئاماژەکردنە بەوەی کە کێشەکانی پرسی نەتەوەیی گەلی کورد لە عێراقدا -لەگەڵ پەرەسەندنی گرنگ و بەرچاو- هێشتا بەچارەسەری یەکلاکەرەوەی دەستووری و سیاسی و جوگرافی نەگەیشتووە، کۆمەڵی دادگەری دەیەوێت لەڕێگەی ئەم پەیڕەوەی کە دەستووری فەرمی ڕێکخستنی کاری حزبە، بەجەماوەری گەلی کوردی لە کوردستانی/ عێراق بەگشتی و بە سەرکردە و کادرەکان و ئەندام و هەوادارنی بەتایبەت ڕابگەیەنێت، کە پێویستە هەڵگری ئەم خەمە نەتەوەیی و نیشتمانییە بن و بەئاڕاستەی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان سیاسەتگوزاری و ڕەفتاری سیاسیان ڕێکخەن، وەك لە بڕگەکەدا هاتووە: (زیاتر و چاکتر تەبەننیکردنی خەمخۆری نەتەوەیی، نیشتمانی، گرنگی و بایەخدان، بەئامانج و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

لە پێشەکیدا خاڵی (٧): هەوڵدان بۆ چاکسازیکردنی ڕیشەیی لە قەوارەی سیاسی هەرێمدا، بە ڕیشەکێشکردنی قۆڕخکاری و گەندەڵی و هەنگاونانی جیدی، بەرەو حوکمڕانییەك کە پایەکانی: دادگەریی، بەدامەزراوەکردن، یاسا سەروەری و هاووڵاتیبوون و ڕوونی (شەفافیەت) بن. ئەم بڕگەیە ئاماژەیە بە ئەرکی کۆمەڵەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی گەندەڵی وەك دیاردەی خراپ بەکارهێنانی سامان و داهاتی گشتی، لەلایەن بەرپرسانی دامودەزگای گشتییەوە، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و ئەولایەنەی ڕایسپاردوون، هەروەها ڕوبەڕیوونەوەی قۆرخگاری لە گرتنەدەستی وەزیفەی گشتی لەلایەن هاووڵاتییانەوە وەك یەکێك لەمافە سیاسییەکانی هاووڵاتی، مەحرومکردنیان لەو مافە بەهۆکاری ئینتمای سیاسی جیاواز لە حزبی حوکمڕان، لەدیدی کۆمەڵی دادگەرییەوە، چارەسەری دامەزراوەیی گرنگترە لە گرتنەبەری هەنگاوە کاتییە یاسایی و سیاسییە لێکدابڕاوەکانی هەر کەیس و گرفتێك، بۆ ئەمەش ئاماژە بە پایەکانی دەسەڵاتێکی عادیلانەی بەدامەزراوەبووی شەفاف دەکات کە پێوەری مامەڵەی لەگەڵ دانیشتوانەکەی لەسەر پرەنسیپەکانی مافی هاووڵاتیبوون بێت لەسایەی سەروەری یاسادا.

**پرسی نوێکردنەوەی سیاسی، پرسی ئاڵنگارییەکانی شارستانییەتی نوێیە، کە ڕووبەڕووبوونەوەی بیری نوێ و شێوازی تەواو نوێی لە قولاییدا پێویستە**

لەپێشەکیدا خاڵی (٨): (زەمینەسازکردن بەرەو پتر تۆکمەکردنی هەرێمی کوردستان، لە ڕێی: تەبایی سیاسی و ژێرخانی ئابووری و بەدامەزراوەکردنی

کارەکان و هەبوونی هێزێکی نیشتمانی پارێزەر و ...هتد.) ئەم خاڵە ئاماژە بەکۆمەڵێك پرسی سیاسی، ئابووری و هەبوونی هێزی نیشتمانی دەکات، کەسەرجەمیان ڕەنگدانەوەی دۆخی دابەشبوونی سیاسی هەرێمی کوردستانە لەنێوان دوو زۆنی کۆنترۆڵکردنی بڕیار و هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و دابەشکردنی ئیدارە و سامان و داهاتی گشتی، یەکێك لە دەرهاویشتەکانی ئەم دۆخە ناپەسەندە پووکانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمەکەیە وەك: ڕێگاوبان، کارەبا و وزە، تەندروستی و کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

لە بەشی یەکەمدا: بنەما گشتییەکان، ماددەی (٢) تایبەتکراوە بە پێناسەی کۆمەڵی دادگەریی کە (پارتێکی سیاسییە لە کوردستانی/ عێراق، کار دەکات بۆ پیادەکردنی ئیسلام و چەسپاندنی دادگەریی.)(٢٢)

## سەرنج لەسەرپرسی نوێبوونەوە لای یەکگرتوو و کۆمەڵ

بەخوێندنەوە و شرۆڤەکردنی ئەو چەند ماددە و بڕگەیەی پرۆگرامی سیاسی یەکگرتوو و پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی دادگەریی، کە تایبەتکراون بە دید و تێگەشتن و هەڵوێستی سیاسی حزبەکانیانەوە، واگریمانە دەکرێت لەلایەك کار و چالاکی و گوتاری حزب لەناو بزاوتی سیاسیی کۆمەڵگە و ئامرازەکانی کارکردنیان دەستنیشان بکات، لەلای دووەمەوە هەڵوێست و تێگەشتنیان بۆ چۆنێتی وەزیفەی حوکمڕانی و بڕیار و ڕەفتاری نوخبەی دەسەڵات و خستنەڕووی پرۆژەی بەدیل ئاراستە بکات، لە بەرامبەر ئەم جیاوازییەکانیان، لە ڕووەکانی گوتار و ڕەفتار و مەرجەعیەتی لێوەرگرتن و بانگەشەی خۆبەجێگرەوەی نوخبەی فەرمانڕەوا ناوزەدکردن، بەڕوونی هەست بە بزری و نائامادەیی پرۆسەی نوێگەری و نوێبوونەوە لە کاری سیاسی حزب و کۆمەڵە سیاسییەکە دەکرێت لە بوارە بنەڕەتیەکانیدا، وەك

١- پرەنسیپە سیاسییە گشتییەکانی کار و چالاکی.

٢- میکانیزم و ئامرازەکانی کار و چالاکی.

٣- ئامانجەکانی کار و چالاکی.

ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکگرتوو و کۆمەڵ، لەگەڵ گرنگی و پێویستبوونیاندا، بەڵام هەمان چەمك و زاراوە و دروشم و دیدە کە هێزە سیاسییە نیشتمانی و نەتەوەییە عەلمانی مەشرەبەکە و گوتاری ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر بەکاریان دەهێنن، لەوەش بەولاوەتر بابەتە سیاسییەکانی سۆشیال میدیاش، هەمان گوتار و زاراوە و چەمك دەخەنەڕوو.

لێرەوە هەر چاودێر و لێکۆڵەرێك دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە ئەم پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆیە، گوزارشت لە داهێنانی تێگەشتن و وێناکردن و جیهانبینی سیاسی جیاواز، وەك بەرهەمی پرۆسەی نوێگەریی و نوێبوونەوەی سیاسی، تایبەت و سەرچاوەگرتوو لە مەرجەعیەتی

پرەنسیپ و بەها ئیسلامییەکان ناکات. کە ئاماژە بێت بۆ ڕەگەزە جیاوازەکانی نوێبوونەوەی دەسەڵاتەکانی سیستمی سیاسی و بوونیادی دامەزراوە گشتییەکان بێت و وەڵامدەرەوەی خواست و پێویستییە نوێکان و چارەسەری کێشە و ئاڵنگارییەکانی ئیدارە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و هێنانەدی و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی بکات، لێرەوە حزب و کۆمەڵەی سیاسیی ئیسلامی دەتوانێت بانگەشەی پرۆژەی سیاسی بەدیل لە ناو بزاوتی سیاسی کۆمەڵگەدا بکات. نوێگەری سیاسی ناوەرۆکی پرۆژەی ئیسلاحی سیاسی دەخەملێنێ، پاڵنەرەکانی ڕۆحیەتی بەتەنگەوەبوونی کاری سیاسی جیاوازی دەخوڵقێنێ، دواجار نوێبوونەوەی سیاسی پرۆسەی دروستکردنی دابڕانێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئاشکرایە بۆ ئاڕاستەکردنی کار و چالاکی سیاسی بە بیر و جیهانبینی و تەکنیک و ئامراز و ئاڕاستەی نوێوە، بە مەبەستی هێنانە ئارای دەسەڵاتێکی سیاسی شایستەتر و باشتر بۆ ژیانی مرۆڤەکان.

## هۆکارەکانی کزی و لاوازی پرسی نوێگەری و پرۆسەی نوێبوونەوە

وەك لە بەشی تیۆری ئەم بابەتەدا ئاماژەمان پێکرد، نوێکردنەوە چەمکێکی ئیسلامیی ڕەسەنی سەرچاوە گرتووە لە فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەربێت)، بەهەمان شێوە ئاماژەمان بە ڕۆڵی نوێبوونەوەی سیاسی کرد وەك پرسێکی گرنگ و هەستیاری ژیاریی و لەمێژودابوونی هەر گەل و نەتەوەیەکە. بە سەرنجدان لەم دوو ڕاستییە و پێویستبوونی پرۆسەکە وەك خواستێکی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەم لۆژیکە دەبوو حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان یەکەم دەستپێشخەری پرۆسەی نوێبوونەوەی سیاسی بوونایە و فاکتەری گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیان لەئەستۆ بگرتایە، بەڵام شارەزایانی بواری جووڵانەوەی ئیسلامی، لەم ڕووەوە ئاماژە بەچەند هۆکارێکی خۆیی و بابەتی دەکەین، بە لەبەرچاوگرتنی هاوکار نەبوونی سیاقە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی ژینگەی کار و چالاکیان و ململانێی توند و بەردەوام و تاقەتپڕوکێنی لایەنە سیاسییەکانی تر بە دەسەڵاتی سیاسیشەوە.

١- ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردووی کاری ئیسلامییەکان، ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە، کە سیاسەت و پرۆسەکەی لەخۆیدا، بووەتە خاڵی لاوازی گەورەی ئیسلامییەکان، بەهۆی سوك ڕوانینەوە بۆی(٢٣)، بەراورد بە کارکردنیان لەبوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەدا.

٢- لاوازی و دەستکورتی لە بواری تیۆریزەکردنی بیر و ئەندێشەی سیاسی و دارشتنی مەنزومەیەکی فیکری سیاسی لە بەها و پرەسیپەکانی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئیسلام و ئیلهام وەرگرتن لە داهێنانە بەسوودەکانی کولتووری سیاسی مێژوی کۆمەڵگە موسڵمانشینەکان، بەشێوەیەك تونای جێبەجێکردنی

هەبێت لە ئەرزی واقیعی مومارەسەی سیاسی(٢٤) و وەڵامدەرەوەی ئاڵۆزییەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی سیستمی سیاسی و هەڵاوسانی قەبارەی حکومەتی سەردەم و کشانی ئەرکەکانی بەهەموو کەلەبەرەکانی ژیانی هاووڵاتییاندا.

٣- بەشێکی بەرچاوی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی بەهۆی بەشداری سیاسییان لەپرۆسەی سیاسیی وڵاتەکانی خۆیان، بەتایبەت هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەمان و هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکانی پارێزگا و شارەوانییەکان و هەرێمەکان، بووەتە هۆکاری دواخستن، یان تەنانەت لە بیرچوونەوەی پرسی نوێبوونەوەی سیاسی بەرهەمهێنانی بیر و ئەندێشە و دیدی سیاسی جیاواز و تایبەت بەخۆیان.

٤- هەمیشە لە قەیراندابوون، حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان هەست بە مەترسییەکانی نێوان ئیدارەدان و بەڕێکردنی دۆخی کێشەکان و گرفتەکان و دواخستنیان و سپاردنیان بەزەمەن، لەگەڵ چارەسەری بەپەلە و ڕێبڕینەوە لە تەشەنەکردنیان، ئەم دیاردەی موداراتە، بە بیانوی گەران بەدوای جێداری گونجاودا، چالاکی و وزە و تەکاندانی ڕێکخستنەکان و هەوادار و جەماوەرەکەیان دەکوژێت، ئەم دۆخی ڕاهاتن لەگەڵ هەمیشە لە قەیراندا ژیان، بیرکردنەوەی هەرجۆرە پرۆسەیەکی ئاییندەسازی لەبار بردووە.

٥- ڕەخنە لەخۆگرتن و بەخۆدا چوونەوەی لە ڕیزەکانی حزب و کۆمەڵەکانی جووڵانەوەی ئیسلامی، تا ڕادەی دەگمەنی لاوازە، لەگەڵ ئەوەی ڕەخنە لەخۆگرتن بەمەرجە بابەتییە بنەڕەتییەکانی ڕیخۆشکردنی نوێبوونەوەی فیکری دادەنرێت.(٢٥)

٦- لاوازی نوخبەی سیاسیی خاوەن بەهرە و ئەزموونی سیاسی، کە جێگەی متمانەی کۆمەڵگە بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسی بە لێهاتن و توانایەکی پیشەییەوە.

٧- کۆکردنەوەی کار و ئەرکی بانگەواز لەگەڵ پێویستییەکانی کار و چالاکی سیاسی لە چوارچێوەی یەك قەوارەدا، بەناوی حزب و کۆمەڵەی سیاسیی، گرتنەخۆی جەماوەر و دەسکەوتی ئەندام و لایەنگر لەرێگەی ئامراز و هۆکارەکانی بانگەواز و پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامییەوە دەبێت، ئەمەش لەو هۆکارانەیە کە پرۆسەی نوێکردنەوەی سیاسی بەشێك نەبێت لەبیرکردنەوە.

٨- بەشێکی بەرچاو لە حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان، چاویان لەسەر دەسکەوتن و گرتنەدەستی دەسەڵاتێکە بەهەر ڕێگە و ئامرازێك بگونجێت، بۆ ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی تێدا پیادە بکەن، بەم هۆیەوە خۆیان سەرگەرمی تیۆریزەکردنی سیاسەت، داڕشتنی سیستمی سیاسی، بوونیادنانی دەسەڵات و دواجار نوێبوونەوەی سیاسی ناکەن..

---

### سەرچاوەکان

(١)الدكتۆر سيف الدين عبدالفتاح إسماعيل، مفهوم التجديد، مجموعة مؤلفين في(بناء

المفاهيم)، دار السلام للطباعة والنشر، القاهرة، ط١، ج٢، ٢٠٠٨، ص:٣٢٢-٣٢٣.
(٢)الدكتور يوسف العالم، المقاصد العامة للشريعة الإسلامية، المعهد العالمى للفكر الإسلامى، هيرندن، فيرجينيا، ط١، ١٩٩١، ص: ٢٠٧.
(٣)عبدالجواد ياسين، الدين والتدين، المركز الثقافى العربى، المغرب، ط:٢، ٢٠١٤، ص:٦.
(٤)بيير ليفى، عالمنا الإفتراضى، ت:دكتور رضا كحال، هيئه البحرين للثقافة والاثار، المنامة، ط٢، ٢٠٢٠، ص:١٠.
(٥)أورده الالبانى فى "السلسله الاحاديث الصحيحة" تحت (رقم/٥٩٩).
(٦)عيسى الشارقى، بين التجديد والحداثة، جمعية التجديد الثقافية والإجتماعية، المركز الإعلامى، Https://tajdeed.org ٢٠٢٤/١١/١٧.
(٧)العلامة مناوى، عبدالرؤف المناوى، فيض القدير، دارالمعرفة، بيروت، ط:٢، ج٢، ص:٢٨٧.
(٨)محمد رشيد رضا، (مقال) الجمع بين مسألة الذكران والإناث فى المدارس، ومسألة التجديد والتجدد، مجلة المنار، ج٣٠، شهر صفر ١٣٤٨ه، ص: ١١٥. لمكتبه الشاملة السنية، Alsunniya.com/book/ ٢٠٢٤/١١/٢٠
(٩) الدكتور يوسف القرضاوى، من أجل صحوة راشدهة تجدد الدين وتنهض بالدنيا، دار الشروق، القاهرة، ط١، ٢٠٠١، ص:٣٠.
(١٠) الدكتور يوسف القرضاوى، سەرچاوەی پێشو، ل: ٥٣.
(١١) الدكتور عبدالجبار الرفاعى، مفهوم التجديد وأركانه، ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٤/١١/٢٠ https://www.awaser.net/٢٠٢١/١٢/٨
(١٢)عمر عبيد حسنه، الإجتهاد والتجديد، سبيل الوراثة الحضارية، المكتب الإسلامى، بيروت، ط١، ١٩٩٨، ص:٢٠.
(١٣)أبوالاعى المودودى، موجز تأريخ تجديد الدين، دار الفكر الحديث، بيروت، ط٢، ١٩٦٧، ص: ٥٢.
(١٤)الدكتور أحمد محمد حسان، السياسة بين الإسلاميين والليبرلين، دار الفكر العربى، القاهرة، ط١، ٢٠١٣، ص:٣٩.
(١٥)روبرت أ.دال، التحليل السياسى الحديث، ترجمة: الدكتور علاء أبوزيد، مركز الاهرام، القاهرة، ط١، ١٩٩٣، ص:٧.
(١٦) الدكتور عصام سليمان، مدخل إلى علم السياسة، منشورات الحلبى الحقوقية، بيروت، ط:٦، ٢٠١٥، ص:١٢، بەدەستكاريەوە.
(١٧)لورانس فانين، لماذا السياسى، ترجمه: محمد شوقى الزين، بيروت، دار إبن نديم، گ:١، ٢٠٢٤، ص:١٣.
(١٨)الدكتور معن خليل العمر، نخب العراق الحاكمة، دار الشروق، عمان، ط١، ٢٠١٦، ص:١٧.
(١٩) الدكتور صبرى بديع الحسينى، الوعى السياسي فى الريف المصرى، برلين، ط١، ٢٠١٧، ص:٩.
(٢٠) محمد عابد الجابرى، الدين والدولة وتطبيق الشريعة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ط:٢، ٢٠٠٤، ص: ١٣٤.
(٢١) پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ، پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەمی، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لە ٢٨ -٢٠١٩/١٢/٢٩- هەولێر.
(٢٢) پەیرەوی نێوخۆی کۆمەڵی دادگەریی، کوردستان/ عێراق، پەسەندکراوی کۆنگرەی چــوارەم،٢٠٢١، ص:٤-٥. پێویست بە ئاماژەکردنە کە هەردوو پێڕەوی کۆنگرەی سێ کۆمەڵی ئیسلامیی و چواری کۆمەڵی دادگەریی، پرۆگرامی سیاسی تیا باسنەکراوە.
(٢٣)ياسر الزعاترة، لماذا يفشل الإسلاميون سياسيا، جسور للطبع والترجمة، بيروت، ط٢، ٢٠٢٢، ص:١٤.
(٢٤)الدكتۆر على فهد الزميع، حيرة المشروع السياسى الإسلامى، مركز نهوض، لبنان، ط١، ٢٠٢٢، ص:٥٩.
(٢٥)الدكتور عبدالله النفيسى، واخرون فى (النقد الذاتى للحركة الإسلامية، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة، ط١، ٢٠٠٩، ص:٩.

# وەرگێڕان

ئایینناسی

# ئەگەری ڕیفۆرم لە ئایینی ئیسلامدا

نووسینی: حەسەن یوسف ئشکوری
ئامادەکردن و وەرگێڕان: ئارام مەحموود ئەحمەد

**پێشەکی**

ئەگەر ڕیفۆرم بە واتا ئەرێنییەکەی، واتا گۆڕانکاری بەرەو باشتر بەکار بهێنین، لە ساتی کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلامەوە (د. خ.) بۆ ڕۆژێک پرۆسەی گۆڕانکاری لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی موسڵماناندا نەوەستاوە.

ڕیفۆرم وەک بابەتێک لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا و لە ڕووبەڕووبوونەوەی موسڵمانان لەگەڵ شارستانیەت و کولتووری ڕۆژئاوا باس کراوە و لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لەلایەن ژمارەیەک بیرمەندی موسڵمان بە جددی کاری لەسەر کراوە و حاشا هەڵنەگرە.

**ئەگەری ڕیفۆرم لە ئیسلامدا**

بەر لە هەر شتێک پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بکرێت. سەرەتا بابەتی ڕیفۆرمخوازی لە ئاییندا واتا ڕیفۆرم لە تێگەیشتن، تەفسیری دەق، سەرچاوەکان، تێگەیشتنە نەریتی و جێکەوتووە ئیسلامییەکانە. واتا توانای پرسیارکردن، یان پرسیار نەکردن لە بارەی بنەماکانی بابەت، یان بنەماکان و لقەکانی ئایینە، نەک زیاتر. دەمانەوێت بزانین ئایا دەتوانرێت لەو ئیسلامەی هەیە، تێگەیشتن و تەفسیری جیاواز و ئەرێنی لە قازانجی ژیانی باوەڕدارانە و بۆ باشکردنی ژیانی ناخۆشتی موسڵمانان پێشکەش بکرێت، یان نا. دووەم، گریمانەکەمان بریتییە لە ڕیفۆرم لە پێوەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئایین بە هەڵسوکەوتێکی دیالەکتیکی.

**١. ڕەتکردنەوەی جەوهەرگەرایی**

ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگە ئەگەر ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، بەڵگە یان هۆکارەکانی دواتر بۆ سەلماندنی ئەوەی لە ئیسلامدا دەتوانرێت ڕیفۆرم بکرێت و بۆ بەهێزکردن و سەلماندنی هەمان ئارگیومێنتی بنەڕەتی سوودی لێ وەربگیرێت.

ئایین وەک دیاردەیەکی مرۆیی تەواو مێژوویی بەرهەمی کارلێکەکانی عەقڵ و ویژدانی مرۆڤە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەم ڕووەوە تێگەیشتن و لێکدانەوەی بنەما و لق و باوەڕەکانی لە چوارچێوەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکاندا مومکینە. بێگومان (وەحی)بوونی بانگەوازی ئایینی (وەک لە ئایینە ئیبراهیمییەکاندا هاتووە، ئیسلام بە نموونە) دژیەکی لەگەڵ مێژوویبوونی ئایین، یان ئەگەری تێگەیشتنی مێژوویی لە فێرکارییەکانی نییە. چونکە بانگەوازی وەحی تا ئەو شوێنەی کە ئاماژە بە ئیرادە و پەیامی خودایی و جیهانی باڵا و پێگەی ئیلاهی دەکات پیرۆزە، لە دەرەوەی جیهان و ئادەم و بێگومان مێژوو، بەڵام لەو کاتەوەی ئەم ئیرادەیە دەگۆڕێت بۆ پەیام و پەیامەکە دەبێت بە کەلام، عەبای مێژوو دەپۆشێت. بۆیە پەیامی ئیلاهی لەدەرەوەی مرۆڤ و مێژوو ڕوونادات و لە ئەنجامدا پرەنسیپ و لقەکانی ئایین و بیروباوەڕەکان، بەتایبەتی تێگەیشتن و لێکدانەوەکان، بەتەواوی لە دەقی کۆمەڵگە و مێژوودا فۆڕمەڵە دەبن و بە درێژایی مێژوو بە دەستی باوەڕداران ئەم ئەرکانە پێناسە کراون و لە کۆتاییدا وەک ئایینێک جێگیر بوون. جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام نموونەی ئەو جۆرە پرۆسەیەن.

ئێستا دەتوانین ئەو پرسیارە بوروژێنین کە ئیسلام و مێژوو و فێرکارییە ئایینییەکانی چۆن دروستبوون و بوون بە فۆڕمی ئەمڕۆ؟ لە ڕابردوودا سەلمێنراوە کە هەر پێناسە و لێکدانەوەیەکمان بۆ بنەما، لق، حوکم، بیروباوەڕ، دابونەریت و ڕێوڕەسمی ئیسلامی هەبێت، لە یەک شت دڵنیاین، ئەویش ئەوەیە کە هەموویان لە ڕێگەی باوەڕدارانەوە (لە پێغەمبەری ئیسلامەوە تا هاوەڵان و خەلیفە و زانا ئایینییەکان بە درێژایی ئەم ١٤٠٠ ساڵە) دروستکراون و پێناسە و لێکدراونەوە.

ئەگەر وردتر باسی بکەین، لە پرۆسەی فۆڕمەڵەبوونی ئایینی ئیسلامدا پێویستیی مرۆیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، سیاسی و جوگرافیی حیجاز لە سەرەتادا و دواتر لە سەردەمی ئومەوی، عەبباسی، عوسمانی، سەفەوی و ڕۆژهەڵاتی نزیک و لە کۆتاییدا ئەوروپا و ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەبووە. هەر چۆنێک بێت ئیسلامی مێژوویی بەرهەمی ئەندێشە و پێویستی کۆمەڵگە موسڵمانە جیاجیاکان بووە و دەبێت، لەبەر ئەوە لە

ناونیشانەکانی وەک (ئیسلامی عەرەبی) کە (عابد جابری) بە هاوواتای (عەقڵی عەرەبی) ناوی دەبات، ئیسلامی ئێران و لە کۆتاییدا ئیسلامی ئەوروپایی سوود وەردەگیرێت.

ئێستا دەبێت بپرسین بە ڕاستی جەوهەری ئیسلام کامەیە؟ ئیسلامی خیلافەتی سوننە، یان ئیمامەتی شیعە؟ ئیسلامی فیقهییەکان و فەرمووددەناسەکان، یان ئیسلامی موتەکەلیم، فەیلەسوف و سۆفییەکان؟ کێ دیاری کردووە و دەتوانێت دیاری بکات کە جەوهەری ئیسلام کامەیە و لەوەش گرنگتر کام لێکدانەوە (تەفسیر) بە تەواوی لەسەر حەقە و لەگەڵ پەیامی سەرەتادا یەکدەگرێتەوە؟

ئەگەر لە گریمانە و پاڵنەری تیۆرسێنەکان بڕوانین بە ڕوونی دەبینین کە دوو هۆکار بوونە هۆی ئەوەی ئەم پرۆسەیە فۆرمەڵە و بەردەوام بێت. هۆکاری یەکەم، پێویستی هەبوون و مامەڵەی دیالەکتیکی جێگیر و گۆڕاو لە ئاییندایە. هەموو باوەڕدارێک دەبێت ئایینی خۆی لەسەر بنەمای جێگیر و لۆژیکی دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی جێی تێگەیشتن و جێبەجێکردنی هەبێت. دیاریکردنی جێگیر و گۆڕاو لە ئاییندا وردە وردە لەلایەن باوەڕدارانەوە گەشەی پێدراوە و بەردەوام ئەگەری گۆڕان و پێداچوونەوە پێیدا هەیە.

هۆکاری دووەم، پێویستی پۆلێنکردنی تێگەیشتنەکان بۆ درککردن و لێکدانەوەی باشترە. پۆلێنکردنی بابەتەکان لە کۆنەوە هەبووە و موسڵمانەکانیش بەپێی پێویستییەکانی خۆیان، لە بوارە جیاجیاکاندا گرنگیان بەو تێگەیشتنانە داوە. لە جیهانی مۆدێرندا پۆلێن و جیاکردنەوەی بوارەکان بۆ یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی زانست و فەلسەفە گۆڕاوە.

بە سەرنجدانە ئەگەری گۆڕان و لێکدانەوە نوێیەکان لە ئایینی ئیسلامدا، بابەتی ئەوەی ئیسلام ڕیفۆرم قبووڵ ناکات، لۆژیکی نییە. ئیسلام هاوشێوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر، جەوهەرێکی جێگیر و نەگۆڕی نییە و بەردەوام ئەگەری پێداچوونەوە بە بنەما و لقەکانیدا هەیە. ئەگەر تا ئێستا گۆڕانکاری لە لێکدانەوەکاندا ڕووی نەدابێت، ناتوانرێت بەو ئەنجامە گەیشت کە لە داهاتووشدا ڕوونادات.

وەک باوەڕدارێک بە ئیسلام، پێم وایە بنەمایەکی سەرەکی لە باوەڕی موسڵمانانندا باوەڕ بە پێغەمبەرایەتی محەممەد و هاتنە خوارەوەی وەحییە بۆ ئەو. ئەگەر موسڵمانێک ئەمە ڕەت بکاتەوە لە بازنەی موسڵمانبوون دەردەچێت، هاوشێوەی چوونە دەرەوەی دیموکراتێک لە تێگەیشتنی دیموکراسی بە ڕەتکردنەوەی بنەماکانی.

بە گشتی ڕەتکردنەوەی جەوهەرگەرایی ڕەهـای نـەریتی پیـشانی دەدات، کە بانگەشەی ئـەوەی ڕیـفـۆرم لـە ئاییـندا ناکرێت، لۆژیکی نییە و پرۆژەی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئیسلامدا گونجاو و مومکینە.

**٢. توانا ناوخۆییەکانی ئیسلام وەک پێکهاتەیەک و ئیرادە بۆ ڕیفۆرم**

لە هەناو و دەقی ئایینی ئیسلامدا ئەو توانا بەهێزە هەیە و دووبارە خوێندنەوە و هەموارکردنەوەی بۆ موسڵمانان و ناموسڵمانان ڕەخساندووە. لەم بەشەدا ئاماژە بە ئەو توانایانە دەکەین:

**أ. واتای ڕیفۆرم وەک یەکێک لە ئامانجەکانی نێردراوان**

لە قورئاندا چەندین جار واژەی ڕیفۆرم (اصلاح) لە بەرامبەر (فساد) بەکارهاتووە و واتایەکی بەرفراوانتر لە ڕیفۆرمی ئەمڕۆی هەبووە. ڕیفۆرمی پێغەمبەرانە وەک یەکێک لە ئەرکەکانی نێردراوان بۆ نەهێشتنی لادان و (فساد)ی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکانی ئەو سەردەمەدا ئەنجام دراوە. پێغەمبەری ئیسلامیش بۆ ڕیفۆرم لە کۆمەڵگەدا هەوڵی داوە، هەر چەندە ئەو ڕیفۆرمانە بە هۆکاری کۆمەڵایەتی بوونە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە و دەسەڵاتداری و دواتر بوونە هۆی هەندێک هەڵە تێگەیشتن لە ناو موسڵماناندا. مێژووی ئیسلام دەرخەری بەردەوامی نەریتی ڕیفۆرمخوازی پێغەمبەرانە. لە سەردەمی نوێدا بزووتنەوە ڕیفۆرمخوازییەکانی موسڵمانان لە ژێر کاریگەری تێگەیشتنی قورئانی و مێژوویی سەرنجیان لەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکی ئازادی، ئازادیخوازی و دادخوازی بووە. هەڵبەتە ڕیفۆرمخوازی هاوچەرخ لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لە ڕووی جەوهەر، ئامانج و مەبەستەوە لەگەڵ ڕیفۆرمی ڕابردوو جیاوازی زۆری هەیە.

**ب. فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە**

بنەمای فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە لە قورئان و سوننەتی ئیسلامیدا قورسایی جێی سەرنجی لەسەر ڕیفۆرمی پێکهاتەیی و کرداری هەیە. ئەم بنەمایە ئاماژەیە بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە، نەک بنەما شەرعییەکان، ئامانجی ڕیفۆرم لە چالاکاییەکاندا و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خراپەیە، بە تایبەتی لەناو چینی دەسەڵاتداری سیاسیدا.

زانایان ئازادییەکانی بیروباوەڕ و دەربڕین و بڵاوکراوەکانیان بەپێی ئەم بنەمایە لێکداوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بنەمایە توانای ڕیفۆرمی لە بوارەکانی کۆمەڵگە و سیاسەتدا هەیە، بەڵام بە تێپەڕینی کات بە هۆی لێکدانەوەی خراپ و سوودوەرگرتنی خراپ هەندێک جار بۆ ئامرازی سەرکوت و دژە ڕیفۆرم بەکارهاتووە.

**ج. بنەمای ئیجتیهاد**

یەکێک لە توانا گرنگەکان بۆ ڕیفۆرمی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا بنەمای ئیجتیهادە. ئیجتیهاد لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامەوە پەسەندکراو بووە و دوای ئەویش لە سەردەمی خەلیفەکانی بۆ گونجاندنی شەریعەت لەگەڵ بابەتە نوێیەکاندا بەکارهێنراوە. سەرەتا ئیجتیهاد لەسەر بنەمای دیاریکردنی کەسێی خەلیفەکان و ڕاوێژ لەگەڵ سەحابەکان ئەنجام دراوە، بەڵام دوای سەدەی دووی کۆچی بۆ زانستێک کە میتۆدۆلۆژی تایبەتی خۆی هەبووە، گۆڕاوە.

لە مێژووی ئیسلامدا ئیجتیهاد بە تایبەتی لە سەردەمی شارستانێتی ئیسلامیدا هاوکاری پەرەسەندنی فیقهـ و بە سیستمکردنی کردووە. بە هەموارکردنەوەی زانستی و گونجاوی ئیجتیهاد، ئەم ئامرازە دەتوانێت بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی ڕۆژ و ئەرکە نوێیەکان زۆر کاریگەر بێت، بە تایبەتی لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە عەقڵ و سەرنجدان لە بابەتە هاوچەرخەکان.

ئیجتیهاد بە واتا فیقهییەکەی بە هەڵێنجانی حوکمە شەرعییەکان لە بەڵگەکان دادەنرێت، بەڵام بەپێی تێڕوانینی نوێ، ئیجتیهاد دەبێت زیاتر لە لقەکان تیشک بخاتە سەر بنەماکان و بە سەرجەم پێکهاتەی ئاییندا بچێتەوە، وەک ئیقبال لاهوری باسی لە "نوێگەری لە سەرجەم دەزگای موسڵمانان"دا کردووە.

**د. عەقڵ**

عەقڵ لە ئایینی ئیسلامدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە. بە تایبەتی لە پەیوەندیدا لەگەڵ وەحی، زانست و ئایین، عەقڵ و شەرع گرنگە. لە ئایینی ئیسلامدا عەقڵانییەت بە واتای بوونی عەقڵ وەک پێویستییەک بۆ پەسەندکردنی بانگخوازی ئایینی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە.

**بابەتی ڕیفۆرمخوازی لە ئاییندا و اتا ڕیفۆرم لە تێگەیشتن، تەفسیری دەق، سەرچاوەکان، تێگەیشتنە نەریتی و جێکەوتووە ئیسلامییەکانە. و اتا تو انای پرسیارکردن، یان پرسیارنەکردن لە بارەی بنەماکانی بابەت، یان بنەماکان و لقەکانی ئایینە**

عەقڵ لە ئیسلامدا بە تایبەتی لە بواری فیقهـ و کەلامدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، وتراوە (من لا عقل له لا دين له)، واتا بێ عەقڵ ئایینیش بوونی نابێت.

**هـ. دادپەروەری**

دادپەروەری لە ئیسلامدا چەمکێکی زۆر گرنگە، کە لە قورئاندا زۆر باس کراوە. خودای گەورە بە سیفەتی دادپەروەری دەناسرێت و کار و فەرمانەکانی خودا لەسەر بنەمای دادپەروەری دەپێورێت.

لە قورئان و فەرموودەکاندا دادپەروەری وەک بەهایەکی سەرەکی باس کراوە و داوا لە موسڵمانان کراوە دادپەروەر بن. لە ئەمڕۆدا چەمکی دادپەروەری لە دادپەروەری بەدەستهێنانی ئەرستۆییەوە گۆڕاوە بۆ دادپەروەری و یەکسانی. ئەم گۆڕانە لە لێکدانەوەی دادپەروەری لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا گرنگە، بە تایبەتی لە بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی ژن و پیاودا.

**و. دژیەکی لە سەرچاوە ئایینییەکاندا**

یەکێک لە گرنگترین ئەگەرەکان بۆ جۆرەکانی دووبارە تێڕوانینەوە و بیرکردنەوەی لە ئەندێشە و کاری ڕیفۆرمخوازانە لە نێوان موسڵماناندا بوونی دژیەکی بەرفراوانە لە دەق و سەرچاوە گواستراوەکانی ئیسلام.

وەک دەزانین سەرچاوەکان بۆ ناسینی ئایین لە سەرەتادا سەرچاوە کۆنەکانن، کە لە ڕۆژگاری کۆنەوە ماونەوە. گرنگترین ئەو سەرچاوانەش قورئان و دوای ئەویش فەرموودەکانن لە چوارچێوەی سوننەت و سیرەدا. لەگەڵ گرنگی تاکی قورئان، بەڵام لە کرداردا موسڵمانان لە سەدەکانی سەرەتاوە ڕوویان لە فەرموودەکان کردووە.

ئەم سەرچاوە وەرگیراوانە لە ڕابردوو لە ڕووی ناسین و ناوەڕۆکەوە پەیامی جیا جیا و زۆر و هەندێک جار دژیەک بە وەرگران دەدەن و ئەم جۆراوجۆری تێگەیشتن و لێکدانەوەیە، لەگەڵ دروستکردنی گرفت بۆ موسڵمانان لە ڕابردووەوە تا ئێستا، ئەو ئەگەرە دەخاتەڕوو کە شیکەرەوانی ئەو دەقانە تێگەیشتنی جۆراوجۆریان خستووەتەڕوو، ئەمەش لە کۆتاییدا واتا ئایدیای ڕیفۆرمی بەردەوام لە ڕووی تیۆری و کرداری موسڵمانان.

دوو دەنگی، یان هەندێک جار فرە دەنگبوونی ئایەتە جیاجیاکانی قورئان، یان گێڕانەوە و فەرموودە مەزهەبییەکان هۆکارن بۆ دووبارە لێکدانەوە جیاجیاکان و هەندێک جار دژیەکی ئایەت و گێڕانەوە، مێژوو و سوننەتی ئیسلامی.

بە ڕوانینێک لە مێژووی فۆڕمەڵەبوون و لێکدانەوەی گۆڕانکارییەکان لە ڕووی هاتنەخوارەوەی وەحی و بە تایبەتی شیکاری چۆنێتی و بۆچێتی فەرموودە و گێڕانەوە و زەمینەکانی لێکدانەوەیان، هۆکاری ئەو دژیەکی و فرەدەنگییەی پەیامەکانی ئەو سەرچاوانە تا ڕێژەیەک ئاشکرا دەکات. یەکەم، وەحی لەڕووی زمانەوە دەمی و گوتار بووە، نەک کتێب و نووسین. دووەم، هاتنەخوارەوەی قورئان وردە وردە بووە و لە ماوەی ٢٣ ساڵدا لە هەلومەرجی تایبەتی و بۆ چارەسەری کێشەی تایبەتی هاتوونە خوارەوە (اسباب النزول). سێیەم، لەڕووی دەقەوە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جۆرێک ڕێکخستن (وەک کورتی و درێژی سورەتەکان، ڕێکخستنی سورەتەکان بە ناونیشانی تایبەتی و گونجاو و بەسوود و ....). هەروەها

بێئاگایی، یان کەمی زانیاری لە بارەی هۆکارەکانی هاتنە خوارەوەی ژمارەیەک لە ئایەتەکانیش خۆی بووەتە هۆی ڕوودانی ئەو گرفتانە لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی وردی ژمارەیەک لە ئایەتەکان. لێکدانەوەی مێژووی فەرموودەکانیش پیشانی دەدات کە ئەم سەرچاوە گرنگەش گرفتی ڕاستی و متمانەی هەیە و زیاتر دژیەکی تێدایە. بەمشێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە چۆن و بۆچی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر، موسڵمانان لە ڕووی چاکە، یان سوودوەرگرتنی خراپ دەستیان کردووە بە لێکدانەوەی جیاجیا و هەندێک جار دژیەک و لە هەندێک باردا لەسەر لێکدانەوەکان زانایان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

ئەوەی ئاماژەی پێکرا ئەوەیە کە یەکەم، شەڕی گێڕانەوەکان و ناکۆکی لەسەر تێگەیشتن و لێکدانەوەکان لە سەرەتاوە هەبووە. دووەم، ئەم مشتومڕانە سەرەتا لە فرەدەنگی دەقە قورئانییەکان و زۆربەی فەرموودە و گێڕانەوەکانە.

دەرەنجامی لۆژیکی ئەم واقیعییەتە ئەوەیە کە ئەگەری ڕیفۆرم لە تێگەیشتنی ئایینی لە هەر زەمینەیەکدا، بە تایبەتی لەو بابەتانەی دژیەکن هەیە و ڕیفۆرمخوازانی ئەم سەردەمە و هەر سەردەمێک ئەو توانایەیان هەیە، کە لە هەناوی دەقە پڕ کێشە و دژیەکەکان، لێکدانەوەی نوێ بخەنەڕوو بە پێی پێوەری (مقاصد الشريعة، علل الشرائع).

یەکێک لە گرفتەکانی جیهانی ئەمڕۆ ئایدیای حکومەتی شەرعی و ئیمارەتی خوداییە. موسڵمانان ئیمارەتی ١٠ ساڵەی پێغەمبەر لە مەدینە بە مەشروعیەتی خودایی دەزانن و خیلافەتی ئیسلامیش لەسەر هەمان بنەما دروست بوو. ئایدیای (الاسلام دين و دولة) لە تێڕوانینی گرووپەکانی وەک ئیخوان موسلمین و داعشدا خرایەڕوو.

### ئیسلامی مێژوویی بەرهەمی ئەندێشە و پێویستی کۆمەڵگە موسڵمانە جیاجیاکان بووە و دەبێت

یەکێک لە گرفتە گەورەکان بابەتی ئیسلام و توندتیژییە، بە پەرەسەندنی توندوتیژی لە نێوان موسڵمانان لە قاڵبی گرووپەکانی وەک تاڵیبان، قاعیدە، داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی تر، بابەتی توندوتیژی ئایینی لە ئیسلامدا بەرجەستەتر بووە.

بە سەرنجدان لە گرنگی بابەتەکە ئەو پرسیارە کراوە و دەکرێت، کە ئەم جۆرە توندوتیژیانە چ جۆرە پەیوەندییەکیان بە ئایینی ئیسلام و سەرچاوە سەرەکییەکانەوە هەیە؟ ئایا لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە پەیوەندییە ئۆرگانییە بوونی هەبووە و دەتوانرێت بسەلمێنرێت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دوو تێڕوانینی دژیەک دەبینرێت. گرووپێک لە نەیارانی ئیسلام توندوتیژییەکان بە دەرەنجامی

ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر دەزانن و سوود لە دەربڕینەکانی وەک (تیرۆریزمی ئیسلامی) وەردەگرن. لە بەرامبەردا گرووپێک ئەو توندوتیژیانە بە بەدەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئیسلام دەزانن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئیسلام لە بنەڕەتدا دژی توندوتیژییە و توندوتیژەکان لە بازنەی ئایین دەکەنە دەرەوە. هەر دوو گرووپەکەش پشت بە بەڵگە و گێڕانەوە مێژووییەکان دەبەستن.

لەم چوارچێوەیەدا شێوازی ڕەخنەی مێژوویی لەو بابەتە دەکۆڵێتەوە. واقیعییەتەکە ئەوەیە ئەگەر تەنیا بۆ گێڕانەوەکانی ئیسلام بگەڕێینەوە، بە ڕوونی دیارە کە بەرهەمهێنی توندوتیژییە بەرامبەر نەیاران و بێ باوەڕان. پێغەمبەری ئیسلام ١٠ ساڵ حوکمی کردووە، دەیان جەنگی بەرپا کردووە و کۆمەڵێک سزای دیاری کرد. لەم ئایینەدا جیهاد بە ئەرک دادەنرا و بە درێژایی مێژووی ئیسلامیش بەکارهێنراوە. لەبەر ئەوە جیهاد و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان بە ڕەوا دادەنرێت و ژمارەیەک لە زانا موسڵمانەکان لە دوو سەدەی ڕابردوودا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری ڕۆژئاوایی، یان بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆری ناوخۆیی سوودیان لە وشەی جیهاد وەرگرتووە. کەسایەتییەکانی وەک سەید جەمالەدین ئەسەدئابادی، ئیقبال لاهوری، شەرعیەتی ئەم تێڕوانینەیان لە خەباتی خۆیاندا پیشان داوە. هەروەها لە بەرامبەر زایۆنییەکان و شەڕەکانی ئێران دژی ڕووسەکان، زانا موسڵمانەکان فەتوای جیهادیان داوە.

بەڵام چۆن دەتوانرێت ئەم تێڕوانینە ڕەخنەی لێبگیرێت؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە خوێندنەوەی جیاواز لەو بارەیەوە پێشکەش بکرێت؟

ڕەخنەی مێژوویی بۆ دەقە ئیسلامییەکان پیشانی دەدات کە شەڕەکانی سەردەمی پێغەمبەر، زیاتر بەرگری بوون، نەک بە واتای جیهاد بۆ موسڵمانکردنی ئەوانی دیکە. لە قورئانیشدا هیچ ئاماژەیەک بۆ نەمری جیهاد نەکراوە. جیهاد لە سەردەمی پێغەمبەردا تایبەت بووە بە هەمان سەردەم، نەک وەک ئەرکێکی بەردەوام هاوشێوەی پەرستشەکانی تری ئیسلام. لێکدانەوەی مێژوویی ئیسلام پیشانی دەدات کە جەختکردنەوە لەسەر جیهاد زیاتر لە ڕێگەی پەیوەندی ئیجتیهاد و فیقهـ لەگەڵ خیلافەت و پاشایەتی بووە و فەقیهەکان وەک پاساو بۆ فتوحات و تاڵانکارییەکانی خەلیفەکانی موسڵمانان بۆچوونی فیقهیان لە بارەی جیهادەوە خستووەتەڕوو.

هەڵبەت بە لابردنی جیهاد وەک ئەرکێکی ئایینی هەمیشەیی، ئایەت و گێڕانەوەکان لە قورئان و سوننەتدا دەتوانن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژی سوودی لێوەربگیرێت، بە تایبەتی دابەشکردنی مرۆڤایەتی بۆ بێ باوەڕ و باوەڕدار. بەڵام بە سوودوەرگرتن لە شێوازی خوێندنەوەی

هاوسەنگ و هارمۆنی دەتوانرێت ئەم توندوتیژیانە کەم بکرێنەوە و نەهێڵرێن. گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە ژمارەیەک لە رەخنەگرە رادیکاڵە ئیسلامییەکان بە جەختکردنەوەی تاکلایەنە لەسەر ئایەت و گێڕانەوەی تایبەتی، ئیسلام بە توندوتیژ دەزانن، لە کاتێکدا لە بەرامبەردا ژمارەیەکی دیکە ئیسلام بە گشتی لە توندوتیژی بەدەر دەکەن. بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە هیچ زاتێکی جێگیر و یەکپارچە لە ئیسلامدا بوونی نییە و دەقە ئایینییەکان دەتوانرێت لێکدانەوەی جیاجیان بۆ بکرێت.

لە کۆتاییدا دەڵێین بیری نوێی ئایینی پێویستی بە سوودوەرگرتنە لە سەرچاوەی جیاجیای ناسین و شیکاری و نابێت تەنیا پشت بە دەقە ئایینییەکان لە یەک روانگەوە ببەستێت.

### ٣. رووداني ریفۆرم لە مێژووی ئیسلامدا

بە درێژایی مێژووی ئیسلام ریفۆرم و هەوڵی گۆڕانکاری بەردەوام لە هەناوی پێویستییە کۆمەڵایەتی، کولتووری و فیکرییەکانی کۆمەڵگەی موسڵماناندا دروست بووە. لە سەدەی یەکەمەوە تا سەردەمی هاوچەرخ گرووپ و بزووتنەوە جیاجیاکان بە خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقە ئایینییەکان و بە ئامانجی ریفۆرم دەرکەوتوون، کە نموونە دیارەکانی وەک ئەشعەری و موعتەزیلە، هەروەها بزاڤی فەلسەفی و عیرفانی (اخوان الصفا) لە مێژووی ئیسلامدا دیارن. ئەم بزاڤانە بە ئیلهام لە تێکەڵەیەک لە ئەندێشە ئایینی و نائایینییەکان بە دوای دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ژیانی باوەڕدارانە و ژیانی شارستانیانە بوون.

### مێژووی ئیسلام دەرخەری بەردەوامی نەریتی ریفۆرمخوازی پێغەمبەرانە

لە دوو سەدەی رابردوودا ریفۆرمی ئایینی بە روانین لە رۆژئاوا و پشت بەستن بە نەریتە ئیسلامییەکان، ئامانجەکانی وەک بێداری ئایینی، پاڵاوتنی ئەخلاق و ریفۆرمی کۆمەڵایەتییان گرتووەتەبەر. کەسانی وەک سەید جەمالەدینی ئەسەدئابادی جەختیان کردووەتەوە لەسەر رەواندنەوەی خورافە، دووبارە لێکدانەوەی چەمکە نەریتییەکان، یەکسانی، دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. ئەم بزاڤە ریفۆرمخوازانە هەر چەندە لە هەندێک بواردا سەرکەوتوو بوون، بەڵام هێشتا بزووتنەوە بونیادگەرا و نەریتییەکان گرفتیان بۆ دروست دەکەن.

### دەرەنجام

١. بابەتی ریفۆرمخوازی لە ئاییندا واتا ریفۆرم لە تێگەیشتن، تەفسیری دەق، سەرچاوەکان، تێگەیشتنە نەریتی و جێکەوتووە ئیسلامییەکان.

٢. ئـــایین وەک دیـــاردەیـــەکـی مـرۆیـی تـەواو مێژوویـی بـەرهـەمی کارلێکەکانی عـەقڵ و ویـژدانـی مـرۆڤـە لـە کارلێکە کـۆمـەڵایـەتـیـەکـانـدا و لـــەم ڕووەوە تێگەیشتن و لێکدانەوەی بنەما و لق و باوەڕەکانی لە چوارچێوەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکاندا مومکینە.

٣. هـەمـوو بـاوەڕدارێـک دەبێـت ئـاییـنی خـۆی لـەسـەر بـنـەمای جێگیر و لـۆژیکی دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی جێی تێگەیشتن و جێبەجێکردنی هەبێت.

٤. دیاریکردنی جێگیر و گۆڕاو لە ئاییندا وردە وردە لەلایەن باوەڕدارانەوە گەشەی پێـدراوە و بـەردەوام ئـەگـەری گـۆڕان و پێداچوونەوە پێیدا هەیە.

٥. بـە سـەرنـجـدانـە ئـەگـەری گـۆڕان و لێکدانەوە نوێیەکان لە ئایینی ئیسلامدا، بـابـەتی ئـەوەی ئیـسلام ڕیـفـۆرم قـبـووڵ ناکات، لـۆژیکی نییە. ئیسلام هاوشێوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر، جەوهەرێکی جێگیر و نەگۆڕی نییە و بەردەوام ئەگەری پێداچوونەوە بە بنەما و لقەکانیدا هەیە.

٦. ڕیـفـۆرمی پێـغـەمـبـەرانـە وەک یـەکێک لـە ئـەرکـەکانی نێردراوان بـۆ نـەهێـشـتنی لادان و (فـسـاد)ی ئـاییـنی و کۆمەڵایـەتی لە کۆمەڵگەکانی ئەو سەردەمەدا ئەنجام دراوە.

٧. ئیـجـتیـهـاد لـە سـەردەمی پێـغـەمـبـەری ئیـسلامـەوە پـەسـەنـدکـراو بـووە و دوای ئـەویش لـە سـەردەمی خـەلیـفـەکانی بۆ گونـجـانـدنی شـەریـعـەت لـەگـەڵ بـابـەتـە نوێیەکاندا بەکارهێنراوە.

٨. عەقڵ لە ئیسلامدا بە تایبەتی لە بواری فیقهـ و کەلامدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، وتراوە (من لا عقل لە لا دین لە)، واتا بێ عەقڵ ئایینیش بوونی نابێت.

٩. ڕیفـۆرمخـوازانی ئـەم سـەردەمە و هـەر سـەردەمێک ئەو توانایەیان هەیە، کە لە هـەنـاوی دەقـە پـڕ کێشـە و دژیـەکـەکان، لـێـکـدانـەوەی نـوێ بـخـەنـەڕوو بـە پێی پێوەری (مقاصد الشریعة، علل الشرایع).

١٠. بە درێژایی مێژووی ئیـسلام ڕیـفـۆرم و هـەوڵی گۆڕانکاری بـەردەوام لـە هـەناوی پێـویـسـتـیـە کـۆمـەڵایـەتی، کـولـتـووری و فـیـکـریـیـەکانی کۆمـەڵـگـەی موسڵـمانـانـدا دروست بووە.

**سەرچاوە:**

https://azadiandisheh.com

# گفتوگۆ

ئاپیناسی

# د. حەیدەر لەشکری: ڕۆشنگەر و چاکسازانی ئایینی لە کوردستان بەربەستی زۆریان هەبووە لەبەردەم گەیاندنی هزری خۆیان

سازدانی: ئیدریس سیوەیلی و د. سالار تاوگۆزی

لەم دیمانەیەدا پرۆفیسۆر دکتۆر حەیدەر لە شکری، پسپۆڕ لە بواری مێژووی ئایینەکان و تیۆری مێژوو، باس لەوە دەکات ڕیفۆرمی ئایینی دیاردەیەکی دینامیکی و فرەڕەهەندە و لە نەریتی جیا جیای ئایینیدا دەردەکەوێت و وەڵامدانەوەیەکی جیهانییە بۆ ئەو ئاڵنگارییانەی سیستەمە باوەڕییەکان لە مێژوودا تووشیان دەبن. ڕوونیشی دەکاتەوە کە ڕیفۆرمی ئایینی لە ئیسلامدا لە چوارچێوەی چەمکگەلی وەك (تەجدید) و (ئیصلاح) خۆی نواندووە.

ئەو پێیشیوایە ئاسان نییە بتوانین مێژووی چاکسازیی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕووی دەستپێك و تایبەتمەندییەوە لە تەواوی ڕەهەندەکاندا ببینین. لەو چوارچێوەیەشدا ئاماژە بەڕۆڵی زانا شارەزوری، هەولێری، دینەوەری و چەند کەسایەتییەکی دیکەی وەك: (مەولانا خالیدی نەقشبەندی، سەعیدی نورسی، مەلای گەورەی کۆیە، شێخ محەممەدی خاڵ و مستەفا زەڵمی) لەبواری ڕیفۆرمی ئایینیدا دەکات. لەلایەکی دیکەوە قسە لەسەر خوێندنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد وەك (جەمال عیرفان) و (عەبدولخالق مەعروف) و ڕەخنەگرتنیان لە هزری ئایینی دەکات کە لە دەرەوەی تێگیشتنی باوی ئایینی بوون و بە ڕەوتە هزرییەکانی پەیوەست بە مۆدێرنەوە کاریگەر بوون.

**ئایینناسی:** کە باسی چاکسازیی ئایینی دەکەین، (مارتن لۆسەر) و چاکسازییەکانی ناو ئایینی مەسیحیمان بیر دەکەوێتەوە، ئایا هەوڵی چاکسازی لە هەموو ئاینێکدا هەبووە و هەیە، یان بۆ یەکەمجار ئەم بیرۆکەیە لە مەسیحییەتەوە سەریهەڵداوە و پاشان بۆ ئایینەکانی دیکە گواستراوەتەوە؟

**د. حەیدەر لەشکری:** ئەگەر بخوازین وەڵامێکی دروستی ئەو پرسە بدەینەوە، دەبێ لە پاشخانێکی فەلسەفی ئایینناسییەوە بچینە سەر مێژووی ڕیفۆرمی ئایینی. لێرەوە دەبینین چەمکی ڕیفۆرمی ئایینی هەم قووڵە و هەمیش فرەڕەهەند، لە پێداچوونەوە بە بنەما باوەڕییەکان، سروت و ڕێوڕەسم و تێگەیشتن لە چییەتی باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە، ئەگەر فەلسەفییانە تێی بڕوانین، دەبینین ڕیفۆرم لە یەکتربڕینی هێڵەکانی مێتافیزیکا، تیۆری زانین، ڕەفتار و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بەرجەستە دەبێت. بەمەش بریتی دەبێت لە بڕینی مەرزە نەریتییەکانی سیستەمی ئایینی، لە پێناو دۆزینەوەی جۆرێک لە گونجان لەگەڵ پێداویستییە عەقڵییەکان و پێشڤەچوونە مێژووکردەکانەوە. کەواتە لە کرۆکی هەموو سیستمێکی ئایینیدا دەشێ چاوەڕێی ڕیفۆرمان هەبێت، بەتایبەت ئەگەر دەبینین گریمانە مێتافیزیکییەکان، ئەوانەی هەر یەک لە سیستەمە ئایینییەکانی لەسەر بوونیاد نراوە، هەردەم جێگەی پرسیارن، پرسیارگەلی تایبەت بە سروشتی خودایەتی، گەردوون و پێگەی مرۆڤ تێیدا... تادوایی.

لە ڕووی مەعریفیشەوە ڕیفۆرمی ئایینی، سەرەدەری لەگەڵ سەرچاوە و دەسەڵاتی زانینە ئایینییەکان دەکات. نەخاسمە کاریگەری و کارتێکردنی نێوان سروش و عەقڵ. پرسیارەکە لەم کۆنتێکستە ئەوە بووە ئاخۆ دەقە پیرۆزەکان و نەریتە باوەکان دەتوانن لەبەرامبەر بە پشکینینی عەقڵەکیی سەربەخۆ خۆیان بگرن، یان نا. خۆ لەڕووی ئاکاریشەوە ئەگەری ڕیفۆرم لەنێو ئاییندا بوونی دەبێت، بەتایبەت هەوڵی ڕێکخستنەوەی بەها و نۆرمە ئایینییەکان، تا لەگەڵ بنەما و تێگەیشتنی ئێستاییمان بۆ دادپەروەری و شکۆی مرۆڤانە بگونجێنرێن. تۆ تەماشا بکە، بزاوتی پەیوەست بە ڕەتکردنەوەی سیستمی چینایەتی نێو هیندۆسی، یان جێکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ لە کۆنتێکستە مەسیحییە جیاوازەکان چەندە ئەو گونجانە ڕەفتارییە دەنوێنن. ئەم چەشنە ڕیفۆرمانە شرۆڤەی ئەو ڕاڕاییە ئاکارییانە دەکەن، کە لە نێوان فەرمانە خوداییاکان، ئەوانەی بانگەشە بۆ بنەمای جێگیر و سەروو زەمەنییانەی ئاکار دەکەن، لەگەڵ پێشڤەچوونە ئاکارییەکان لەنێو زەمەندا، کە خۆی لەگەڵ کۆنتێکستە سەردەمییەکاندا دەگونجێنێت.

خۆ لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا ئەگەری ڕیفۆرمی ئایینی هەر هەیە، لەم کۆنتێکستانەدا ململانێی هێز و گرووپەکانی فشار لە پانتاییە کۆمەڵایەتییە – ئایینییە جیاوازەکان، دەرگا بەسەر چاکسازیی ئایینییدا دەکەنەوە. لێرە ڕیفۆرم دەشێ پەرچەکردار بێت لە هەمبەر بۆ نموونە سیکیۆلاربوون، یان چۆنێتی خۆپاراستن و

بەرگریکردن لە بەرامبەر جیهانێک کە زۆر بە خێرایی دەگۆڕێت. خۆ ئەگەر هیگڵییانە لەبابەتەکە بڕوانین، ئەوا دەڵێین ڕیفۆرم دەشێ کۆکەرەوەی نێوان نەریت (تێز) و ڕەخنە (سەنتێز) بێت، کە ڕێگە بە پێشڤەچوون لەنێو سیستمە ئایینییەکان دەدات، بێ ئەوەی بەم پرۆسێسە کرۆکی ئەم ئایینانە لاواز بێت.

هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت: ڕیفۆرم لە ناو کۆی ئایینی حەتمییەتی مێژوویانەی هەیە، تا ئەو کاتەی ئایین خۆی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بە خودایەتی، یان هەر هێزێک کە باوەڕەکەی پێکدێنێ دانابڕێنێت. ئەمە سەرباری خۆدۆزینەوەی ئایینەکە لەبەردەم گۆڕانە هەنوکەییەکان، وەک بۆ نموونە خۆدۆزینەوە مێتافیزیکای نەریتییانەی ئیسلامی لەبەردەم هزری عەقڵانی ڕۆژئاواییدا. ئەمەش ڕەنگدانەوەی کارتێکردنی دینامیکیانەی نێوان ئەو ڕاستییە هەرمێنانەن، کە باوەڕە ئایینییەکە بانگەشەیان بۆ دەکات، لەگەڵ پێداویستییە مێژووییەکانی قۆناغە جیاجیاکاندا. ڕاڕاییەک لەو ناوەندە لە لای ئەهلی ئایینەکە دروست دەبێت، سەبارەت بەوەی نەگۆڕە و ئەوەی دەبێت لەگەڵ کاتدا گۆڕانی بەسەردابێت؛ خۆدۆزینەوە لەبەردەم بنەما باڵا جێگیرەکان و پێدویستییە مێژووییەکان، هەندێک لەو کەسە ئایینییانە بە ئاڕاستەی ڕیفۆرم و چاکسازیی دەبات، بەدەر لەوەی قسە لەسەر ئەوە بێت ئاخۆ ڕیفۆرمەکە پێشڤەچوونە یان گەڕانەوەیە بۆ زەمەن و شوێنێکی پێشووتر (سەردەمی زێڕین).

ئەم دەروازەیەم بە پێویست زانی بۆ دارشتنی وردی وەڵامی پرسیارەکەتان. تا ئاماژە بەوە بدەم، کە ڕیفۆرمی ئایینی دیاردەیەکی دینامیکییە و فرەڕەهەندە و ئاساییە لە نەریتی جیاجیای ئایینیدا دەربکەوێت. بەو مانایەش بێت، وەڵامدانەوەیەکی جیهانییانەیە بۆ ئەو ئاڵنگارییانەی سیستمە باوەڕییەکان لە مێژوودا تووشییان دەبن. بۆ نموونە ئەگەر وەک لە کۆنتێکستی پرسیارەکەدا دەخوێنرێتەوە، ڕیفۆرمی پرۆتستانتی لە ئەوروپای سەدەی شانزە بە سەرکردایەتی مارتن لۆسەر، وەک نموونەی هەرە دیار و وەرچەرخانی هەرە گرنگی مێژووی ڕیفۆرمی ئایینی دەبینرێت، ئەوا بنەماکانی ڕیفۆرمەکە تایبەت نین بە سیستمی ئایینی مەسیحییەوە. بزاوتەکەش ڕەسەنی چەمکی ڕیفۆرمی ئایینی پێکناهێنێت، بەڵکو لە زۆربەی پانتاییە ئایینییەکانی جیهانەوە چاوەڕێی ڕیفۆرم دەکرێت، هەر کاتێک گۆڕانکارییەکان وەک دەرچوون لە بنەما باوەڕییە سەرەکییەکان ببینرێن یان گرفت لە گونجاندنی پەیڕەوی ئایینی و کۆنتێکستی سەردەمییانەدا هەبێت، یانیش هەوڵی چارەسەرکردنی مشتومڕە نێوخۆییەکانی نێو سیستمێکی دیاریکراوی ئایینی هەبێت.

بەهەرحاڵ ئەوەی تایبەتمەندی بە ڕیفۆرمی پرۆتستانتی، لە سەرەتای سەدەی شانزە داوە، ڕۆحە یاخییەکەی بوو بەرامبەر بە ڕەوشی باوی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی. بە چەشنێک ئاراستەی ئەم ئایینە گەورەیەی بەشێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕی. ڕیفۆرم بەرەنگاری خۆی بۆ دەسەڵاتی دەزگاییانەی کڵێسای کاسۆلیک ڕاگەیاند و بانگەوازی بۆ گەڕانەوە بۆ دەق و بنەما باوەڕییە "ڕەسەن"ەکانی ئایینی مەسیحی کرد. لەو تێزە ٩٥ بەندییەی لۆسەر ڕایگەیاند، ڕەخنەی توندی لە ڕەفتاری کڵێسا گرت، هەر لە فرۆشتنی چەکی لێخۆشبوونەوە بگرە تا چڕبوونەوەی دەسەڵات و سەروەت و سامان لە نێو دەزگای کڵێسادا. ئەمە سەرباری جەختکردنەوەی لەسەر بەهاوتایی کتێبی پیرۆز (sola scriptura)، بەجەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەم دەقە تاکە دەسەڵاتە دەتوانێت سروشتی باوەڕی مەسیحی دیاری بکات، کە ئەمەش بەمانای کەمکردنەوەی ڕۆڵی نێوەندگیرانەی پیاوانی کڵێسا دەهات و پاڵپشتی شرۆڤەی تاکەکەسییانەی بۆ دەقی پیرۆز دەکرد.

ئەمە بەو مانایە نایەت ڕیفۆرمی پرۆتستانت تەنیا جوڵانەوەیەکی سیۆلۆژییانە بوو بێت، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزریش بوو. هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی چاپخانە، کە بواری تەشەنەکردنی بۆچوونە ڕیفۆرمییەکانی دا. ئەمە سەرباری پەرەسەندنی ناسیونالیزم لە ئەوروپادا. زۆر لە حکومەتە خۆجێییەکان وەک هەڵێکیان بینی بۆ تۆکمەکردنی دەسەڵاتی خۆیان، دوور لە کاریگەرییەکانی کڵێسای کاسۆلیک. ئەم کاریگەری و کارتێکردنە ئاڵۆزە لەنێوان سیۆلۆژیا و دینامیکا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئاسەواری دوورمەودای بەسەر باوەڕی مەسیحییەوە هەبوو. ئاکامەکەی گرۆی جیاجیای پرۆتستانتی دەرکەوتن، کە هەریەکەیان لێکدانەوە و شرۆڤەی جیاوازیان بۆ بنەما باوەڕییەکان و سروتە ئایینییەکان هەبووە. بەمەش ڕیفۆرم ڕۆڵی لە گۆڕانی ڕیشەیی پەیڕەوی ئایینی، ئازادیی لێکدانەوەی دەقی پیرۆز و ئۆتۆنۆمی دەسەڵاتی ئایینی هەبووە.

هەرچەندە ئەم ڕیفۆرمە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئایینی مەسیحییەوە هەبوو، بەڵام بزاوتی هاوشێوە بۆ پێداچوونەوە و دووبارە شرۆڤەکردنەوە، لەنێو نەریتی جیاجیای ئایینیدا هەبووە، هەندێکیان سەربەخۆ و هەندێکیش وەڵامدانەوە بووە بۆ ئالەنگارییە فرەچەشن و هاوشێوەکان. ئەوەتا لە ئیسلامدا لە چوارچێوەی چەمکگەلێکی وەک "تەجدید" و "ئیصلاح"دا خۆی نواندووە. زێتریش جەخت لەسەر گەڕانەوە بۆ قورئان و سونەت کراوەتەوە بۆ پاککردنەوەی ئایین، وەک لەلای نەریتگەراکانەوە دەبینرێت، هەر

لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە بگرە تا بزاوتە سەلەفییە هاوچەرخەکان. واتا ئەوانەی بانگەوازیان بۆ گەڕاندنەوەی نەریت و پەیڕەوە یەکەمینەکانی ئیسلام کردووە و دژ بە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی یان چاککردنێکی نێوخۆیی بوونە. هاوتەریب ڕیفۆرمیستی ئەوتۆ دەرکەوتوون، لە شێوەی جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە و جەمالەدینی حوسەینی و محەمەد باقر ئەلسەدر و تەبەتەبائی...تادوایی. ئەمانە، هەریەکە و بە پێی مەزەب و تێگەیشتنی ئایینییانەی خۆی، هەوڵی گونجانیان لەنێوان هزری ئیسلامی و مۆدێرنە داوە، جەختیان لەسەر عەقڵانییەت و زانستخوازی کردووەتەوە، لە پاڵ دەستگرتن بە ڕەسەنێتیی باوەڕدارییەوە. ئەمە بزاوتێک بووە، پێچەوانەی ڕیفۆرمی پرۆتستانتی کە جەختی لەسەر تاکگەرایی دەکردەوە، زێتر مەیلی بەلای گونجانی پراکتیزەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکان کردووەتەوە، واتا چەشنێک لە وەڵامدانەوەی بێهاوتا بووە بۆ زەختی دەرەکی و داینامیکا نێوخۆییەکان.

لە نێو ئایینەکانی تریش ڕیفۆرم هەر هەبووە و هەیە، هەر لە جەختکردنەوەی بوزییەکان لەسەر عەقڵانیەت و ڕەفتاری تاک و دەقگەرایی بگرە، تا ڕەتکردنەوەی دابەشبوونی چینایەتی لە هیندۆسی، بۆ هەوڵی گونجانی نێوان بنەما نەریتییەکان و بەها سەردەمییەکان لە سەردەمی ڕۆشنگەریی جووەکان (Haskalah) و یەکێتیی ئاکارییانە لەبری پابەندیی سروتییانە... تادوایی. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت، کە ڕیفۆرمی ئایینی، سەرباری جیاوازی لە کۆنتێکستە مێژوویی و کولتوورییەکانەوە، چەشنێکە لە ڕاڕایی وجودییانە لەنێوان نەریت و گونجانی سەردەمییانە. هەریەک لە سیستەمە ئایینییەکان هەوڵی خستنەبەریەکی بنەما بنەڕەتییەکانی خۆیان و واقیعی گۆڕاوی کۆمەڵەکانیان داوە، وەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی چەشنێک لە هارمۆنیا لەنێوان باوەڕ و ئەو پێشقەچوونانەی بنەما دۆگماکان پێشتر باسیان نەکردوون و نەیانتوانیوە بەری پێ بگرن.

**ڕیفۆرم دەشێ پەرچەکرداربێت لە هەمبەر بۆ نموونە سیکیۆلاربوون، یان چۆنێتی خۆپاراستن و بەرگریکردن لە بەرامبەر جیهانێک کە زۆر بە خێرایی دەگۆڕێت**

**ئایینناسی:** لە ئەدەبیاتی ئیسلامییدا زۆرتر وا وێنای چاکسازی کراوە کە گەڕانەوەیە بۆ بنەڕەتەکانی ئیسلام، زۆرجاریش کەسایەتییەکانی (ئەحمەد کوڕی حەنبەل، ئیبن تەیمیە، محەممەد کوڕی عەبدولوەهاب و ... تاد) کە بە دیدێکی بنەڕەتخوازی کاریان کردووە

بە سەرمەشقی چاکسازی ناودەبرێن، سەرنجی بەڕێزتان لەوبارەوە چییە؟

**د. حەیدەر لەشکری:** وەک ئاماژەم پێدا، لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا زۆربەی کات بیرۆکەی ڕیفۆرم بە گەڕانەوە بۆ بنەما یەکەمینەکانی ئیسلام و بە چەمکی وەک تەجدید و ئیسڵاح گرێدراوە؛ وێناکردنی سەردەمی زێڕین و بوونیادنانەوەی ئێستاییانەی. کەسانی وەک ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئیبن تەیمیە و محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، لە میانەی پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی ئوسوڵییانە، لە سەردەستەکانی ئەم تێگەیشتنەن بۆ ڕیفۆرم. هزری ئەوان ئەو چوارچێوە تیۆرییەی دارشتووە، کە پەیڕەوکارانی ئەو ڕێبازە خۆیان تێدا جێگیر کردووە و جەختیان لەسەر "پاککردنەوەی باوەڕ" لە هەر "بیدعەکارییەک" کردووەتەوە. بەو مانایەش بێت لەلای ئەوان چاکسازی بە مانای نوێگەری نایەت، بەڵکو دۆزینەوەی هەنوکەییانەی ئەو پاکێتیی و ڕەوانییەیە، کە پێیانوایە لە بنەما یەکەمینەکانی ئیسلامدا هەبووە و درەنگتر دەستیان لێ هەڵگیراوە. ئەو مانایەش بە ناوکۆی فەرمودەییەوە گرێدراوە، لە پێغەمبەر دەگێڕنەوە کە خودا لە سەری هەر سەدساڵێک کەسێک بۆ ئوممەتی ئیسلام دەنێرێت ئایینەکەیان بۆ نوێ دەکاتەوە. فەرموودەکە کراوەتە گرێژەنەی هەر نوێکردنەوەیەکی ئایینی، چونکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی چاکسازی موقەدەرێکی خوداییە، لەپێناو بوژاندنەوەی ئایین. لەو چوارچێوەیەدایە ئەو کەسایەتییانەی لە پرسیارەکەتدا ناوت هێناون و هی تری سەر بە ڕەوتی عەقڵی ویستویانە کار لەسەر گونجانەکە بکەن، کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوو ئاماژەم پێدا؛ گونجانی بنەمای جێگیر و ڕەوشی گۆڕاوی کۆمەڵگە. لەمەشدا هەوڵیانداوە جیاوازی لەنێوان بواره بنەڕەتیی و نەگۆڕەکان لەگەڵ لاوەکی و لق و پۆپەکان بکەن، کە دەشێ گونجانەکە بیانگرێتەوە.

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل داکۆکی توندی لە پابەندبوون بە دەقە بنەڕەتییەکانی ئیسلام (قورئان و سوننە) کردووە؛ دڵسۆزیی بۆ دەق و ڕەتکردنەوەی هەر خوێندنەوەیەکی کەلامناسانە بۆ باوەڕی ئایینی. پێیوابوو هزری سەردەمییانە ئەو پاکێتییەی لە بنەماکانی ئیسلامدا هەیە ناهێڵێت و ڕێگە بە بیدعەکاری دەدات، کە هۆکارە بۆ لاوازبوونی باوەڕ. لێرەوە ئەو ڕێبازە فیقهییەی دایمەزراند (حەنبەلی)، بۆتە بەردی بناغەی زۆر لە جوڵە ئیسڵاحییەکانی دواتر و سەنگی مەحەک لە دارشتنی گوتارەکانیان. لەوانەش هی ئیبن تەیمییە. خۆ گوتاری ئیبن تەیمییە، وەک گوتارێکی سەربەخۆ خۆی نانوێنێ، هزرەکەشی داهێنەرانە دەرناکەوێ تا ئەوکاتەی جەخت لەسەر پابەندبوونی ڕەها بەو شەریعەتە دەکاتەوە، کە لە چەند سەدەی یەکەمی مێژووی دوای هاتنی ئیسلامەوە گەڵاڵە ببوو، وەک

حەقیقەتێکی پیرۆزکراوی سەروو زەمەن، دەنوێنرێ. ڕاستە ئەو تەنیا زانایەکی نەریتییانەی حەنبەلی نەبوو، کە توانیبووی لەنێو سیستمێکی دیارکراوی هزرییەوە ئەو حەقیقەتە پیرۆزکراوە سەروو زەمەنییە بەرجەستەبکات، بەڵام دواجار هزری ئەو پوختەی بەرهەمی ئەو کولتورە دەقگرتووەی نێو یادەوەریی کولتوریی حەنبەلییەکان بوو، یادەوەرییەک ئوسوڵییەتی سوننەگەرا بە پرۆسەیەکی دوور و درێژی پیرۆزکردنەوە، دایڕشتبوو؛ وەک تاکە ڕاڤەی ڕاستەقینەی ئیسلام و هەڵگری مانای حەقیقەتی ڕەهای ئایینەکە، خرابووە ڕوو. ئەو لەنێو ئەو خەیاڵدانەدا بیری دەکردەوە، کە وێنایەکی کۆنکرێتییانەی ئەو سەردەمە زووەی تێدا کرابوو و وەک تاکە پارادیمی قەبوڵکراو دەخرایە ڕوو؛ هیچ پرسیار و ڕەخنە و بیرلێکردنەوەیەکی لەخۆ نەدەگرت. بۆیە گوتاری ئەوە، ئەگەر ئەقڵانیانەش بخرێتەوە ڕوو، ئەوا هەر بریتی بووە لە جڵەوکردنی عەقڵ لەپێناو ڕەتکردنەوەی تەواوی بۆچوون، بیرورِا و گرووپبەندییەکی هزری و فەلسەفی، کە لەدوای ئەو زەمەنە پیرۆزەوە دەرکەوتبوو و چەشنێک لە دینامیکای بە مشتومڕ نێو کایەی ئایینیی بەخشیبوو.

هزری چاکسازییانەی ئیبن تەیمییە مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. تێڕوانین بۆ ئەم کەسایەتییە دابەش بووە لە نێوان ئەوانەی وەک پەرگیرێک دەیبینن کە خوێندنەوەیەکی کۆنکرێتی و داخراوی بۆ ئیسلام هەبووە، لەگەڵ ئەوانەی پێیانوایە ئەوەی ئەو بەرهەمی هێناوە ڕەخنەگرتن بووە لەو گەندەڵییانەی کایەی ئایینی گرتۆتەوە و خواستویەتی ئیمانداری سەردەمەکەی نوێبکاتەوە. لێرەوە هزری ئەو جێکەوتەی بەسەر جوڵە و بزاوتی جیاوازەوە هەبوو، لە ڕەوتە سەلەفییەکەی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە بگرە تا بە بزووتنەوە ڕیفۆرمە هاوچەرخەکان دەگات. بزووتنەوە ڕیفۆرمیستانەکەی وەهابی زۆرترین سوودی لە تێزەکانی ئەو وەرگرتوە، بەتایبەت لە دژایەتی کردنی فۆرمە تەریقەتییە سۆفیگەرییەکە، کە لە سەردەمی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب باڵی بەسەر تێگەیشتنی جڤاکە ئیسلامییەکان بۆ ئایین کێشابوو.

**ڕیفۆرم لە ناوکۆی ئایینی حەتمییەتی مێژوویيانەی هەیە، تا ئەوکاتەی ئایین خۆی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بە خودایەتی، یان هەرهێزێک کە باوەڕەکەی پێکدێنێ دانابڕێنێت**

هەرچۆنێک بێت زۆرجار توێژەران جەخت لەسەر ڕەهەندە سەربازی و توندوتیژەکانی ڕێبازی ڕیفۆرمیستانەی وەهابیزم دەکەنەوە، کە بووەتە هۆی

لەناوبردنی بەشێکی زۆری کولتوری ئایینی، کە بە ئیسلامی نەزانییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک وایدەبینن جوڵانەوەکەی ئەو پێداوستییەکی سەردەمییانە بووە، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو نەزانییەی دەوری هزری موسڵمانانی دابوو، لە گەڕانەوەی بۆ نەریتی دەقییانەی ئایین و بە لاڕێیدا بردوون.

ئەم کەسایەتییانە هەرسێکیان بەرجەستەی ڕێبازی ئوسوڵی نێو ڕیفۆرمی ئیسلامی دەکەن. ئەوەی کۆیان دەکاتەوە گەڕانەوەیە بۆ دەقی بنەڕەتی، جەختکردنەوە لەسەر یەکتایی ڕەها و ڕەتکردنەوەی هەر داهێنانێک کە لەگەڵ گوتاری قورئانی و نەریتی پێغەمبەریدا ڕێک نایەتەوە. کاریگەری ئەمانە بەسەر هزری ڕیفۆرمخوازانەی ئیسلامی دوور مەودا بووە تا بە ڕیفۆرمیستە مۆدێرنەکانی وەک جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا پەیڕەوکارانی قوتابخانەکەیان دەگات. وەک دەزانین لەگەڵ ئەم ناوانە چەمکی ڕیفۆرمی ئیسلامی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و کاریگەر بووە بەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتی، سیاسی، سیۆلۆژی و هزرییەی تێیدا ژیاون. بەلای ئەوان ڕێبازی چاکسازی لە خورکردنەوەی چەمکی گونجاندنەوە زێتر نوێندراوە؛ گونجاندنی بەها ئیسلامییەکان لەگەڵ هزری مۆدێرنەوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر نوێکردنەوەی هزر و ڕیفۆرم لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

**ئایینناسی:** مێژووی چاکسازی ئایینی لەناو کورددا بۆ کەی دەگەڕێنیتەوە؟

**د. حەیدەر لەشکری:** ئاسان نییە بتوانین مێژووی ڕیفۆرمی ئایینی لە جڤاکی کوردی، لە ڕووی دەستپێک و تایبەتمەندیشەوە، لە تەواوی ڕەهەندەکانیدا ببینین. ئەمەش بە شێوەیەکی سادە، پەیوەستە بەوەی هێشتا بەشێکی سەرەکی مێژووی بیروباوەڕی ئایینی خۆی نادیار و نەنووسراوەتەوە و لە دەرەوەی ئەو کۆنتێکستە بینراوەیە کە هزری ئایینی، بەتایبەت لەدوای هەژموونی ئیسلام و بوونی بە ئایینی زۆرینەی کورد، پێیدا گوزەراوە. من ئەگەر لەو ساتە بیر لەو مێژووە دەکەمەوە چەندین ناوم بە هزردا دێت، هەندێک نوێنەرایەتی ئیسلامی فەرمی دەکەن و هەندێکیش لە چوارچێوەی سێکت و گرۆ ئایینییە تایبەتەکانەوە دەرکەوتوون و هزری ڕیفۆرمیستانەی خۆیان نواندووە (بڕوانە ڕۆڵی چاکسازیکاریانەی هەریەک لە شێخادی لە کۆنتێکستی ئێزدی و سان سەهاک لە کۆنتێکستی یارسانیدا، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لە کۆنتێکستی هەقە...تادوای). خۆ ئەگەر لە مێژووی ئیسلامی سونی (شافیعی – ئەشعەری) لە پانتاییە کوردییەکە ڕابمێنین، ئەوا دیسان چەندین ناو دێنە هزر و لە چەندین قۆناغدا ڕۆڵی فیگەری جیاجیا دەبینین، کە تێگەیشتنی کوردییان بۆ ئەو ڕێبازە ئایینییە شێوەگیر کردووە

و ڕۆڵیشیان لە تۆکمەکردنی هەوڵە ڕیفۆرمییەکانی کارەکتەرە گشتییەکانی نێو ئەو ڕەوتە هەبووە، بۆ نموونە ڕۆڵی زانا شارەزوورییەکان، هەولێرییەکان، دینەوەرییەکان...تادوایی، لە تۆکمەکردن و هێشتنەوەی هزرە ڕیفۆرمیست خوازەکەی ئیمامی غەزالی. ئەم کەسە کاریگەری زۆری بەسەر گەڵەلابوونی فۆرمی تێگەیشتنی دەستەبژێری کوردیی (سوننەی شافیعی – ئەشعەری) بۆ ئیسلام و هەر چاکسازییەک کە دەشێ تێیدا بکرێ هەبووە. هەوڵەکانی ئەو لە کەمکردنەوەی دژیەکییەکانی نێوان فیقهی ئیسلامیی ئۆرسۆدۆکسی و فەلسەفە و کەلامناسی و سۆفیزم، تاڕادەیەکی باش تێگەشتنە کوردییەکەی دیاری کردووە. بەتایبەت لە شێوەگیرکردنی مێتۆدی هزرینی ئایینی و بنەما ڕەوشتییەکانی ئۆرسۆدۆکسیی سوونی. هەر بۆ نموونە ئەو زەمینەیەی بۆ هەبوونی مەنتقی ئەریستۆیی خۆشکردبوو، بووەتە مۆدێلی باوی خوێندن و تێگەیشتن لە زانستە ئایینییەکانی پانتاییە کوردییەکە و هەر هەوڵێکی ڕیفۆرمیستانە، ئەگەر لەو چوارچێوە شەریعەتیی – باوەڕیی – ڕۆحانیی و زانستییەدا هەبووبێت. بیرمان نەچێت گفتوگۆ و تێزەکانی ئەو تا نوکە، لەو پانتاییە و فراوانتریش، بابەتێکی گرنگی گفتوگۆن، بەتایبەت ئەگەر قسە هاتبێتە سەر پەیوەندی نێوان عەقڵ و ئیمان، ڕۆڵی فەلسەفە لە هزریی ئایینی، ئاوێتەکردنی ئاکار و ڕۆحانییەت لە چوارچێوەی ڕێساییانەی ئیسلامدا. هەربۆیە ئامادەیی ئەو و تۆخبوونەوەی ئەو ئامادەییەی لە قۆناغە مێژووییەکان، جومگە بنەڕەتییەکانی هزرە ڕیفۆرمیستەکانی لە پانتاییە کوردییەکە بە زیندوویی هێشتۆتەوە. بێ ئەوەی ئەمە بەو مانایە بێت ڕەخنەی لێ نەگیراوە و ڕیفۆرمیستی جیاواز لە دەرنەکەوتبێ. ئیبن سەلاحی شارەزووری دەشێ نموونەیەکی هەرە دیار و جیاواز بێت، کە هەوڵیداوە لە سنوری مەزهەبی شافیعییەوە، دژ بە جێکەوتە نەرێنییەکانی فەلسەفە و مەنتیقەوە بووەستێ و پارێزی لە پاکێتیی دۆگمای ئایینی بکات.

## ڕیفۆرمی ئایینی دیاردەیەکی دینامیکییە و فرەڕەهەندە و ئاساییە لە نەریتی جیاجیای ئایینیدا دەربکەوێت

کارەکتەرێکی تر، کە دەشێ لە کۆنتێکستی مێژووی ڕیفۆرمی ئایینی کوردی بنوێنرێت، مەولانا خالیدی نەقشبەندییە. ئەو لەوەدا ڕیفۆرمیستە، کە لە ڕێبازەکەیدا چەشنێک لە هاوسەنگی خستە نێو ڕەهەندی عیرفانییانە و پابەندیی شەریعەتییانە. ئەو، وەک دەزانین لەسەردەمێکی پڕ ململانێی سیاسی و تەشەنەکردنی ڕەفتاری سۆسیۆ - ئایینی

ناجۆر دەرکەوتووە، بۆیە بانگەوازی بۆ فۆڕمێک لە چاکسازی کردووە، کە بوژاندنەوەی پاکێتیی ڕۆحانی و ئاکاریی لەخۆدەگرت. دیدگای ئەو گەڕانەوە بوو بۆ ئیسلامێک، بەربەست بێت لەبەردەم بێبەهایی ڕۆحی و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتیدا. سۆفیزمێک لە چوارچێوەی شەریعەتییانەدا بتوانێ پێداویستییە ڕۆحانییەکانی مرۆڤەکانی سەردەمەکەی بەجێ بگەیەنێت. هەربۆیە زۆر لەو سروت و ڕێوڕەسمە تەریقەتییانەی ڕەتکردەوە، کە هەژموونیان بەسەر ئەم کایە ئایینییەدا کردبوو؛ وەک پاڵپشتی زیاد لە پێویست بۆ نوشتە و جادوگەری و سروتی ناجۆر. بەمەش ڕێبازە نوێگەرەکەی (خالیدییەی موجەدیدییە)، وەک ڕیفۆرمێک لە بواری سۆفیزمی ئیسلامی خۆی نواندووە. هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی خێرای بوو، نەک هەر لە سەرتاپای کوردستان بەڵکو لە زۆر بەشی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە ئاسیای ناوەڕاست و باشوری ئەم ئیمپراتۆریەتە. ڕێکهێنانەوەی بنەما شەریعەتییەکان و چەمک و دەستەواژە و کردەوە سۆفییانەییەکان، ئەهلی تەریقەت و شەریعەتی بۆ ڕێبازە نوێییەکە ڕاکێشاوە و هاوکار بووە لە گۆڕینی ڕوانگە و دیدی زۆر لە زانایانی سەردەمەکەی (وەک بۆ نموونە گەورە زانا یەحیای مزوری). موکڕبوونی مەولانا خالید لەسەر ئەوەی، کە دەبێت تەسەوف ڕۆڵێکی کاریگەری لە نێو دۆزەکانی جڤاکدا هەبێت، هەروەها هاندانی لایەنگر و موریدانی بۆ پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا شەرعییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جەختکردنەوە لەسەر وێنای ئەرێنییانەی کەسی سۆفی لەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی، هەموو ئەوانە هۆکاربوون بۆ بە ڕیفۆرمزانینی ڕێبازەکە و چۆنیەتی ئەو بڵاوبوونەوەیە خێرایەی. بەچەشنێک زۆری نەبردوە، هەر لە پانتییە کوردییەکە، بۆتە هێزێکی دینامیکانەی نوێبوونەوەی ئایینی و کۆمەڵایەتی.

پێموایە کەسێکی تر لە دوادواییەکانی سەردەمی کلاسیکی مێژووی هزریی کوردی، ڕیفۆرمیستانە ڕۆڵی گێڕابێ، ئەگەرچی کاریگەریی زۆر کەمتر و سنوردارتر بووبێت لە هی مەولانا خالید، حاجی قادری کۆییە.. ئێمە پێستر لە کتێبی "واهیمەی شێخەکان و خەیاڵدانی حاجی" قسەمان لەسەر ڕەهەندی ڕیفۆرمیستانەی دەقە شیعرییەکانی حاجی کردووە. لەوێدا ئاماژە بەوەدراوە، کە ڕەخنەی ئەو لە نەریتی تەریقەتییانە، تێگەیشتنی سۆفییانە و زاڵبوونی جیهانبینیی شێخگەرایانە لە بەرێکدا، ئینجا بانگەشەی گەڕانەوە بۆ نەریت و تێگەیشتنی نەریتییانەی ئایین لەبەرەکەی دیدا، چەشنە ڕیفۆرمێکی ئایینی بوو. ئەو هاوشێوەی ڕیفۆرمیستە ئیسلامییەکانی سەردەمەکەی بوو لەوەی تێژ و بۆچوونی جیاوازی بۆ

ڕەوشی هەنووکەییانەی جڤاکی کوردی هەبوو. حاجی لەوەدا لەگەڵ بۆچوونی ڕیفۆرمیستەکانی وەک ئەفغانی و عەبدە یەکی دەگرتەوە، کە دەبێ چاکسازیی بە ڕووبەڕووبوونەوەی تێگەیشتنی نەریتییانەی سۆفیگەری تەریقەتیی دەست پێبکات. تا ئایین ئەو وزەیەی تێدا بگەڕێتەوە، بتوانێت لە ئێستای موسڵمانانندا (کە بۆ حاجی موسڵمانی کوردە) بە کارایی بمێنێتەوە. بە بینینی ئێمە ئەوەی حاجی جیا کردووەتەوە ئەوەیە، کە ئایین لای ئەو، کەمتر هۆشیارییەکی ترانسندنتاڵییانەیە وەك ئەوەی – بە مانا عیرفانییەکەی - مەبەستێك بێ لە خۆیدا. بەڵکو لەنێو ئەو گوتارە، ئەرکێکی هەیە دەبێ جێبەجێی بکات. لە سنورە تەریقەتییەکەدا ناتوانێ ئەم ئەرکەی هەبێ، وەك هەندێک کارەکتەری سۆفی بانگەشەیان بۆ دەکرد و کەسێکی وەك محەمەد عەبدەش پەسەندی کردوە. ئەمە چ جای ئەو ئەرکە ناسنامەییەی، خوێندەوارە کوردەکە لە سەرتاپای گوتارە شیعرییەکەی خواستوویەتی. لە دەقە شیعرییەکاندا بە ئاشکرا دیارە، کە ئەو لە چەند وێستگەیەك، لەگەڵ ئەم گوتارە ڕیفۆرمیستییە، هاوڕا ماوەتەوە. بەتایبەت لە مەسەلەی پابەندبوون بە ئیسلامی نەریتی - ئۆرسۆدۆکسییانە. ئەوە نەبێ، ئەو هیچ تروسکاییەکی لەو کارا نوێییانەی پانتایی کوردی نەبینیە، کە شێخانی تەریقەت بوون، بەتایبەت لە پێشخستنی بنەما شەرعییەکانی ئەو فۆرمەی ئیسلام، کە لای ئەو قەبوڵکراو بووە. ئەو تەنیا لە ئەهلی شەریعەتدا پارێزەری نەریت و فۆرمی قەبوڵکراوی تێگە و ڕەفتاری ئایینی بینیوە. کێشەی بەردەم گوتاری ڕیفۆرمیستانەی حاجی ئەوە بوو، کە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی کوردانە بۆ باوەڕی ئایینی، لە زۆربەی باردا، تێگەیشتنێکی سۆفیگەرییانەی میللی و بەرهەمهێنان و شێوەگیرییەکی تەریقەتییانە بووە. گوتاری ئەوان ئامادەیی ئیسلامی لە زەمینەی کوردیدا، ڕەنگرێژ کردبوو. ئەمەش لە دیدی حاجییەوە، ڕەوشێکی سۆسیۆ - سیاسی ئەوتۆی هێنابووە ئارا، کە ڕیشەکەی لە دوێنێ دایە و هەنووکەیی نەدەبۆوە، تا ئەوکاتەی کۆی هزری سۆفییانە زاڵ بووە بەسەر ئاگایی دەستەجەمعییەوە، بێ پرسین لە بەهای شەریعەتییانەی ئەم هزر و تێگەیشتنە و جێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی، کە حاجی بە مەترسیداری دەزانین.

**لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا زۆربەی کات بیرۆکەی ڕیفۆرم بە گەڕانەوە بۆ بنەما یەکەمینەکانی ئیسلام و بە چەمکی وەک تەجدید و ئیسلاح گرێدراوە**

کەسایەتیەکی تری کورد، کە دەشێ هەڵوەستەی جدیی لەسەر بکرێت و

بەشێکی گرنگی مێژووی هزریی ئایینی کوردی پێکدەهێنێ سەعیدی نورسییە. ئەو لەو دەگمەن کوردانەیە، کە ڕیفۆرمیستانە کاری لەسەر کایەی ئایینی کردووە. سەعیدی کوردی بە یەکێک لە یەکەمین ئەو کەسانە دادەنرێت، کە لە دوای دارمانی دەسەڵاتیی نەریتییانەی ئیسلامی (دەوڵەتی عوسمانی) بیریان لە چاکسازی کردووەتەوە، بەتایبەت گونجاندنی بنەما ئایینییەکان و داخوازییەکانی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی (بەتایبەت زانستی نوێ و هزری عەقڵانییانە)، کە هاتبووە نێو ماڵی موسڵمانانەوە. پاشخانی هزری ئەو، وەک ئاماژەم پێدا ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی و جێگرتنەوەی بوو بە دەوڵەتێکی سێکیولاری نەتەوەگەرای وەک تورکیای کەمالی. لە پەیامەکانی نور جەختی لەسەر گرنگیی پاراستنی ئیسلام وەک پێداویستییەکی ڕۆحانی و هزریی لە پانتایی ئیسلامی کردووەتەوە. پێیوابووە ئەو تێگەیشتنە تازەباوەی هاتبوو و دوپاتی دەکردەوە، کە گوایە دژیەکییەک لەنێوان ئیمان و عەقڵدا هەیە، چەشنێکە لە خۆدزینەوە لە تێگەیشتنی وردی ئیمان خۆی، کە تێگەیشتنێکی ئاوا دەشێ ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە ئەم دوو کایەیە نەک هەر دژیەک نین بەڵکو یەکتر تەواو دەکەن. ئەو وا لە جیهانی سروشتی دەڕوانی، کە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی یەکتایی خودا (تەوحید). هەربۆیە دەبینین لە زۆربەی پەیامەکانی، پێش ئەویش لەو وتارانەی بە کوردی و لەژێر ناوی سەعیدی کوردی بڵاوی کردبوونەوە، هانی موسڵمانانی داوە تێکەڵ بە توێژینەوەی زانستیی سەردەمییانە بن، چونکە بەهۆیەوە دەتوانن قوڵتر و وردتر لە خودا وەک خالق بگەن.

جێگەی سەرنج بوو، نورسی هەوڵی داوە، جیاواز لە ڕیفۆرمیستانی پێشوو و هاوسەردەمی، خۆی لە پێشکەشکردنی چارەسەری سیاسی بەدووربگرێت و ڕیفۆرم لە ئاستی گشتییەوە بۆ ئاستی تاک بگوازێتەوە. ئەو وایبینییە تاکی ڕوناکبیری ڕوحانی دەتوانێت بنەمای کۆمەڵێکی دادوەر و هارمۆنی دابڕێژێت. بەداخەوە سیاسەتی ستەمکارانەی کەمالی بواری ئەوەی نەدا هزرە ڕیفۆرمیستەکانی لە سەردەمی خۆیدا جێکەوتەیان هەبێت، بەتایبەت کە پەیامەکانی بە نهێنی بڵاودەکرانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆسێسی نهێنیبوون و ئەستەمی دەستگەیشتن زیاتر سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا. درەنگتریش بوونە چوارچێوەیەکی گرنگی هزریی ئیسلامی و کاریگەریان خستۆتە سەر هزر و چالاکیی ئیسلامییانە. دۆزینەوە و جێکردنەوەی گوتاری ڕۆشنگەرانەی سەعیدی نورسی لە کۆنتێکستی هاوچەرخی هزری ئیسلامی، دەریخست لە بەرهەمهێنانی تێگەیشتنی ورد لەبارەی هەندێک لە دۆزە سەردەمییەکان، چەندە پێش کاتی خۆی کەوتبوو؛ جەختکردنەوەی

لەسەر ڕیفۆرمی ناتوندوتیژانە، فێرکردن، پەروەردەی تاکی ڕۆحانی بەسیاسی نەکراو، نموونەیەکی جیاوازی کاریگەری و کارتێکردنی تاکی موسڵمان لە ئێستای جیهان نواندووە. ئەمە سەرباری ئەوەی بانگەوازی بۆ بەیەکەوەژیانی ئایین و لێکتێگەیشتنی سیستمە باوەڕییەکان، وایکردووە جیاواز بێت لە زۆر لەو ڕیفۆرمیستانەی تێزەکانیان بوونە پاڵپشتی هەندێک ڕەوتی توندڕەوی ئوسوڵی. نورسی، لەمیانەی چارەسەرکردنی ئەو ئالەنگارییە وجودی و هزرییانەی مۆدێرنە بۆ تاکی باوەڕداری دروست کردووە، پلانێکی بۆ کاریگەریی پۆزەتیفانەی ئەم تاکە خستووەتەڕوو، بێ ئەوەی ئەمە لە چەمکی ئیمان کەم بکاتەوە.

**زۆرجار توێژەران جەخت لەسەر ڕەهەندە سەربازی و توندوتیژەکانی ڕێبازی ڕیفۆرمیستانەی وەهابیزم دەکەنەوە، کە بووەتە هۆی لەناوبردنی بەشێکی زۆری کولتوری ئایینی**

ئەم کارەکتەرانەی باسمان کردن، هەریەکە و لە زەمەن و شوێنی خۆی، ڕیفۆرمیستانە لە ئامادەیی ئایینیان ڕوانیوە و پێموایە هەڵوەستەکردن لەسەر بەشدارییەکانیان، هەر دیبەیتێکی داهاتوو لە زەمینەی ڕۆشنبیریی کوردی سەبارەت بە ڕیفۆرمی ئایینی قوڵتر دەکات و فرەڕەهەندتری دەکات. جگە لەوانیش لیستەکە دوور و درێژە و دەیان کەسی زانا، ئەکادیمیست، سیاسەتمەدار لەخۆ دەگرێت.

**ئایینناسی:** مەلای گەورەی کۆیە و شێخ محەممەدی خاڵ وەك دوو نوێگەری بیری ئیسلامیی کوردیی سەدەی بیست ئەژمار دەکرێن، چ تایبەتمەندی و خەسڵەتێك بیری ئەم دوو کەسایەتییە لە نوێگەرە موسڵمانە عەرەبەکان جیادەکاتەوە؟

**د. حەیدەر لەشکری:** ڕەنگە جیاوازی هەرە بنەڕەتی هەمەگیربوون و تایبەتێتی گوتاری ئایینییان بێت. هەردوو زانا کوردەکە، بەو پاشخانە هزرییەی نوێگەرە ئیسلامییەکان (بەتایبەت ئەفغانی و عەبدە)ەوە هاتون بانگەوازی نوێبوونەوە لە زەمینە خۆجێیە کوردییەکە دەکەن. هەردوو زانا بە ئاگابوون لەو تێگەیشتنە نوێیانەی لە نێو هزری ئیسلامیدا جێگەیان ببۆوە. بۆیەشە ئەگەر هاتون بۆ کورد دواون، بەشێکی زۆر لە پرسگرانەیان بینیە کە گەورە ئیسڵاحییەکان کردویانەتە خەمی گشتی، هەر لە مەسەلەی تەوحید و ئەوانەی گومانی دەخەنە سەر (شیعەکان، سۆفییەکان...) بگرە تا مەسەلەی پەیوەندیی نێوان عقڵ و ئیمان. ئەگەریش وردیان کردووەتەوە، ئەوا بە مەبەستی کوردانندنی پرسەکان بووە تا ئاستی ئەوەی ڕیفۆرم پەیوەست

کراوە بە هەبوونی نەتەوەییانەوە. ئەوەتا لای مەلای جەلیزادە پرۆژەی ڕیفۆرم بە تێگەشتنی باوی ئایینی دەستپێدەکات، بەتایبەت ڕەتکردنەوەی توندی شێخگەری و باوەڕبوون بە خورافە و هەژموونی ڕێوڕەسمە تەریقەتییەکان، کە بەلای ئەو مەسەلەکە تەنیا بریتی نییە لە زەرەردان لە سیستمی دروستی باوەڕداری، بەڵکو زەرەردانە لە کوردبوون وەک بەها و ناسنامە. ڕەنگە زۆرانێکمان ئەو دوو دێڕە شیعرەی ئەومان بیستبێت، کە دەڵێ:

بە ڕیشی پان و پرچی پڕ لە ئەسپێ   بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ

هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ.   ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمینێ

واتا نوێگەری و بانگەشەبۆکردنی خراوەتە خزمەت شوناسە ئیتنییەکەوە، بۆیە دەبینین ئیش لەسەر بوونیادنانەوەی مرۆڤی کورد دەکات، بە تێگەیشتنێکی جیاوازی ئایینییەوە. ئەمەش سەنتێزی گوتاری ئایینی ئەوە؛ کورد لە جیهاندا چۆن بێت؟ هەر لە سیستمی پەروەردەکەیەوە بگرە تا بە بنەمە عەقیدەییە وردەکانی وەک مەهدی مونتەزەر دەگات. ڕەنگە بوار نەبێت تەواوی ئەم گوتارە لێرە ڕوون بکەینەوە، بۆیە با نموونە بە داگیرکردنی ویستی تاک لەلایەن زانای نەزانەوە بهێنینەوە. دەڵێ زاناکان ئەمە دەکەن بەبیانووی ئەوەی چارەنوسی مرۆڤ هەر مردنە و دەبێ ژیان بێبەها ببینێ و دەستەوەستان لە چاوەڕوانی مەرگی خۆی بێت. کەچی ئەو پێیوایە قودرەتی مرۆڤ سنووری بۆ نییە و ناکرێ لە کۆنتێکستی ئایینییەوە کردەوە بەرزەفت بکرێت. لەم ڕووەشدا چەند دێڕە شیعرێکی هەیە، ڕەخنەن لە زاناگەلی گرنگی وەک فەخری ڕازی و ماتوریدی و پرۆگرامێکی نوێگەرانەن بۆ هزری ئایینی لە پانتاییە کوردییەکە، کاتێک دەڵێ:

خۆزیا ئیمامی ڕازی لەم عەسرە زیندوبا. تا
لە سونعی بەشەری تەیارەی بدیبایە
ئەوجا ئیمانی دەینا بە قودرەتی بەشەری.
قەت ئینکاری نەدەکرد بە تەقلیدی ئەشعەری

**مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەوەدا ڕیفۆرمیستە، کە لە ڕێبازەکەیدا چەشنێک لە هاوسەنگی خستە نێو ڕەهەندی عیرفانییانە و پابەندیی شەریعەتییانە**

بەگشتی مەلای جەلی و شێخی خاڵ و سەجادی و دەیانی هاوشێوەیان، ورد لەسەر تێگەشتنی نەریتییانەی کوردەکان بۆ ئایین وەستاون، ئینجا هاتوون ڕەخنەیان لێگرتووە و تەنیا جەختیان لەسەر ئەو ڕەگەزانە کردووەتەوە، کە دەشیا هاوکار و هاندەری تاکی کورد بن بۆ سەردەمیبوون و گونجان لەگەڵ ئێستای دونیادا، چونکە بۆ ئەمانە پرسەکان بۆ

کورد دووجار بارن، بارن بەسەر هەبوونی کوردانە و ئیماندارانەیان لە زەمەنێکدا کە پێویستی بە نوێبوونەوە و خۆگۆڕین هەبووە.

**ئایینناسی:** تا چەند ڕۆشنگەران و چاکسازانی ئایینی کورد سەرکەوتوو بوون لە گەیاندنی گوتار و ئارگۆمێنتەکانیان بە ئاراستەیەکی ئەرێنی بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی کوردیی؟

**د. حەیدەر لەشکری:** ڕۆشنگەر و چاکسازانی ئایینی لە کوردستان بەربەستی زۆریان هەبووە لەبەردەم بۆ گەیاندنی هزری خۆیان، کە لە سەردەمانی پێشوو زۆر هۆکاری هەبووە، لە ستەمی سیاسیی سیستماتیکەوە بگرە، تا پەراوێزخستنی ناسنامەی کوردی و بیرنەکردنەوەی ئایینییانە بە زمانی کوردی. ئەو ڕابوونە کولتورییەی لە چەند دەیەی دواییدا دەکرا چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرایە کاریگەرانەتر گوتار بەرهەمبهێنن و سەرنجی بەردەنگی زۆری کوردی، لایەنیکەم باوەڕداران، ڕابکێشن. بەتایبەت ئەگەر زمانی کوردی، بڵاوکردنەوە و دەرکەوتنی دەزگای زانستیی – ئەکادیمیش بەرەبەرە بوونە تەوەرەیەکی گرنگی نێو پانتایی هزریی ئایینییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بڵاوبوونەوەی هزری ڕیفۆرمیستانە لە گوتاری ئایینیی کوردیدا ناوەندیی نەبووەتەوە. ڕەنگە بەشێکی پەیوەست بێت بە ناجێگیریی سیاسی، دابەشبوونی سیاسیی – نێوخۆیی و هەژموونی گێڕانەوە نەریتییەکان و هەوڵی قۆرخکردنی لە زەمینەی کۆمەڵایەتی کوردیدا. ئەمەش پێویست بەوە دەکات تێگەیشتنێکی قوڵمان هەبێت لەسەر سیاسەتی ناسنامە، بوژانەوەی نەریت، ناسنامەسازیی بەرە دژیەکەکان (ئیسلامی، عەلمانی) و بەربەستەکانی بەردەم چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە زەمینەیەک کە پێشتر خرابووە پەراوێزی مێژووی ڕیفۆرمەوە. ئەم ڕەوشە گشتییە وایکردووە هەست بەوە نەکرێ کارەکتەرە کاراکانی نێو هزری ئایینی بەرنامەی هەمەگیری ڕیفۆرمیستانەیان هەیە، ئەوەندەی وەک وتاربێژ (فۆڕمی هەرە خوازراوی کارەکتەری ئایینیی سەردەم) خۆ بنوێنن. بچۆ ڕاپرسییەک بکە لە نێو خەڵکی "شەقامی باوەڕداران"، تا بزانی جێکەوتەی هزری زانایەکی وەک د. مستەفا زەڵمی یان تەنانەت هەر ڕیفۆرمخوازێکی نێو ڕەوتە ئایینییەکان، کە خوێندنەوەی هزرییانەیان بۆ دیاردەی ئایینی هەیە زیاترە، یا "کۆڵکە بانگخوازێک"ی زمان "زبر" لە وتاردانادا. لەدەرەوەی ئەلقە ئایینییەکە خوێندنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ئایین و ڕەخنەگرتنیان لە هزریی ئایینی، مێژووی خۆی هەیە. ڕەنگە سەرەتاکانی کاری دەستەبژێری کوردی، لە دەرەوەی تێگەیشتنی باوی ئایینی پەیوەست بووە بە کاریگەربوون بە ڕەوتە هزرییەکانی پەیوەست بە مۆدێرنەوە، هەر لە جەمال

عیرفانەوە بگرە تا بە دڵداری شاعیر و عەبدولخالق مەعروف دەگەیت، دەبینی خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ چییەتی ئایین بە گشتی و ئامادەییەکانی لە جڤاکی کوردیدا هەبووە، کە ڕەنگە ئێمە نەتوانین لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنێکدا تایبەتمەندی هەریەک لەوان و ئەو سیستمە هزرییەی پەیڕەویان لێ کردووە بخەینە ڕوو.

گوتاری پەرگیری ئایینی و ناسیونالیستیی، هاوتەریب، کاریان لەسەر نواندنی عەبدولخالق مەعروف وەک دژە دین و دژە ئیسلام کردووە، لەکاتێکدا خوێندنەوەیەکی نا ئایدۆلۆژییانەی کتێبەکەی دەریدەخات، کە لە پاشخانێکی ڕیفۆرمیستانەوە هاتووە سەرەدەری لەگەڵ گوتاری ڕۆشنبیریی و ئایینیی کوردی کردووە، لە بابەتێکی هەستیاری وەک پێگەی ژن لە کۆنتێکستی ئایینییدا. ئەو دابڕانێکی بینیوە لەنێوان ئەوەی دەستەبژێرە کوردییەکە بانگەشەی بۆ کردووە، لەبارەی یەکسانی هەردوو ڕەگەز، لەگەڵ تێگەیشتنی دەقی ئایینی و گێڕانەوە مێژووییەکان سەبارەت بە هەمان بابەت. تۆ تەماشاکە، لە مەسەلەی مافی کارکردنی ئافرەت چۆن هەرزە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی هەڵدەوەشێنێتەوە، کە تێیدا هەستەکییانە جەخت لەسەر ئەو مافە کراوەتەوە؛ هێنانەدەرەوەی ژن لە ماڵ و جێکردنەوەی لە بازاڕی کار (فەزای گشتی). مەعروف ئەمەی بە ماف نەزانیوە و پێیوایە یەکسانبوون دەبێت لەسەرووی ئەم گوتارە بانگەشەکارییانەوە بێت. ئەو وایبینیە ڕێگەدان بە کارکردن نەک هەر مافی بە ژن نەداوە، بەڵکو چەشنێکی تری چەوساندنەوە بووە. بەوەی ناچار بەوە بووە، هەم ڕۆڵی پێشووتری بگێڕێت هەمیش کاری دەرەوە. ئەو یەکسانبوون بە کەسێتی گرێداوە و وایبینییە کە ماف مافی مرۆڤبوونە، لەدەرەوەی هەر ڕەوت و ڕووگەیەک، کە بیروباوەڕ دیاری کردبێت. خۆ هەر ئەمەش دەتوانێت بەهانەی ئابوری نایەکسانی پووچ بکاتەوە، بەوەی ڕێگەدان بە ژنان بەرهەمهێن بن و خودان ئابوری سەربەخۆ بن، تا لە ڕێگەی ئەمەوە یەکسان ببنەوە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، کە پیاوە. ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە لە گرفتەکە، سەپاندنی ڕوانگەی پیاوانە بووە لە ناسینەوە و ڕاگەیشتن بەسەر ڕەهەندەکانی گرفتە سۆسیۆ – ئایینییەکە و چارەسازییەکەی. لێرەوە ڕەخنەی ئەو لە کۆنتێکستی ڕیفۆرمی ئایینیدا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام لە ڕەهەندێکی تەواو جیاواز لەوەی لەنێو کۆنتێکستە باوە کوردییەکە خرابووە ڕوو. ئەو ڕەخنەی لە بەپیاوکردنی گرفتەکە هەبووە، چونکە دواجار پیاوبوون ڕێگربووە لەو چەشنە مافبەخشینەدا. واتا ڕەخنەی ئەو لە ناتێگەیشتنی گوتارە ڕۆشنبیرییەکە بووە لە ماناکانی یەکسانی، ئازادی و ماف خۆیەوە و ئەمەش گرێدەدات بە نەبوونی خوێندنەوەی

دروستی کۆنتێکستە ئایینییەکەوە. ئەو گوتوبەتی ناکرێ تۆ ئیش بۆ سەپاندنی ئەو چەمکانە بکەیت لە ناوکۆیەکی ئەوتۆی سۆسیۆ – ئایینییەوە، کە ڕێگربووە لەوەی ڕەگەزی نێر خۆی ورد لەم چەمکانە بگات و لەنێوخۆیدا جیاواز لەوەی هەیە تاقی کردبنەوە. ئەگەر وای نەکردووە، ئەوا تەنیا وەک پلانێکی نێرینانە دەمێنێتەوە بۆ گەیشتن بە جەستەی ژن و بە هەمان ئەو ئەنجامە دەگات کۆمەڵە نەریتییەکە لە ژندا بینییەتی و لەنێو دەقدا ڕەوایەتی بۆ دۆزیوەتەوە.

**گوتاری ڕیفۆرمیستانەی حاجی ئەوە بوو، کە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی کوردانە بۆ باوەڕی ئایینی، لە زۆربەی باردا، تێگەیشتنێکی سۆفیگەریانەی میللی و بەرهەمهێنان و شێوەگیرییەکی تەریقەتییانە بووە**

هەرچۆنێک بێت، ئەوەی لە ئەزموونی ڕەخنەیی عەبدولخالق مەعروف و کەسانی تر، سەر بە هەردوو بەرەی ئایینی و سیکیۆلار، لە خوێندنەوەی دیاردەی ئاییندا گرنگ بوو هەبێت و نەبووە میتۆدێکی ڕوون و پاشخانێکی تیۆری بوو، لە دەرەوەی بازنەی وتاردان و هەڵوێست وەرگرتنەوە سەرەدەری لەگەڵ ئەم دیاردەیە بکات. ئەمە وایکردووە کاریگەریی دوورمەودایان نەبووبێ، بەتایبەت لە مەسەلەی تێگەیشتنی کوردانە بۆ دیاردەی ئایین، بەتایبەت ئیسلام. چوارچێوەی میتۆدی و پاشخانی تیۆری دەتوانێ چەشنێک لە هارمۆنیای کولتوری بخاتە بەردەست، بەتایبەت لەنێوان خۆماڵیبوون و هەمەگیریێتی، ئەمە سەرباری ئەوەی گوتاریی ڕەخنەیی دەشیا ڕێنمایی ستراتیژییانە پێشکەش بکات، کە ببێتە گەرەنتی ئەوەی قسەکردن لەسەر ڕیفۆرم لەگەڵ فرەیی و جیاوازبوونی زەمینەی کوردی ڕێک بێتەوە و بچێتە سەرووی دابڕانە ئایدۆلۆژییەکانەوە، کە دەیەوێت ئایین لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بگرێت و ببینێت. ئەمە واتا تێپەڕاندنی مەرزە نەریتییەکانی خوێندنەوەی ئایین بێ نەفیکردنی بەرامبەر و دراوە سیۆلۆژی یان سیکیۆلارەکانیان. لێرە ئەوەی دەبووە سەنگی مەحەک ڕیفۆرم بوو لە خۆیدا، بەو متمانەیەوە کە لە بەڵگەسازی و ڕاستاندن و ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی بەرنامە ڕیفۆرمییەکانی تۆکمە دەکرد. نەک ڕیفۆرم و دژە ڕیفۆرم وەک یەک خۆ بنوێنن و عەلمانی و ئوسوڵیمان بە یەک تۆنی دەنگ ڕەخنەبارانی "هزری نەخوێندراوە"ی یەکتر بکەن.

بەگەڕانەوە بۆ بابەتە بنەڕەتییەکە دەخوازم بڵێم ڕۆشنگەر و ڕیفۆرمیست، ئەوکاتە دەتوانن باشتر خۆ بنوێنن، ئەگەر لێهاتوانە لە دینامیکای ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی

و سیاسی جڤاکی کوردی بگەن، کە تێکەڵییەکی سەرنجڕاکێشی پەیوەندیی خێڵەکی – نەریتییانە، دابەشبوونی سیاسی، شرۆڤەی فرەجۆر و تا ئاستی دژیەکی بۆ ناسنامە تێدایە. لە زەمینەیەکی ئاوادا چڕکردنەوەی بانگەوازی ڕیفۆرم بە وتاردانی سەرپێییانە هیچی لێ شین نابێت، هەڵچوونی ئان و ساتانە نەبێت. کۆکردنەوەی کورتبڕانەی خەڵکی بە دەوری وتاربێژان ئەوپەڕەکەیەتی و تا پێویستی سۆسیو سیاسییانە بەم گوتاربێژە بڕ دەکات. ئەزموونیش پێماندەڵێ ماوەیەکی کورتە و دادەمرێتەوە. لەکاتێکدا ئەوەی دەشێ کاریگەریی درێژمەودای هەبێت گوتارێکی فرە دیسپلینانەی دەزگاییانەیە، لەپێناو دارشتنی سیستمێکی هەمەگیر و تۆکمەی هزری، کە ناشێ و ناکرێ هیچ هەوڵێکی ڕیفۆرمیستانە خاڵی بێت لە سیستمێکی ئاوا، ئەگەر دەیەوێت جێکەوتەی بەردەوامی هەبێت. وەرگرتنی دید و تیۆری پەتیی لە سۆسیۆلۆژیا، زانستی سیاسەت، ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەمە سەرباری ئەو هەموو لق و پۆپەی ئایینناسی خۆی لێی بۆتەوە، دەشێ هاوکاری زۆر باش بن لە زەمینەسازی بۆ گفتوگۆی نێوان گرۆ و کۆمەڵە دژیەکەکان، لەوپەڕی پارێزگار و نەریتگەراکانەوە بگرە بۆ ئەوپەڕی لیبراڵ و دژە دینەکان، لە ڕوانگە و هەڵوێستیان بۆ ئایین خۆی لە زەمینە کوردییەکەدا.

خۆ ئەگەر ئەوە بکرێت، ئەوە هێشتا هیچمان نەکردووە جگە لە زەمینەسازی، دوای ئەوە، ئەی ڕیفۆرمیست خۆت و ئارگیومێنتەکانت و بەڵگەسازیت لەپێناو خەلقکردنی دیمەنێکی هزریی دینامیکانە کە، بۆ ئەوەی بەرهەمداربێت، دێت فرەچەشنی هزری دەکاتە کۆڵەگەی هەرە بنەڕەتی خوێندنەوەی هەر دیاردەیەکی پەیوەست بە کایەی ئایینییەوە.

**سەعیدی کوردی بە یەکێک لە یەکەمین ئەوکەسانە دادەنرێت، کە لە دوای دارمانی دەسەڵاتیی نەریتییانەی ئیسلامی (دەوڵەتی عوسمانی) بیریان لە چاکسازی کردووەتەوە، بەتایبەت گونجاندنی بنەما ئایینییەکان و داخوازییەکانی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی**

**ئایینناسی:** لەسەر ئاستی دەستەبژێری ڕۆشنبیری کورد، چەند توانراوە توێژینەوە دەربارەی مێژووی ئایین و ئایینناسی بە ئاراستەی چاکسازی و نوێگەری بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجام بدرێت؟

**د. حەیدەر لەشکری:** بێگومان بە پەرەسەندنی کایەی ئەکادیمی لە کوردستان چاوەڕێی ئەوەش دەکرا مێژووی ئایین و ئایینناسیش چەند هەنگاوێک بە ئاراستەی ڕیفۆرم بچێتە پێش. بەڵام وردبوونەوە لە بەرهەمی زۆرینەی هەژمونگەرای کارەکتەرە ئەکادیمییەکان، وەک زۆر بوارەکانی تری

زانستە مرۆڤایەتییەکان، بێ ئومێدت دەکات. بەرنامەی کاری بەشەکانی ئایین و زانستە شەرعییەکان، توێژینەوەی بڵاوکراوە و تێز و نامە زانستییەکان زۆرن، بەڵام دەبینی بەدەست چەندین کۆت و پێوەندی جەوهەرییەوە دەناڵێنن، لەهەموویان زەقتر دابڕانیانە لەوەی لەهەمان بوار و پسپۆڕیدا لە جیهانی ئەکادیمی، لەهەردوو ئاستی تیۆری و میتۆدیدا، دەگوزەرێ. بەشی هەر بنەڕەتی ئەو کارانەی هەن، هێشتا گفتوگۆن لەسەر ئەو جەدەلە فیقهی، کەلامی، ئوسوڵیی...یانەی لەسەردەمی کلاسیکدا هەبوون و بە ڕای بنبڕ کوژراون و تەڕایەتی ئەوەیان تێدا نەماوە ببنە دەستپێک بۆ بەرهەمهێنانی تێگەیشتنەکی جیاواز و سەردەمییانە. بەشێکی بەرچاویشی تەرخانکراوە بۆ کار و بەرهەمی زانایانی پێشین و کۆنتێکستی مێژووی پێشکەوتنی خوداناسیی ئیسلامی. لەم کارانەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو دابڕانەیە لەنێوان هزری ئایینی و هەنوکەی توێژەردا هەیە؛ جێکەوتە و لێکەوتەکانی ئەو مێژووەی بیروباوەڕ بەسەر تێگەشتنی ئێستایانەی کۆمەڵەی کوردی بۆ ئیسلام. بەداخەوە کەمتر جەربەزەیی هزریی دەبینرێت لە نوێکردنەوەی بابەت و میتۆدی کارکردن، ڕێگە بە پەرەسەندنی جیاوازی هزری ئایینی و تێگەیشتنمان بۆ ئامادەیی ئەم دیاردەیە لە زەمینەی کۆمەڵایەتیی کوردستانی بدات. بەمەش واهەست دەکەیت خەمی توێژەران شتێکە و خەمی کۆمەڵ و باوەڕداری سەردەمەکە شتێکی تر.

ئەوەی گوتم تێبینی گشتین لەسەر گوتارە باوەکە، دەشێ هەندێک کەسایەتیمان هەبن، لە کۆنتێکستە ئەکادیمییەکە وەک خودان پرۆژەی ڕیفۆرمیستی ببینرێن. خۆ، وەک پێشتر ناوم هێنا، کەسێکی وەک دکتۆر زەڵمی ئاسان نییە تێپەڕێنرێ. ئەو لە بوارەکەی خۆیدا، بەتایبەت دوبارە ناسینەوەی فیقهی ئیسلامی لە کۆنتێکستی هاوچەرخدا. بەڵام هەوڵی ئەو و چەندانی تر زیاتر وەک دەرچوون لە ڕێسای باو دەنوێنرێن نەک ڕێسایەکی گشتی بواری لێکۆڵینەوەی ئایینی لە کوردستاندا. واتا – ئەگەر بە زمانی ئەهلی پسپۆڕییەکە بدوێین - ئەوانە ئیستیثنان نەک قاعیدە. ئەوەی قاعیدەکەیە مانەوەیە لە سنوری تێگەیشتنە نەریتییەکانی کۆی زانستە ئایینییەکان و ئەوەی دەبێ بخوێنرێ و ئەوەی نابێ بخوێنرێ و ئەوەی دەبێ لەبارەوەی بنوسرێ و ئەوەی نابێ بنوسرێ. هەمووشی بەهەمان ئەو میتۆدە کلاسیکییەی زانایەکی گوندێکی ئەو پەڕی کوردستان لە سەدەی چواردە کاری لە سەر ئەحکامی زەواج و تەڵاقدا کردووە! ئەمە لە دەمێکدا دۆزە سۆسیۆ – سیاسی، سۆسیۆ – ئەخلاقییە سەردەمییەکان ئەوەند هەستیار و چارەنووسسازن، پێویستیان بە توێژینەوەی ڕەخنەیی زۆر جیدی هەیە بۆ تێگەیشتنی باشترمان لە

ڕەهەندە ئایینییەکەی ئەم دۆز ۆ کێشە و ئالەنگارییانەی هەن و دەبن.

هەرچۆنێک بێت، دەشێ گرفتی دەستەبژێری ئەکادیمی کوردستانی لە بەرهەمهێنانی گوتارێکی سەردەمییانە لەبواری لێکۆڵینەوەی ئایینی بە بەربەستی ڕیشەیی لە ستراکتۆر و هزردا گرێ بدەین. لێرەش یەکێک لە گرفتەکان هەر بە سیاسیکردنی کایەی ئایینی بووە، چ لەلایەن گرۆ و ڕەوتە سیاسییەکان بووبێ یانیش – وەک پەرچەکردارێک بۆ ئەمان – لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە بووبێت. بەچەشنێک کەمتر هەست بە بوونی دەزگای سەربەخۆ لە لێکۆڵینەوەی ئایینی دەکرێت؛ یان ئیسلامییەکان پاڵپشتی دەزگای ئاوان یان دەسەڵاتە بە ناو عەلمانییەکە؛ دەزگای بەسیاسیکراو کە تا ئاستی دەزگا ئەکادیمییەکانیش درێژ بۆتەوە و بەرهەمێکی بەسیاسیکردنی کایەی ئایینە. هەر ئەمەش وایکردووە کارەکتەری بەرهەمهێنراوی نێو ئەم دەزگایانە دووچاری داماڵینی ئازادیی هزریی بووە، بەچەشنێک ئەوەی گرنگە لەپشت گوتاری زانستیی ئایینیدا سوود و قازانجە سیاسییەکەیە، نەک شرۆڤە و لێکدانەوەکانی بەپێی مێتۆدە پێشکەوتووەکانی بواری ئایینناسی. ئەمە سەرباری هەژموونی لێکدانەوە و شرۆڤەی قۆتابخانە نەریتییەکان و پۆلێنبەندییەکانیەتی. هەر ئەمەیە وادەکات گرفتە سەردەمییەکان کەمتر لە گرفت و کێشە مێژووییەکان سەرنجی توەژەرە بە ئەزموون و تازەکارەکانیش ڕابکێشن.

بێگومان لەدایک نەبوونی نەریتی فرەدیسپلینیش هۆکارێکی تری چەقبەستنی توێژینەوە ئەکادیمییەکانە. گوتاری هاوچەرخیی سیۆلۆژی وادەخوازێ پسپۆڕانی بوارەکە ڕوو بکەنە چەندین بواری ترەوە؛ زانستی سیاسەت، ئابوری، کۆمەڵناسی و تەنانەت زانستە ئیکۆلۆژییەکان تا بتوانن لە ماجەڕای فرەڕەهەندەکانی گلۆبالیزم و مۆدێرنە بەسەر ئەم گوتارە و کۆی دیاردەی باوەڕداری بگەن. خۆ بۆ تێگەیشتن لە فاکتەرە نێوخۆییەکانیش مەسەلەکە هەر هەمان ئەو خوێندنەوە فرەڕەهەندەی پێویستە. ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە ناجێگیری ئابوری و کۆمەڵایەتی لە عێراق و کوردستان، بۆتە بەربەستێک لەبەردەم بە توانای وڵات و هەرێمەکە لە برەودان بە سیستمی پێشکەوتووی هزری، توانای تۆکمەکردنی ڕوانگە سیۆلۆژییە جیاوازەکانی، لە دەرەوەی شوێنە نەریتییە چەقگرتووەکان و ڕەوتە ئایدۆلۆژییە تۆقێنەرەکانەوە، هەبێت؛ شوێنێک بن بۆ تێگەیشتنی بابەتییانە لە هەموو ئەو ڕەهەندانەی ئایینناسی هەیەتی، نەک بۆ پەردەپۆشکردن و جوانکردن یان ناشیرینکردن یاخود پرۆسێسی لەبیرخستنەوەی هەندێک ڕەهەند و تۆخکردنەوەی ئامادەیی هەندێکی تریان

بێت. وەک ئەوەی تەنیا بەدوای میانڕەوی ئایینی بیت و ئایدۆلۆژییانە چاوپۆشی لە توندڕەوی ئایینی بکەیت، وەک لە هەوڵە "ڕیفۆرمییەکان"ی سێکتەری خوێندن، لە نزمترین ئاستییەوە بۆ هەرە باڵاکەیدا بینیمان.

ڕەنگە بوارێکی لێکۆڵینەوەی ئایینی، کە من پێموایە هەندێک کاری لەسەر کراوە و گرنگە پشتگیری زیاتری بکرێت، ئەویش ناوکۆی هزری ئایینی کوردییە، بەتایبەت گەڕان بەدوای هێڵە یەکتربڕەکانی ئایین و ناسنامە و نەتەوە. ئەکادیمیانی ئێمە، باش و خراپ، کاری زۆریان لەسەر مێژووی کورد و جوڵانەوەکانی لەنێو زەمەندا کردووە، بەڵام کەمتر ڕەهەندە ئایینییەکانی کوردبوون و لێکەوتەی ئەم ڕەهەندە بەسەر مێژووەکە سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشاوە. لێکۆڵینەوەی قووڵی ئەو پەیوەندییە دیار و نادیارەی ئایین و کوردبوون، لایەنیکەم دەتوانێ وابکات باشتر لە هەوڵە ڕیفۆرمیستەکانی هەندێک لە زاناکانمان بگەین و تیشک بخاتە سەر چۆنیەتی سەرەدەری دەستەبژێری ئایینی کوردی لەگەڵ کاریگەرییە نێوخۆییەکان بەسەر تێگەیشتن و ناسنامەی ئایینی. ئەمە دەشێ هەر نموونەیەک بێت بۆ بوارێکی توێژینەوە. بەڵام خۆ قووڵبوونەوە لە ئامادەیی ئایین لە جڤاکی کوردی توێژینەوەی هەمەگیرتر و فرەدیسپلینانەی زۆرتری دەوێ تا باشتر ڕوون ببێتەوە و لەگەڵیشیدا بتوانین بەشداریی کوردی لە کۆنتێکستی هزریی ئیسلامی و ئایینی بەگشتی باشتر بگەین. بۆ فراوانکردنی دیدگا، نوێکردنەوەی میتۆدی هزرین و ڕاگەیشتن بە تیۆرە جیاجیاکان، تێگەیشتنمان لەو بەشدارییە کوردییە سەرپێی دەمێنێتەوە و هەوڵە ڕیفۆرمییەکانیش لەبەرگرتنەوەی هەوڵی ئەوانی تر دەبێت و بەزۆر دەکرێتە بەر زەمینە کوردییەکە.

**نورسی هەوڵی داوە، جیاواز لە ڕیفۆرمیستانی پێشوو و هاوسەردەمی، خۆی لە پێشکەشکردنی چارەسەری سیاسی بەدووربگرێت و ڕیفۆرم لە ئاستی گشتییەوە بۆ ئاستی تاک بگوازێتەوە**

**ئایینناسی:** لە هەرێمی کوردستان چەندین پارت و ڕەوتی ئیسلامیی هەن، چ پێگەیەکیان لەناو چاکسازی ئایینی هەیە؟ ئایا دەکرێت ببنە بەشێك لە چاکسازی ئایینی و چۆن؟

**د. حەیدەر لەشکری:** نکۆڵی لەوە ناکرێ پارت و ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە شێوەگریبوونی هەستی گشتیی ئایینیدا هەبووە و کەم تا زۆریش کاریگەریان بەسەر سیاسەتی هەرێمەکە، بەتایبەت سیاسەتی دینییەوە هەبووە. ئەمانە، کە لە یەک

کاتدا قەوارەی ئایینی و سیاسین، گوتاری گشتیان بەدەوری ئاوێتەکردنی بەها ئیسلامییەکان بە سیستمی فەرمانڕەوایی دەسوڕێتەوە، لەگەڵ بانگەوازکردن بۆ بەدیهێنانی چاوەڕوانییە سۆسیۆ – سیاسییەکانی گەلی کورد. واتا زۆرجار وایدەنوێنن ئەرکی پارتی و ڕەوتییانەی ئەوان بریتییە لە دۆزینەوەی هارمۆنیایەک لەنێوان بەها ئیسلامییەکان و خواستە کوردییەکان، لەگەڵ چارەسەرکردنی ئالەنگارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک گەندەڵی، نادادوەریی کۆمەڵایەتی و چاکسازی لە ڕەوتی حوکمڕانی هەرێمەکە. نکۆڵیش لەوە ناکرێت ئەو پارت و ڕەوتانە بایی ئەوەندە توانایان هەیە ڕێبەرێتی هەر پرۆژەیەکی ڕیفۆرمانەی ئایینی بکەن، کە لەگەڵ دراوە سەردەمییەکاندا بگونجێ، لەوانەش هاوسەنگی لەنێوان بەها ئایینییەکان و بنەما دیموکراتییەکان، تۆکمەکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتی و هاندانی لێبوردەیی ئایین لەو پانتاییە فرەڕەنگ و فرەچەشنەی کوردستان هەیەتی.

بەڵام ئەوەی مێژووی ئەو پارت و ڕەوتانە بخوێنێتەوە، دەبینێت کاراییان لە بەجێ گەیاندنی ڕیفۆرمێکی بەرچاوی ئایینی سنوردارە، ئەگەرچی لە وتاردا هەموو کات جەختی لەسەر دەکەنەوە. ئەمەش بەر لە هەموو شتێک پەیوەستە بە پارچەپارچەبوونی سیاسی و ململانێی ئایدۆلۆژییەوە. ئەوان پەیوەندیان بە یەکتر و بە گرووپە سێکولارەکان زۆربەی کات ناجێگیرە و مشتومڕێکی سۆفستاییەنەی پێوە دیارە زیاتر لەوەی دیبەیت و گفتوگۆی قوڵ بێت و توانای لەخۆگرتنی دیدە جیاوازەکان بۆ ئامادەیی کایەی ئایین و جێکەوتە سۆسیۆ کۆمەڵایەتییەکانی هەبووبێت.

**مەلای جەلیزادە پرۆژەی ڕیفۆرم بە تێگەشتنی باوی ئایینی دەستپێدەکات، بەتایبەت ڕەتکردنەوەی توندی شێخگەری و باوەڕبوون بە خورافە و هەژموونی ڕێوڕەسمە تەریقەتییەکان**

ڕەنگە بەشێکی ئەو هەژاریی گوتاری ڕیفۆرمانەیان پەیوەست بێت بەوەی دەرکەوتنی پارتە ئایینییەکان، گەڵاڵەبوونی گوتارە ڕیفۆرمیستییەکەیان خۆجێی نەبووە، بەڵکو کەسە یەکەمینەکان کاریگەربوون بەو وەرچەرخانە سۆسیۆ – ئایینییانەی لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە جڤاکی ئیسلامی بەخۆیەوە بینییە. واتا پەیوەست بووە بە ڕەوشە گشتییەکەی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیی هاوچەرخ. ئەو فۆرمەی ڕیفۆرمی پراگماتییانە بەکارهێناوە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕەسەنێتی ئایین و هەژموونی ڕادیکاڵانە بەسەر سیستمی حوکمڕانی. وەگەرنا بەشی زۆری ئەو بزاوتانە لە ئاستی ئایینی

و مەزهەبییەوە شتێکی نوێیان پێ نەبووە و نییە، ئەوەندەی وەک شارل سان پرۆ بۆی چووە کاریان لەسەر هەڵایسانی سۆزدارانەی جەماوەر کردووە و دەکەن، کار بۆ دروستکردنی هەستی گشتی دەکەن لەپێناو دروستکردنی فشار لەسەر هزری تاکەکەسییانە، کە ئەمەش بە قازانجی حزبیبوونیان دەشکێتەوە، نەک ڕیفۆرمی ئایینی. ئەوان ڕیفۆرمیان ڕوکەشییانە بینی و لە نێو چەند دروشمێکدا چڕ کردەوە (ئیسلام چارەسەرە)، نەک گوتاری هزریی تۆکمە. بەسیاسیکردنی گوتار کاری ئەوانی لە بوونیادنانی ئایدۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی – سیاسی چڕ کردەوە. ئەمەش وایکردەوە، ئەگەر لەلایەن پارتە سیاسییە کوردییەکان گوازراوەتەوە پانتاییەکەی ئێمە، ئەو ڕیفۆرمەی ئەوان بانگەوازیان بۆ کردووە، گشتی دەربکەوێت. چونکە هۆکاری دەرکەوتنی ڕەوتە گشتییەکە خۆجێیی نەبۆتەوە. هەروەها سەرقاڵبوونی ئەم ڕەوت و پارتانە بە ململانێ ڕوکەشییەکانی کاری سیاسی و حەزی هەژمونکردن (کە لەمەدا فەرق و جیاوازیان لەگەڵ غەیرە ئیسلامی تەواو کاڵ بۆتەوە) وایکردووە کەمتر بەدوای خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ئەم ئامادەیی و جێکەوتانەوە بن، کەمتر بەدوای داڕشتنی گێڕانەوەیەکی هەمەگیری دیاردەی ئایینی بن، کە گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستییە سۆسیۆ - ئایینییەکان و دۆزی هاوچەرخی کوردییەوە. ئەو پارت و ڕەوتانە ئەگەر دەخوازن جێکەوتەی ڕیفۆرمیستانەیان ببێت وا پێویست دەکات لۆکاڵی ببنەوە لە تێڕامان و هزریاندا، با میتۆد و ڕێبازی کاریشیان هەمەگیرتر بمێنێتەوە. هەوڵبدەن پرۆگرامی ڕیفۆرمانەیان لەگەڵ گرنگیدانە کردەکییەکانی پانتاییە کوردییەکە بگونجێنن.

**ئایینناسی:** لە ئێستادا ململانێی فیکری نێوان موحافیزکاران و ڕیفۆرمخوازان سۆشیاڵ میدیای لە جیهانی ئێمە تەنیوە، پێشبینیت بۆ ئایندەی ئەو ململانێیە چییە و بەڕای جەنابت لە بەرژەوەندی کام لا دەشکێتەوە؟

**د. حەیدەر لەشکری:** ململانێی فیکری نێوان نەریتگەراکان و ڕیفۆرمخوازان بەشێکی گرنگی مێژووی هزری ئایینییە نەک هەر لە پانتاییەکی سنورداری وەک کوردستان بەڵکو لەهەر زەمینەیەک هێشتا ئایین یەکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی – ئایینی پێکبهێنێت. لە زەمینەی ئێمەشدا تێکەڵبوونێکی ئاڵۆسکاوی ڕەهەندە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوریی و حوزوری تەکنۆلۆژیایە لەگەڵ یەکدا. هەر ئەمەش وادەکات شیکردنەوەی پێویستی بە گەڕانەوە بێت بۆ کۆمەڵێک تیۆری گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە ڕەنگە زەحمەت بێت لەم دەرفەتە کورتەی ئێرە بتوانین ئەم

کارە بکەین. چونکە مشتومڕەکان لە ڕوکەشدا سانا و ساکار خۆ دەنوێنن و وەک دژەبۆچوونی ئایدۆلۆژییانەی بۆ نموونە نێوان دەقگەرا و عەقڵگەرا، حەنبەلی و ئەشعەری، ئیسلامی نەریتی و ئیسلامی سیاسی، ئەهلی تەریقەت و ئەهلی شەریعەت...تادوایی، وێنا دەکرێن. بەڵام خۆ کرۆکێکی زۆر قوڵتریان هەیە و بەرجەستەی ململانێیەکی فراوانتر لەسەر ناسنامە، سیستمی بەها، ئاراستەکانی پێشڤەچوونی جڤاکییانە دەکەن. بەتایبەت لەو زەمەنی کرانەوەی ناچارییانەی ئەم جڤاکەمان بەسەر دەرەوە و ڕەشەباکانی.

سۆشیاڵ میدیا ڕوتەختی گۆڕاوی گفتوگۆی گشتین، بازاڕی لەنگەن! هاوکارن لە بەدیموکراسیکردنی هوروژمی بەردەوامی ئایدیاکان و پاڵشتی گێڕانەوەی هەردوو بەرەی موحافیز و ئیسڵاحی دەکات. خۆ ئەگەر لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە قسەی لێ بکەین، ئەوا دەشێ بڵێین ئەو پلاتفۆرمانە ئاسانکاری دەکەن لە بوونیادنانی کۆناسنامە و جوڵەی جیاوازی کۆمەڵایەتی، هەر ئەمەش وادەکات ببێتە پانتایی هەرە لەباری ململانێی ئایدۆلۆژییە ڕکابەرەکان. تۆ تەماشابکە چۆن نەریتگەراکان لەوێدا کولتوری ئایینی و ڕۆشنبیریی بۆ خۆیان و بەپێی خوێندنەوەی ئایدۆلۆژییانەیان بەرجەستە دەکەنەوە، بەردەوامیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پابەندبوون بە بەها نەریتییەکان ئەسڵی کاری ئەوانە، بۆ پاراستنی ناسنامەی جێگیر و نەگۆڕی ئایینی، لەبەرامبەر بە ڕەشەباکانی جیهانگەرایی و مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی. ئەم فۆڕمەی گێڕانەوەش، سەدای خۆی لەلای ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانە هەیە، کە خەمی لەدەستدانی ناسنامەی مێژووکردی ئایینی و نەریتەکانیان هەیە، بەتایبەت کە زەمینەکەمان زوو زوو تووشی شۆکی ئابوری دەبێت و ناجێگری کۆمەڵایەتی بەدوادادێت و گەڕانەوە بۆ ئەسڵ و بنەما دەبێتەوە باسوخواسی ڕۆژانە. لای خۆشییانەوە بەرەی ڕیفۆرمیست، هەوڵدەدەن پشت بە سۆشیاڵ میدیا ببەستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی شرۆڤە و لێکدانەوە دۆگماکانی دیاردەی ئایین، زۆرجاریش هەوڵدەدەن چەمک و خەمە کۆمەڵایەتییە سەردەمییەکان بهێننە پێشەوە و شرۆڤەی پێویستی هەنوکەییانە بکەنە بەهانە بۆ سەلماندنی پێداویستییە ڕیفۆرمییەکان لە ناوکۆی باوی ئایینییدا. ئەم چەشنە گوتارەشیان سەرنجی "نەوەی نوێ" ڕادەکێشن، کە لە بنەڕەتدا بەسەر دونیای دەرەوەدا کراوەن و بە کاریگەری زەمینە کۆمەڵایەتییەکانیان پێویستیان بە شرۆڤەیەکی دینییانە هەیە، کە ڕەوایەتی بەو کرانەوەیان ببەخشێت، ئەمە سەرباری ئەوەی بتوانێت هەڵوێستیان لەبەرامبەر بە پرسگەلی وەک لاوازیی حوکمڕانی، بێکاری، گەندەڵی...

تۆکمەتر بکات. بێگومان سروشتی ڕای گشتیش، کە نەرمە لە کاریگەربوون بە وتارە ڕەوانبێژییەکانەوە، بواری زیاتر لە پلاتفۆرمەکانی سۆسیاڵ میدیا بەخشیوە لەوەی ببێتە گۆڕەپانی بەریەککەوتنی هەردوو ئایدۆلۆژیا و هەوڵی هەردوو بەرە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زۆرینە.

**مەلای جەلی و شێخی خاڵ و سەججادی و دەیانی هاوشێوەیان، ورد لەسەر تێگەشتنی نەریتییانەی کوردەکان بۆ ئایین وەستاون، ئینجا هاتوون ڕەخنەیان لێگرتووە**

لێرەوە وایدەبینم تێگەیشتن لەو هێزە ستراکتۆرییانەی کاریگەریان بەسەر هەڵوێستی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بناغەیەکی باش دەبێت بۆ پێشبینیکردنی دەرەنجامی ئەو ململانێ ئایدۆلۆژییە بەردەوامە. ڕەنگە لە کورتمەودادا موحافیزکاران بتوانن پێگەیەکی هەژمونگەرایان هەبێت، بەتایبەت لەو شوێنانەی دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش مەیلیان بەلای لێکدانەوەی نەریتییانەی ئایین و ڕۆڵی هەیە لە بەخشینی ڕەوایەتی بە سەروەرێتی باڵای سیاسییەوە. هۆکارگەلێکی وەک حوکمی هیرارکییانە و ئابوری ڕەیعیی خودان سروشتێکی کولتوریی موحافیزکارانە، بەو فۆڕمەی لە کوردستان باڵادەستە، ژینگەیەکی لەبارە بۆ تەشەنەکردنی ئایدۆلۆژیای نەریتگەرا و پەراوێزخستنی هزر و تێڕوانینی ڕیفۆرمیستانە.

لەگەڵ ئەمەشدا، هۆکاری دی هەن پاڵپشتن بۆ هزری ڕیفۆرمیستانەی درێژمەودا. توێژێکی بەرچاوی نەوە نوێیەکەی هەرێم، لە ڕێگەی خوێندن و میدیای دیجیتاڵییەوە، بەرەبەرە تێکەڵ بە هزرە جیهانییەکان دەبن. ئیدی خەریکە بە هزری ڕەخنەیی، لە دەرەوەی چوارچێوە ئایدۆلۆژییەکانی هزرینەوە، جێیەک بۆخۆیان دەکەنەوە و خەمی گەورەتر لەوەی نەریتی موحافیزکار دەیسەپێنێ، هەڵدەگرن، بەتایبەت نادادیی ئابوری و جێکەوتەکانی گۆڕانی تەکنۆلۆژی. ئا لێرە ڕیفۆرمیستەکان، ئەگەر لەو بازنەی تۆقینە نەریتییەی بەسەر هزریندا سەپێنراوە دەربچن، دەتوانن ڕێبازە ڕیفۆرمیستییەکانیان لەگەڵ ئەو گۆڕانە بگونجێنن و ئەوەی دەیڵێن و لێی دەدوێن، ئەگەر لە ئەسری تێگەیشتنە سیاسییەکەیان بۆ ئایین ڕزگاریان ببێت، سەدایەکی قوڵتری لە زەمینە کۆمەڵایەتییەکە هەبێت. بەتایبەت خۆ دەبینن چۆن موحافیزکاران دەستەوەستانن بەرامبەر زۆر لە پرسە هەنوکەییەکان و لەنێو گفتوگۆ سەفستاییەکانیاندا ناسنامەی خۆیان وێڵ کردووە.

ئاڕاستەی ئەم گفتوگۆ هزرییانە دواجار

لە مەسەلە هەنوکەییەکاندا چڕ دەبێتەوە و مشتومڕە نەریتییەکان، لەبەر ئەو چوارچێوە کۆنکرێتییانەی بۆیان دارێـــژراوە کـەمتر سـەرنج ڕادەکێـشـن. ئەوکات ڕیـفـۆرم دەشێ مـانـای خـۆی لە نێوەندی باوەڕداراندا ڕوونتر بکاتەوە. نەک لەپێناو کۆکردنەوەی زۆرترین لایەنگر و دروستکردنی کەسێتیی حەماسی، بەڵکو لە پێناو گفتوگۆی قوڵتر و فرەڕەهەندتری کۆی ئەو پرسانەی بەشێکن لە خەمی گشتی. ئەوە بەو مانایە نایەت ململانێکان کۆتـاییـان بێـت و لایـەنـێـک بـەسـەر لایەنێک سەربکەوێت. مەسەلەکە ئاوا ئاسان نییە و هەر تێگەیشتنێکی ئاواش بەشدارییە لە جەدەلە ئایدۆلۆژییە بێ کۆتاکە. خۆ ئەسڵەن دەشێ لەو گفتوگۆیەدا هێڵی سێیەم دەربکەوێ، هەوڵی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک بنەمای نەریتی و مۆدێرن لە ناوکۆیەکی گوتارییانە بدات و چارەسەر لەمەدا ببینێ. بەڵام دواجار گفتوگۆکە هەر بەردەوام دەبێت و ئەوەی پێشبینی بکرێت ئاڵۆسکاوی زیاتر و فرەڕەهەندبوونیەتی. دەشکرێ لەمە هیوای دروستبوونی دیمەنێکی هزریی فرە ڕەهەند بین لەناوکۆی ئیسلامیی -کوردیدا.

## مێزگرد

ئاپێنناسی

# چاكسازیی ئایینی لە باشوری كوردستان
## ڕەهەند و ئاڵنگارییەكانی

ئامادەكردنی: ئایینناسی

چاكسازی ئایینی پرۆسەیەكی گرنگ و هەستیارە، زۆرێك لە بیرمەندان لەسەر ئەوە كۆكن كە ئایین-یش وەكو سیستمێكی كۆمەڵایەتی كە گرێدراوی ڕێكخستنی ژیانی تاكەكانە، بەپێی گۆڕانی كۆمەڵایەتی پێویستی بە گونجاندن و ڕێكخستنەوە هەیە، بەتایبەت لەو بابەتانەی كە گۆڕانیان بەسەردا دێت، تەنانەت زۆرێك لە ڕەوت و ئاراستە جیاوازەكانی دونیای ئیسلامیش جەخت لەسەر چاكسازی ئایینی دەكەنەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە ئاسان نییە و زەمینەسازی دەوێت، لە كوردستانیش بەردەوام مشتومڕ لەسەر ئەم پرۆسەیە هەیە، بەوەی چاكسازی ئایینی بەكێ دەكرێت؟ لەچ بوارێكدا چاكسازی ئایینی پێویستی هەنوكەییە، ئاستەنگەكانی بەردەم چاكسازی ئایینی لە باشووری كوردستان چین؟ بۆ ئەم مەبەستە وەرزنامەی ئایینناسی میوانداری هەردوو بەڕێز د. عەباس عەلی پسپۆڕی فكری ئیسلامیی و مامۆستا لە كۆلێجی شەریعەی زانكۆی سەڵاحەدین و دڵزار حەسەن توێژەری كردووە.

سەرەتا د. عەباس عەلی لەبارەی چاكسازی ئایینییەوە وتی، چاكسازیی ئایینی بابەتێكی گرنگ و سەردەمیانەیە، پێشتریش قسەی لەسەر كراوە، لە وڵاتانی تری وەكو میسر و جەزائیر و تونس كۆمەڵێك بیرمەند هەن، كە تا ئێستا ناویان ماوە. كە باس لە چاكسازیی دەكەین مەبەستمان لەو بابەتانەیە كە گۆڕانیان بەسەردا دێت، چونكە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەندێك بابەت هەیە نەگۆڕە، ئەوانەی كە پەیوەستن بە عەقیدەوە، بەڵام ئەو بابەتانەی كەوا گۆڕانیان بەسەردا دێت وەك ڕایە، بۆچوونە، لە زاراوەی شەریعەت پێی دەڵێن فیقه، كەمەبەست لێی چاكسازیی تێدا بكرێت، یان بە مانایەكی تر خوێندنەوەیەكی حەرفی نەكرێت بۆ دەقەكان، ئەو دەقانەی كەوا هەیە،

دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان ئیسلامی بیروباوەڕ و ئیسلامی مێژوویی، جا چاکسازی لە بواری ئیسلامی مێژوویيە، لە ئیسلامی فیقهە، نەك ئیسلامی عەقیدە. بیروباوەڕ ئەو بابەتانەیە کەوا پەیوەندی بە خواپەرستییەوە هەیە، ئەو بابەتانە نەگۆڕن، یان ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە ئەخلاقەوە هەیە، بەڵام ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە مامەڵەوە و ئەحکامەکانەوە هەیە، ئەوانە دەکرێت گۆڕانیان بەسەردا بێت، چونکە ئێمە لە شەریعەتی ئیسلامدا قاعیدەیەکمان هەیە (الاحكام الشرعية تغير بتغير الزمان والمكان والأحوال والأشخاص)، یان بە مانایەکی تر ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکان لە ئیسلامدا، چەندین سەرچاوەمان هەیە، هەندێك سەرچاوە پێی دەڵێن سەرچاوەی ئەسڵی و بنچینەیی وەکو قورئان، کە هیچ گومان نییە لە شێوازی دابەزینی، یان فەرموودەی پێغەمبەر، بەڵام یەکێك لەو کێشانەی کە لە فەرموودەی پێغەمبەردا هەیە ئەوەیە کە هۆکاری دابەزینی نازانین، کەی، بۆ، لە کوێ و لەبەرچی وتراوە؟ قورئان تارادەیەك هۆکاری دابەزینی دیارە. قورئانیش کە باس دەکەین، باسی دەق دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە دەقەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەڵکو ئێمە بێین ڕۆحی دەقەکان تەفسیر بکەینەوە، بەڵام کە باسی فەرموودە دەکەین، بۆ نموونە هەیە لەگەڵ قورئان و واقیع و عەقڵ پێك نایەتەوە، بەڕاستی کە دەڵێن چاکسازیی بکرێت دەبێت لەو بابەتانەدا بێت، چونکە ئەو بابەتانەیە هەندیك جار سەرئێشە بۆ خەڵك دروست دەکەن، یان بۆ نموونە سەرچاوەی دیکەمان هەیە پێی دەوترێ سەرچاوەی پاشکۆ (تەبەعی)، بۆ نموونە قیاس، ئیجماع، ئەوانە ڕێژەیین بۆ کات و سەردەمێك و بارودۆخێکی سیاسی و ئایینی، گۆڕانیان بەسەردا دێت و ئەوە نییە بڵێی حەقیقەتێکی ڕەهایە و هیچ بواری قسەکردنی تێدا نییە.

دەربارەی گەڕانەوە بۆ بنەڕەتەکانی ئیسلام، کە زیاتر سەلەفییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن وەکو پێویستییەکی چاکسازی ئایینی، د. عەباس دەڵێت، دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان دوو چەمك، ئەوانەی سەلەفییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بە عەرەبی پێی دەڵێن (احياء) زیندووکردنەوە، گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، زیندووکردنەوەی ئەو سەردەمە، یان گەڕانەوە بۆ قورئان و فەرموودە و دەیانەوێت ئەو سەردەمە بگەڕێننەوە ئەم سەردەمەی ئێستا بێ ڕەچاوکردنی کات و سات و بارودۆخ و واقیعی ژیان و دابونەریت، کە ئەوانە لە ئیسلامدا هەمووی بە هەند وەرگیراوە، بۆ نموونە دابونەریتی گەلان تەنانەت لە هەموو بوارەکانی ژیان، سیاسی و ئابووری، ئەوانە هەموو بە هەند وەرگیراون، ئەو چەمکەی ئەوان پێی دەوترێت چەمکی

(احیاء)، بەڵام چەمکەکەی تر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی ئەوان و پێی ناوترێت چاکسازیی، ئەوەی ئەوان چاکسازیی نییە، سەلەفییەکان دەیانەوێت بەهەمان دەق و بە هەمان بیرکردنەوە بگەڕێنەوە بۆ دواوە، بەڵام چاکسازیی، باسی گۆڕانکارییە، کە دونیا و سەردەم گۆڕاوە، هەندێك دەق هەیە پێویستی بە خوێندنەوەی نوێ و سەردەمیانە هەیە. زانامان هەیە وەك ئیمامی (شاطبی) یەکێکە لەوانەی کە تێڕوانینی نوێی بۆ بابەتەکان هەبووە، (فقە مقاصد)، (حکمە)، (عەقڵ)، دانایی، واقیع، ئەوانە زۆر زۆر گرنگن کە زانایان باسیان کردووە، ئینجا کە دەڵێین ڕیفۆرم بکەین، ئەوەی ئێمە ئیسلاحە، بەڵام ئەوەی ئەوان (إحیاء)ە، جیاوازن، وەکو ئاماژەم پێدا تەوژم هەیە لە کوردستاندا، لەوانەیە ئەوان ئەوەی خۆیان بە چاکسازیی ناو بنێن، بەڵام لەڕاستییدا ئەوە چاکسازیی نییە، چونکە ئەگەر سەردەم و واقیع و گۆڕانکارییەکان لەبەرچاو نەگریت، ڕۆحی دەق نەخوێنیتەوە، عەقڵ و حیکمەت بەکارنەهێنیت، بەڕاستی ئەوە نابێتە چاکسازیی لە بواری ئایینیدا.

د. عەباس لەبارەی پێویستی زەمینەسازیی چاکسازی ئایینی لە باشووری کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە بەشێوەیەکی گشتی لە باشووری کوردستان هیچ زەمینەسازییەك بۆ ئەو پرۆسەیە نییە، جگە لەکاری چەند کەسان و دەستەبژێریك نەبێت، بەڕاستی هیچ زەمینەیەك ساز نەکراوە، خەڵك زیاتر بە دوای شەقام دەکەوێت، نەك بە دوای دەستەبژێر، دەبێت ئەو کەسانەی لەو بوارەدا ئیش دەکەن و بۆچوون، نووسین و کتێبیان هەیە، هەوڵەکانیان زیاتر چڕتر بکەنەوە و بێنە نێو کۆمەڵگە، تەنیا قسەکانیان لەیەك ئاست نەبێت، بۆ نموونە ئەو بابەتەی کە باسی دەکەین و تۆمار دەکرێت و دواتر لە گۆڤارێك بڵاو دەکرێتەوە، ئەو کاریگەرییەی نییە، ئێمە لە کوردستاندا چەندین دامەزراوەی ئەکادیمیمان هەیە، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانمان هەیە، بەڵام لەو ئاستە ئیشی لەسەر نەکراوە، لە باتی ئەوەی ئێمە بتوانین کاریگەری دروست بکەین لەسەر ئەوان، ئەوان کاریگەرییان لەسەر خەڵك دروست کردووە، هەر بۆیە بە بۆچوونم زەمینەسازی نییە، ئەگەر تەماشا بکەیت حکومەتیش ڕۆڵێکی خراپی گێڕاوە لەو بابەتەدا، لەباتی ئەو کەسانە بێنێتە پێشەوە کەوا لە بواری چاکسازی قسە دەکەن، شتی نوێ، بیرۆکەی نوێ و بابەتی نوێیان پێیە، بەڵام دەبینی هەموو شتێك فەراهەم کراوە بۆ ئەو تەوژمە تەقلیدییە، کەناڵی ڕاگەیاندن و قوتابخانەیان هەیە، دامودەزگا و دامەزراوەیان هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی بانگەشە بۆ چاکسازیی دەکەن و کەسانی ئەکادیمین بەڕاستی فەرامۆشکراون، زۆرجار وەك وتم کەسانێك هەن ناتوانن قسە بکەن،

تۆمەتێکیان دەدرێتە پاڵ، ناشیرین دەکرێن، هەربۆیە ئەو زەمینەسازییە نییە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ چاکسازیی.
لەبارەی ئاستەنگەکانی بەردەم چاکسازیی ئایینی لە باشووری کوردستان، د. عەباس دەڵێت، خاڵی سەرەکی ئاستەنگ لە دەسەڵاتدارانندا دەبینم، چونکە وەکو قسەیەکی ئیمامی عوسمان هەیە دەڵێت: ((إن الله ليضع بسلطان ما لا يضع بالقرآن))، واتە ئەوە بە دەسەڵاتدار دەکرێت، واقیعی ژیانیش وا دەیسەلمێنێت، لە ئەمریکا قوتابخانە و دامەزراوەی ئایینییان زۆرە، کۆلێجی لاهوتیان زۆرە، مزگەوتیشیان هەیە، ئەوان بە سیستمێك ڕێکیان خستووە، ڕاستە ئێمە بەراورد ناکرێین بەو وڵاتە، بەڵام بەڕاستی لێرە فەوزا و بێسەروبەرییەکی زۆر هەیە، زۆر پرس و بابەت هەیە، کە پەیوەستە بە یاسا و حکومەتەوە، بەڵام خەڵکانێکی دیکە دێن قسەی تێدا دەکەن، ئەوە خاڵێکی سەرەکییە و پێویستە دامەزراوە ئایینییەکان ڕێکبخرێنەوە، ڕۆڵی خۆیان ببینن، دەبێت چاکسازیی لە دامەزراوە ئایینییەکان بکرێت، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانمان هەیە لە کوردستان، لە هەولێر و سلێمانی و کۆیە و زاخۆ، ناوەندێکی ئەکادیمییە، بەڵام وەکو پێویست نییە، نەیتوانیوە ڕۆڵ ببینێت، تەماشای ئەو نامانەی ماستەر و دکتۆرا بکە کە دەنووسرێن، بزانە چەند بابەت پەیوەست بەو پرسە نووسراوە، زۆر بە دەگمەن نەبێ نابینرێت، تەنانەت کەسە ئەکادیمیەکانیش وەکو پێویست نین، بۆیە وەك باسم کرد لایەنە سیاسی و دامەزراوەکان، هەموویان کۆسپن لەبەردەم ئەوەی نەتوانرێت زەمینە بسازێنرێت بۆ چاکسازی، ئێمە واقیعی ئەمڕۆی کوردستانیش دەبینین، کاتێك بابەتێك باس دەکەم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئاراستە گشتییەکە نەبێت، هێرشت دەکرێتە سەر، تۆمەتت دەدرێتە پاڵ، لە ناو کۆمەڵگەدا ناشیرین دەکرێی، ئەوانە بە یاسا دەبێت ڕێکبخرێنەوە، کەی ئەوانەمان تێپەڕاند دەتوانین چاکسازی بکەین، دەنا ئەوانە هەموو کۆسپ و لەمپەڕن و پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە.

**دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان ئیسلامی بیروباوەڕ و ئیسلامی مێژوویی، جا چاکسازی لە بواری ئیسلامی مێژووییە، لە ئیسلامی فیقهە، نەك ئیسلامی عەقیدە**

سەبارت بەڕۆڵی دەستەبژێر لەم پرۆسەیەدا، د.عەباس دەڵێت، دەتوانین دەستەبژێری ئێمە پۆلێن بکەین بۆ دوو ئاراستە، ئاراستەیەك هەیە دەستی بە کڵاوی خۆیەوە گرتووە و نایەوێ با

بیبات و ببێتە پێشەنگ، دەزگاکان بێن قسەی لەسەر بکەن، ئاراستەی گشتی لەگەڵ ئەوەدا نییە و تەنیا ناشیرین دەکرێن لە نێو کۆمەڵگەدا، کەسانێکیش هەن موجامەلەی دەسەڵاتی سیاسی دەکات، ئەو دوو ئاراستەیە هەیە. لە کوردستاندا ئەوانەی لەسەر چاکسازیی قسە دەکەن پشێویان دروست کردووە، پێموایە ئەو کەسەی بانگەشە دەکات بۆ چاکسازی، کەسێك بێت وەک بە زاراوەی ئیسلامی دەڵێن، (ئیستیقامە)ی هەبێت، ئەوەندە ئەمبەر و ئەوبەر و ئەولاولای نەبێت، دامەزراو بێت، بۆ نموونە من ئەمڕۆ حزبێکم ببمە حزبێکی دیکە و دووبەیانی ببمە حزبێکی دیکە، ئێستا ئەگەر چاکسازی بکەم، بەڕاستی ئەو کاریگەرییەم نابێت، بۆیە ئەو کەسەی بانگەشە بۆ چاکسازیی دەکات دەبێت هەڵقوڵاوی ناو زانستە شەرعییەکان بێت، ئەوانەی لە زانستە ئیسلامییەکان شارەزان، دەبێت دەربارەی ئەو بابەتانە قسە بکەن. ئێستا لە کوردستاندا دوو تەوژم بانگەشە بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی ئایینی دەکەن، تەوژمێك کە چەپەکانن، شارەزاییان نییە دەربارەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و سەرچاوەکانی شەرع و ئەوانە، بەڕاستی خەڵك قسە لەوانە وەرناگرێ، لەبەرئەوە ڕاستەڕێ نین، ئیستیقامەیان نییە، جا بۆیە زۆر گرنگە ئەو کەسانەی کەوا دێن دەربارەی ئەو بابەتە قسە دەکەن کەسانێك بن ئاراستەی ناو شەریعەت بن، لە ناو شەریعەتدا قاڵ بن.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ لەبارەی ئەوەی کە چاکسازی بەکێ دەکرێت، ئاماژە بەوە دەکات کە ئیسلامییەکان ناتوانن چاکسازیی بکەن و دەڵێت، من چەند ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ یەکێك لە سەرکردەکانی حزبە ئیسلامییەکان دانیشتین و قسەمان کرد، وتی زۆر بابەت هەیە دەزانم پێویستی بە چاکسازی هەیە و پێویستە قسەی لەسەر بکەین و قەناعەتم بەو بابەتانە نییە، وتی من لەبەر مەلای ناو حزبەکانی خۆمان و لەبەر ئەندامانی حزبەکەم ناتوانم ئەو قسانە بکەم، خاڵی دووەم ئەو دامەزراوانەی کە هەن، دامەزراوە ئەکادیمییەکان، ئەوانیش گرنگن، هەندێکجار لەو کۆلێژانە دەبینین ساڵانە هەزار قوتابی، هەزار و پێنجسەد قوتابی دەردەچن، ئەگەر بێتو ئێمە لەگەڵ دونیای سەردەم بڕۆین، سیستمی خوێندن، ئەو کەسانەی کەوا لەوێ وانە دەڵێنەوە، مامۆستایانی زانکۆ، کەسانێك بن، تەقلیدی نەبن، کەسانێك بن باوەڕیان بە گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەبێت، باوەڕیان بە تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن و خوێندنەوەی واقیع و سەردەم هەبێت، بێگومان ئەو دامەزراوانە ڕۆڵی زۆر گەورە و باش دەبینن، هەروەها یەکێتی زانایانیش دەست بداتە ئەو ئەرکە کە چاکسازی بکات، ئەو چاکسازییە ئایینییەش بە هیچ شێوەیەك

دژایەتی نییە لەگەڵ قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، کەسانی ئەکادیمی و پرۆفیسۆرمان لە شەریعە، دکتۆرا و ماستەرمان هەیە، کە قسە دەکەین بە بەڵگەوە قسە دەکەین، شتێك ناکەین پێچەوانەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر بێت، ئەو فەرموودانەی کە دژایەتی نییە لەگەڵ قورئان، دژایەتی نییە لەگەڵ واقیع، دژایەتی نییە لەگەڵ دابونەریتی گەلان، ئینجا یەکێتی زانایانیش دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، بەڵام هەوڵیان بۆ نەداوە، یان لەوانەیە کۆمەڵێک کۆسپ و لەمپەڕ هەبن، نەتوانن ئەو کۆسپ و لەمپەڕانە تێبپەڕێنن، ئەو ڕچەشکێنییە بکەن، ئەگەرنا ئەو دامەزراوانە بەڕاستی دەتوانن ڕۆڵی گەورە ببینن، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ زانایانی ئایینی لە کوردستان کاریگەریی زۆر باشیان هەیە لەسەر کۆمەڵگە، جا بۆیە ئەگەر ئەو پرسە گەورە بکرێت، کۆنفرانسێکی بۆ ببەستین بە بەشداری هەموو لایەنەکان، ۆرکشۆپێك بکرێت، قسەی لەسەر بکرێت، بابەتەکە زیاتر پەرەی پێ بدرێت، تەنیا بچووك نەکرێتەوە لە گۆڤارێك و بەرنامەیەك، ئیشی بەردەوامی لەسەر بکەین، دڵنیام دامەزراوەش هەیە لە کوردستان ئەگەر هەماهەنگیمان هەبێت، هەموو لایەك دەتوانین ئیشی لەسەر بکەین.

هەروەها دڵزار حەسەن توێژەر و شارەزای بواری ئایینی دەربارەی ڕۆڵ و پێگەی زانایانی ئایینی کورد لە بواری چاکسازیی ئایینیدا دەڵێت: ئەوە پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژوو، ڕەنگە هیچ کەسێکمان نەتوانین دەستنیشانی قۆناغێك، وێستگەیەك لە ڕۆڵ و پێگەی مامۆستایانی ئایینی بکەین، بەتایبەتی لە سەدەی بیست و بیستویەکدا، دەبێ تۆزێك بگەڕێینەوە دواوە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەیوبییەکان، لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی، کە دەتوانم بڵێم سەردەمی موعتەزیلە، عەقڵانییەکان، کەلامییەکان، بەشێك لە زانای کورد هاتنە ناو ئەو بوارە، بە دوو دیو، بە دیوێکیان خراپ، دیوێکی دیکەیان باش، بۆ نموونە دوای بابەتەکانی ئیمامی غەزالی کە کاریگەری زۆری لەسەر تەوژمی عەقڵانی هەبوو، بەتایبەتی تێگەیشتنی ئیبن ڕوشد و فارابی و کیندی و ئەوانە، کاریگەریان هەبوو، تێگەیشتنی شارستانییەتی ئەوروپا و یۆنانی و ئیسلام، لەوێ غەزالی ئەو تەوژمەی بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕاگرت، بە مەنتیقی ئیسلامی بە مەقاسیدی شەرعی مامەڵە لەگەڵ چەمکی فەلسەفە و ئەو بابەتانەدا کە لە یۆناندایە.

**سەلەفییەکان دەیانەوێت بەهەمان دەق و بە هەمان بیرکردنەوە بگەڕێنەوە بۆ دواوە**

کورد وەك بەشێك لە میراتی ئایینی ئیسلام، لە نێو مەنزومەی سوننەگەراییدا گەشەی بە زانستە ئایینییەکان داوە. کارەکانیشی لەنێو دوو وێستگەدا بەرجەستەبووە، نموونەی (حوجرە) و (ناوەندە عیرفانی و تەسەوفییەکان، وەك نموونەی تەکیە و خانەقاکان). سەرچاوەی بیری ئایینی کورد، جگە لە پەرتووك و دەستنووسی تایبەت بە زانا کوردەکان، بەشی زۆری سەرچاوەکانی دیکە ئەو پەرتووکانە بوون کە غەیرە کورد بەرهەمیان هێناون. زانا و عاریفە گەورەکان هەوێنی بەشی زۆری ئاییندارى ئەو کەسانەبوون، کە گرنگییان بە لایەنی تەزکییەی نەفس و گرنگیدان بە لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی دەدا. بەشەکەی دیکەی زانایانی کورد پەروەردەی حوجرە بوون، کەوتبوونە ژێر کاریگەری تەفسیرەکانی تەبەری و قورتبی و ئیبن کەسیر و ڕازی. لە بواری زانستی شەرعییەوە وەك ئیبنولقەیم ئەلجۆزیی و ... هتد، لە بواری فکر و فەلسەفەشدا وەك فارابی و ئەبوڕەیحان بیرونی و ئەبوبەکر ئەلڕازی و ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد و کیندی، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئیمامی غەزالی، کە بە هۆی پەرتووکەکانییەوە ڕێگری لە تەوژمی فەلسەفە عەقڵانییەکەی ئیبن ڕوشد دەکرد، ئەویش نەك وەك دژایەتی، بەڵکو وەك بابەتێك کە لە ڕێگەی زانستی مرۆیی و لۆژیك و زانستی کەلام و مەقاسیدی شەرعییەوە مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەدا بکرێت، نەك وەك ئەوەی یۆنانییەکان بەرهەمیان هێناوە. یەکێك لەو زانا کوردانەی دوای خوێندنی سەرجەم کتێبە فەلسەفیی و عەقڵانییەکان، دواجار بە بەشێوەیەکی خراپ کەوتە ژێر کاریگەری غەزالی، ئیبن سەڵاحی شارەزووری بووە، کە لە (١١٨١ ز تا ١٢٤٥ز) ژیاوە. وەك قازی و موفتی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان کۆمەڵێك فەتوای توندی دەرهەق بە قوتابخانە عەقڵانییەکان داوە، لە دژی ئیبن سینا فەتوای داوە و دژ بە ئایین ناوی بردووە. خۆرهەڵاتناسی هەنگاری (ئیگناس گوڵدزیهەر) ئاماژە بە فەتواکانی ئیبن سەڵاحی شارەزووری دەکات، کە چۆن دژە بیرکردنەوە بووە. هەر لەو سەردەمەشدا زانایەکی دیکەی کورد، سەیفەدینی ئامەدی کە لە (١١٥٦ ز تا ١٢٣٣ ژیاوە) و بە سەرمەشقی قوتابخانە عەقڵانییەکان دادەنرێت، دواجار بووە قوربانی فەتواکەی ئیبن سەڵاحی شارەزووری و دوورخرایەوە لە وانەوتنەوە. ئیبن تەیمییە ئەو مێژووەمان بەو شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە. دەنووسێت: شارەزووری وتویەتی: لێسەندنەوەی ئەو قوتابخانەیە لە ئامەدی لە گرتنەوەی عەککا باشترە؟! لە شاری هەولێریش لەو سەردەمە شێخ شەرەفەدینی هەولێر هەبووە، کە لە قوتابخانەیەك وانەیەکی تایبەت بە فەلسەفەی دەوتەوە، (حەسەنی کوڕی محەممەد – ١١٩٠ تا ١٢٦٢ ژیاوە) خۆی لە بنەڕەتدا خەڵکی نوسەیبینە، بەڵام

بۆ خوێندن هاتووەتە هەولێر، لای ئەو شێخ شەرەفەدینە زانستی کەلام ولۆژیك و ئەدەب و فیزیك و فەلسەفەی ئیبن سینا و ... هتدی خوێندووە، بەڵام هەر لەو قۆناغەدا دۆخەکە لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەگۆڕێت و زانایەکی وەك قازی سیراجەدین مەحمود کوڕی ئەبوبەکری ورمێی (١١٩٨ – ١٢٨٣) سەردەردەکات، کە هەم شافیعییەکی ئەشعەری و هەم کەلامناس و زانایەکی بواری زانستە عەقڵانییەکان بوو. لەزۆر کات پێی وتراوە شافیعی دووەم. کتێبێکی بەناوبانگی هەیە بەناوی (مطالع الانوار فی المنطق والحکمە) سەربارى ئەوە شرۆڤەی بۆ کتێبی (الاشارات والتنبیهات)ەکەی ئیبن سینا کردووە. لێرە دەتوانین بڵێن هەوڵەکەی ئیبن سەلاحی شارەزووری دوو مانای وەرگرت بە هۆی ئەوەوە ئیدی حوجرەی کوردی زانستە فەلسەفی و عەقڵانییەکانی تێکەوت، ئیدی بووە نەریت کە لە زۆربەی زۆری حوجرەکان دەخوێنرا.

ئەمە بیرکردنەوەی کورد بووە لە ڕابردوودا، هەرچەندە ئەوانە هیچیان بە کوردی نەیاننووسیوە، هەموو دەزانین ئەمانە لە ژێر کاریگەری میراتی ڕۆشنبیری دینی بوون و زمانی عەرەبی، زمانی فارسی، زمانی تورکی، زاڵ بووە بە سەریاندا، هیچکامێکیان بە کوردی نەیاننووسیوە، هیچ کتێب و کۆڕ و کۆبوونەوە و دراسەیەکیشیان بە زمانی کوردی نەبووە، کەواتە بیرکردنەوەشیان بیرکردنەوەیەکی کوردانە نەبووە، ئەگەر ئەو قسەیەم لێ قبوڵ بکرێت، چونکە کاتێک بە زمانێکی دیکە دەنووسی بە زمانی دیکە دەخوێننەوە، ڕەنگە ئاسان نەبێت کوردانە بیر بکەیتەوە، دەتوانین بڵێین ژینگەی عەقڵانی لەو سەردەمەدا بە دژ و نادژەکەیەوە ژینگەیەکی کوردانە نەبووە، بەڵام ناشکرێت ئەمانە بەدەر بکەیت لەو میراتەی کە پەیوەندی بە مێژووی ئێمەوە هەیە، نەخێر ئەوانە بەشێکن لە مێژووی ئێمە هەرچەندە بە زمانی کوردی نەیاننووسیوە، ئەمە لە ڕووە سەردە مێژووییەکەیەوە.

لە سەدەی ئێمەشدا دەتوانین بڵێین ئەو کاتە مێژووی عەقلانی ئێمە دەستپێدەکات کە زانایانی ئێمە لە ناو ئەدەبدا ژیاون، واتە لە حوجرەدا بوون، مەلا و زانا بوون، بەڵام مامەڵەیان لەگەڵ دیندا مامەڵەیەکی ئەدەبیانە بووە، بۆ نموونە مەولەوی، دەکرێت بڵێین مامەڵەیەکی سۆفیانە بووە. کە دوو قوتابخانە هەبووە، قوتابخانەیەکی تەسەوفی عەقڵانی، تەسەوفی خانەقایی هەبووە، قوتابخانەیەکی دیکە پەیوەندی بە حوجرە و زانستی شەرعی و لۆژیك و زانستەکانی دیکەوە بووە، لە قوتابخانەی خانەقایی و تەکیەییدا کۆمەڵێك زانای پایەداری دینی دروستبوون، بەڵام لە ناو ژینگەی ئەدەبیدا مامەڵەیان لەگەڵ چەمکە دینییەکان کردووە، مەولەوی کتێبی تایبەتی هەیە لەسەر عەقیدە،

بەڵام دەتوانین بڵێین زیاتر لە ناو ئەدەب و لە ناو شیعردا مامەڵەیان لەگەڵ ئەو چەمکانە کردووە و لە پێش ئەویش خانەی قوبادی و بێسارانیمان هەیە، ئەوە لە حەوزەی هەورامان، بەڵام بێیتە حەوزەی شارەزوور دەبینین نالی بە شێوازێکی دیکە، مەحوی بە شێوازێکی دیکە مامەڵە دەکات، بەڵام ئەگەر سەرتر بڕۆیت، دەبینین ئەحمەدی خانی لەوێ بابەتی دین بە ناسیۆنالیزم دەکات بە پرۆسەیەکی نەتەوەیی، ئەمانە هەموویان زانایانی ئایینین، بەڵام بە فۆڕمی جیاواز مامەڵە لەگەڵ دونیای دینیدا دەکەن، لە شوێنێکدا دەبن بە ناسیۆنالیزم، لە شوێنێکدا دەبن بە عاریف و موتەسەوف، لە شوێنێکی دیکە دەبن بە پێشەنگی عەقیدەیی، ئایدۆلۆژی فەتوا دەردەکەن، واتە ئەمانە هەموو لە ناو ژینگەی دینداری کوردیدا بوونی هەبووە، تا دەگاتە سەردەمی مەلای گەورە.

مامۆستا دڵزار حەسەن لەبارەی ڕۆڵی مەلای گەورەی کۆیە لەپرۆسەی چاکسازی ئایینیدا بەوردی تیشك دەخاتە سەر بیری نوێگەری ئەو کەسایەتییە و ئاماژە بەوە دەکات کە مەلای گەورەی کۆیە لە دوو سەردەمی جیاواز ژیاوە، لە سەردەمی عوسمانییەکان ژیاوە و لە سەردەمی ئینگلیز ژیاوە، هەردوو سەردەم یارمەتیان داوە بۆ ئەوەی باشتر بتوانێت مامەڵە لەگەڵ دۆخی چاکسازی و عەقڵانی بکات، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە باشی لە عوسمانییەکان تێگەیشت کە ڤایرۆسێکی مەترسیدارن بۆ حوکمڕانی و دژایەتی کردن، دژیشی وەستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی لە ڕێگای دەسەڵاتی عوسمانییەکان مامەڵەیەکی کوردانە لەگەڵ حوجرەی مزگەوتی کوردیدا بکات، وانەی ئایینی بە هەموو زانستەکانییەوە بە کوردی بە هەموو قوتابییەکانی بڵێتەوە، بە کوردیش بابەتەکانی خۆی دەنووسی.

**ئەگەر سەردەم و واقیع و گۆڕانکارییەکان لەبەرچاو نەگریت، ڕۆحی دەق نەخوێنیتەوە، عەقڵ و حیکمەت بەکارنەهێنیت، بەڕاستی ئەوە نابێتە چاکسازی لە بواری ئایینیدا**

لە سەردەمی ئینگلیزەکانیش بە جۆرێکی دیکەیە، بەڵام بە کورتی چاکسازیی مەلای گەورە لە دوو بابەت خۆی دەبینییەوە، چاکسازیی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی ئایینی لە ڕێگەی تەفسیرەکەیەوە، ئەوەی کە چاکسازیی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگای شیعر و پەند و ئامۆژگاریی و چیرۆك مامەڵەی لەگەڵ دۆخی خورافی و دواکەوتوویی و ئەو ژینگە خراپەی کە کۆمەڵگەی ئێمە، کە بەشێك لە شێخەکان خەڵکیان بەرەو خورافەیی و دواکەوتوویی بردبوو، لە مەسەلەی دەرەبەگ، ئاغا، جوتیار، کرێکار، زوڵمکردن و ئەوانە، ئەمانە

واقیعێك بوون دەبوایە بەرەنگاریان بنەوە، مەلای گەورە لە ڕێگەی شیعر، ئەدەب، چیرۆك، پەند و ئامۆژگارییەوە توانی چاکسازیی لە نێو ئەو عەقڵەدا بکات، یەکەم کەسیش بوو لە سەردەمی ئینگلیزەکان کە کچی خۆی نارده قوتابخانە و ئەمە خۆی لە خۆیدا گۆڕانێك، چاکسازییەکە، ئیسڵاحێکە لە عەقڵی ئەو سەردەمەی کوردی.

دیوەکەی دیکەی ئیسڵاحەکەی، جیاوازی مەلای گەورە لە تەفسیرەکەیدایە، کە تەفسیرەکەی بۆ نوخبەیە و دەستەبژێری کۆمەڵگەیە، نەك بۆ کەسانی دیکە، هەر نووسینی تەفسیرەکەی بە کوردی گۆڕانێکی گەورەیە، تێپەڕاندنێکی بنەڕەتی جەوهەری خوێندنی حوجرەیە لە زمانی عەرەبییەوە، لە زمانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی، ئەمە جەوهەری کارەکانی مەلای گەورەیە لە مەسەلەی چاکسازی و تیگەیشتنی بۆ ئیسلاح، جگە لەوەش سەرچاوەی زۆری سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپای لەبەردەست بوو، ئێمە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین: ئایا مەلای گەورە چۆن توانی دەستی بەو سەرچاوە گرنگانەی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپا بگات؟ بۆ نموونە (کۆستاڤ لۆبۆن)، (ئەرستۆ) و (ئەفلاتون)ی ناسیوە، تەنیا بە ناو نا، بەشی زۆری کتێبەکانی خوێندوونەوە، زووتر زۆر ئاگاداری (محەممەد عەبدە) و (جەمالەدینی ئەفغانی) و (عەبدوڕەحمان کەواکیبی) بووە و لە ژێر کاریگەری ئەوان زۆر پرسیار و تێگەیشتنی خۆی لە ناو تەفسیرەکەی وروژاندووە، ڕەخنەی لە ئیبن تەیمیە گرتووە، ڕەخنەی زۆرێك لە زانایانی پێش خۆی کردووە کە لە لای ئێمە پیرۆز بوون.

دەتوانین بڵێین مەلای گەورە بۆ توێژی دەستەبژێری کۆمەڵگە بە گوتارێکی عەقلانی، زمانێکی باڵا، تێگەیشتنێکی جیاوازتر، چاکسازیی لە دیندا کردووە، بەڵام لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی گشتی چاکسازییەکەی زیاتر لە بواری کۆمەڵایەتی بووە، واتا دوو جۆر چاکسازیی کردووە، بواری کۆمەڵایەتی و بواری مەقاسید و زانستە شەرعییەکان، ئەویش لە ڕێگەی تەفسیرەکەیەوە و بە زمانی کوردیش.

## ئەو کەسانەی بانگەشە بۆ چاکسازیی دەکەن و کەسانی ئەکادیمین بەڕاستی فەرامۆشکراون

لەبارەی پێویستی چاکسازی ئایینی مامۆستا دڵزار حەسەن دەڵێت، دەبێت دەسەڵات یارمەتی ناوەندە مەعریفی و زانستییەکان بدات بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییە ڕوو بدات، بەبێ دەسەڵات ڕەنگە نەتوانین هیچ بکەین، پاشان ئەوەی کە ئەرکی مامۆستایانی ئایینی، ئەرکی ڕۆشنبیران و ئەو کەسانەیە کە

لە خەمی ئەو چاکسازییەدان ئەوەیە کە ئێمە قوتابخانەی کوردستانی، تێگەیشتنی کوردانە بۆ ئایین زیندوو بکەینەوە و قوتابخانە سەلەفی و تەکفیری و ئەوانەی کە پەیوەندییان بە دەرەوەی کوردستانەوە هەیە وەکو قوتابخانەکانی قەتەر، کەنداو، میسر و ئەوانە دووربخەینەوە، ئەمە یەکێکە لە هەرە پرۆسە سەرەکییەکانی چاکسازی، چونکە تاکو ئەم هەماهەنگییە نەکەیت، ئەم قوتابخانانە دوورنەخەیتەوە، ناتوانی چاکسازی بکەیت، چونکە ئەوان کاریگەرییان لەسەر ڕوانگەی تەواوی گەنجەکانی ئیمە و لەسەر دەسەڵات دروست کردووە، دەبێت گرنگی بە خانەقا و تەکیە و حوجرەی کوردی بدەین، جارێکی دیکە ئەدەبی شاعیرانی کورد، ئاییننناسانی کورد و ئەوانەی لە مێژوودا خزمەتیان بە ئایین کردووە، بێنەوە حوجرە، نەك هەوڵ بدەین نامیلکە و نووسراوی کەسانی دیکە بکەینە سەرچاوەی مەعریفی ئایینی خۆمان، دەبێت ئەم پرۆسەیە ڕێکبخرێت، حزبە ئیسلامییەکان ناتوانن چاکسازی بکەن، ئەوان خۆیان بەشێکن لەو قەیرانە، ناوەندە زانستییە دینییەکانیش هەندێکیان لێدەرچێت ئەوانیش جورئەتی ئەوەیان نییە دەستکاری بکەن، هەرچەندە وەکو تاك هەوڵی زۆر دراوە، بۆ نموونە مستەفا زەڵمی، پێموایە لەسەر ڕەوتی تەجدیدە نەك ئیسلاح، بەڵام نە ئێمە جورئەتمان هەبوو موخاتەبەی بکەین، نە ئەویش توانی پەیامەکەی بە ئێمە بگات، هەرچەندە خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەندە لەو بوارە و ئازادانەش قسەی خۆی کردووە، جەریئیش بووە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە هەرسی بکەین و تێگەیشتنی باشمان هەبێت، کەواتە لە باشووری کوردستان چاکسازی لە بواری ئایینیدا ئەوەیە کە ئێمە ئایین نەکەین بە ئامانج، بەڵکو مرۆڤ بکەین بە ئامانج، واتە مرۆڤدۆستی، مرۆڤایەتی بکەین بە ئامانجی سەرەکیمان، نەك ئایین و ئایدۆلۆژیا، ئێمە ئێستا خەریکە فەرموودە، تێگەیشتنمان بۆ بۆچونی زانایان، پیرۆزکردنی کتێبێك ڕەنگە لامان گرنگتر بێت لە پیرۆزی مرۆڤ، ئەوە وای لێ کردووە هەمیشە مرۆڤ ببێتە قوربانی، دەبێت ئایین بکەین بە قوربانی مرۆڤ، واتە مرۆڤ لەسەرەوەی ئایینە، من باسی جەلالێتی خوا ناکەم، باسی ئایین دەکەم، ئێمە دەبێت تێگەیشتنێکی مرۆڤیمان بۆ ئایینەدە هەبێت، دوورکەوینەوە لە تێگەیشتنی مەزهەبی، تێگەیشتنی ئایدۆلۆژی بۆ دین، ئەمە بە چی دەکرێت، ئەمە بەوە دەکرێ کە دەبێت گوتارێکی مرۆڤدۆستی دروست بکەین و ئەو چەمکە جوانانەی کە لەپێشتردا وەکو میرات بۆ ئێمە ماوەتەوە لە حوجرەکان، خانەقاکان، تەکیەکان، کە فێری کردووین کوردانە ئایینداری بکەین، زانایانە ئایینداری بکەین، دەرێژەپێدەری ئەو مێژووە مرۆڤدۆستەی

ڕابردووی کورد زیندوو بکەینەوە، چونکە ئەوەی هەیە، ئەو فۆڕمە ئاینداریەی لە کوردستان هەیە، فۆرمی کوردی نییە، دەبێت ئەو فۆڕمە بگۆڕین، کە ئەو فۆڕمەت گۆڕی چاکسازییەکە خۆی ڕوو دەدات، لەبەرئەوەی ئێمە باوەڕمان بە دەمارگیری نییە، بۆ نموونە کورد لە مێژوودا هیچ کاتێك لە حاڵەتی فەرمیدا، تەکیە و خانەقا وحوجرەی نەبووەتە هۆکاری ئەوەی کە ئاینداریەکی دەمارگیرانە، یان تەکفیریانە بکەین، ئێمە ڕەنگکراوین، ئێمە بە ئاقارێکی تردا براوین، بە شێوازێك مامەڵەیان لەگەڵ کردووین، بە شێوازێك نەخشەی فۆڕمی دینداریمان پێدەناسێنن، وا ئاشنامان دەکەن بە دینداریەك کە موڵکی ئێمە نییە، پەیوەندی بە دونیا و خێزانی ئێمەوە نییە، بە دایك و باوکی ئێمەوە نییە، هەتا ڕەوشت و قسەکردن و هەڵسوکەوتیان، بۆیە ئێمە دەبێت چاکسازی لەو فۆڕمە دیزاینکراوە هاوردەیە بکەین، دواجار بگەڕێینەوە بۆ فۆڕمە ڕاستەقینەکەی دینداری کوردی، حوجرە زیندوو بکەینەوە بەو حوجرەیەی کە لە پێشتردا چۆن بووە، دینداری چۆن بووە، ناوەندە ئەکادیمییەکانیش، چونکە ئێمە کێشەمان لە ناوەندە ئەکادیمییەکانیش هەیە، دەبێت ناوەندە ئەکادیمییەکانیش بەو کتێبانە ڕابێنین کە لەپێشتردا خوێنراون، بەو عەقڵیەتە و بە فۆڕمەی کە لەپێشتردا هەبوون، چونکە هەتا ئەمە نەکەیت بێگومان حەوزەی دینی تۆ دووبارە دەچێتەوە ناو حەوزەی دینی قەتەری، خلیجی یان میسری، کە ئەوانە هیچ پەیوەندییان بە ژینگەی ئێمەوە نییە.

لەبارەی گرنگی بوونی مەرجەعیەتێکی چاکسازی ئاینی کوردییانە، د. عەباس وتی: ئێمە هەوڵەکانمان نابێ پەرتەوازە بێ، ئێستا ئێمە لە کوردستاندا و ئەو کەسانەی خاوەنی بیری کراوەن خاوەن دیدگای نوێن، تا ئێستا بە شێوەیەکی باش یەکتری ناناسین، ئاگامان لە یەك نییە، ئەگەر هەمووومان یەکدی بناسین و ئەو دامەزراوانە هەماهەنگیان هەبێت، دانیشتن و وۆرکشۆپ و کۆڕ و سیمیناریان هەبێت، بێگومان هەموو هەوڵەکان بخەینە یەك، دەتوانین کاریگەری دروست بکەین، هاوکات مامۆستا دڵزار-یش ئاماژەی بەوە کرد کە ڕەنگە قورس بێ بۆ سوننە مەرجەع دروست بکات، بەڵام دەکرێت بەرگە کوردییەکە ببێت، وەکو نەژادپەرست نا، چونکە باوەڕم بە نەژادپەرستی نییە، کە دەڵێن کوردی مەبەستم لە دیوە مرۆڤەکەی تێگەیشتنی کوردانەیە بۆ دین، دیوە ڕەسەنایەتییەکەی، نەك خوانەخواستە مەسەلەی دەمارگیری نەتەوەیی، ئەسڵەن ئەمە دژی هەموو پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکانە، دەکرێت ئێمە لە گۆشەیەکی ناسیۆنالیزمییەوە ئیش لەسەر چوارچێوەیەك بۆ ئاینداری بکەین کە هەردوو گوتارەکە بکات بە

یەك، چونکە ئێمە گوتاری دینی و گوتاری نەتەوەییمان وەکو یەکە. ئەم قسەیە حەزم لێیە وەکو خۆی وەرگیرێت: ئێمە وەکو عەرەب و تورك و فارس نین، ئێمە هەم دینداریەکەمان، هەم گوتارە ناسیۆنالیزمییەکەمان یەك ئاڕاستەی هەیە، یەك پاکێجە، ئەگەر ئەم پاکێجە تێکەڵ بکەیت پێموانییە نەتوانین ئەم مەرجەعە دروست بکەین، بەو تێکەڵکردنە دەتوانین ئەو مەرجەعە دروست بکەین.

# بیرمەندان

# مەعشوق خەزنەوی و بیری نەتەوەیی و سۆفیگەریی لە ڕۆژئاوای کوردستان

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

پرسی دین و نەتەوە لەناو زۆربەی گەلانی ئەم ناوچەیە بەردەوام پرسێکی تێکهەڵکێش بووە، کەم وابووە دەسەڵاتێکی سیاسی، بزووتنەوەیەکی چەکداری، حزبێك ...هتد پرسی دین لەناویدا بابەتێکی جێ بایەخ نەبووبێت. بۆیە هەموو جموجۆڵ و بزاوتە سیاسییەکان لە کوردستان و کەسایەتییە کاریزمییەکان، ڕێ و ڕەچەیەکیان لەگەڵ پرسی دیندا هاتووەتەوە. هەڵبەت ئەم بابەتە دینییە زۆر جار وەك ناسنامەیەکی لایەنەکە هاتووەتە بەردید.

ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ئەوەی ناوچەیەکی بەر تەنگی جوگرافی و پچڕپچڕ و دابڕاو بووە لە یەکتر، بەڵام کەم تا زۆر کەسایەتی و ناوداری کوردی تێدا هەڵکەوتووە، کە نەك کاریگەریی لەسەر تەواوی ناوچە کوردییەکان، بەڵکو لەسەر زۆر شوێنی جوگرافی دوور لە کوردستانی گرتووەتەوە، تا ناو دیمەشقی پایەتەختی سوریا و دڵی عروبە و دوا قەڵای بەعس لە دنیای عەرەبی.

لەگەڵ هەموو ئەو بزووتنەوە سیاسی و کەسایەتییە ناودارانەی لە ڕۆژئاوای کوردستان ناویان دێت، ناوی خەزنەوییەکان ناوێکی دیار و بەردەوام هاتووە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی لەم پارچەیە و لە تەواوی شام و سوریا.

**کورد و سوریا**

کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەو پارچەی کوردستانی گەورە کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری عەرەبی سوریادایە، لەگەڵ ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی سوریا، ژمارەی دەگاتە دوو ملیۆن و نیو بە گوێرەی داتای نارەسمی. لە ڕووی جوگرافیشەوە سێ ناوچەی لێکدابڕاوە: جزیرە و کۆبانێ عەفرین[1]. واتە بە گوێرەی ژمارەی گشتی دانیشتوانی سوریا دەگاتە نزیکی (١٧٪) لە ڕووی پێکهاتەی دینییەوە ڕۆژئاوای

کوردستان زۆرینەی موسڵمانی سوننە مەزهەبن، بە تایبەت جزیرە و کۆبانێ، کە ڕێژەیان دەگاتە (٩٠٪)[٢] ئەو ڕێژەی دەمێنێتەوە بەشێکیان ئێزیدین کە زۆربەی دەکەونە سنووری ڕۆژئاوا و باشوور، دیوی ڕۆژئاوای چیای شنگال[٣]. هەروەها ژمارەیەك لە تایەفەی سریانی ئەرسۆدۆکسی مەسیحی لە ناوچەی جزیرە بە تایبەت لە حەسەکە و قامیشلی و دەوروبەری و سەرێ کانی و ئاموودا هەن بە (٢٥٠٠٠) کەس دەخەملێنرێن[٤] لەگەڵ هەڵکشانی بارودۆخی سەربازی و سیاسی ناوچەکە ژمارەیان ڕۆژبەڕۆژ لە کەمبوونەوەدایە، بە تایبەت بە هۆی مەترسی چەکدارانی میلیشیا جیهادییەکان.

هەرچی عەلەوییەکانن پتر دەکەونە ناوچەی عەفرین و ژمارەیان بە (١٥٠٠٠) کەس دەخەملێنرێت، پێکهاتەیەکی تری دینی ڕۆژئاوای کوردستانن[٥]، هەرچەند ئەم ژمارەیە تەواو گۆڕاوە بەهۆی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکە بە دەستی ڕژێمی تورکیا، بە هۆی نیشتەجێکردنی ئیگۆر و فەلەستینی و عەرەبی تری سوری لەم ناوچەیە.

### ئیسلامی سونی لە ڕۆژئاوا

زۆرینەی کوردی ڕۆژئاوا موسڵمانی سوننە مەزهەبن، بە هۆی کاریگەریی باڵادەستی ئیسلامی سوونی لە ناوچەکە. بە هۆی کاریگەریی ئیسلامی سوونی تورکی و ئیسلامی عەرەبی سونی، دابەشی هەردوو مەزهەبی شافعی و حەنەفی بوون[٦]. لەگەڵ ئەم ڕەوتە فیقهییە، هاوکات موسڵمانانی کورد لە کۆنەوە سەروکاریان لەگەڵ تەسەوف و سۆفیگەری هەبووە. بۆیە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش هەردوو تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی شوێنکەوتەی خۆیان هەیە.

تەریقەتی قادری لەگەڵ ئەوەی مێژووی زۆر کۆنە لە پارچەکانی تری کوردستان، بەڵام لە ڕۆژئاوا مێژووەکەی تازەترە بەراورد بە نەقشبەندی[٧]. بوونی تەریقەتی قادری لە ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ لقێکی تەکیەی بریفکانی، کە بنکەی سەرەکی لە نزیکی شاری دهۆکە، بەڵام ئەم لقەی ڕۆژئاوا تەکیەی سەرەکی لە شاری ئامودای سەر بە پارێزگەی حەسەکەی ناوچەی جزیرەیە.

هەرچی تەریقەتی نەقشبەندییە مێژووی کۆنترە بەراورد بە قادری لەم ناوچەیە، بە هۆی کۆچکردنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە باشوورەوە بۆ ڕۆژئاوا و دواتر گیرسانەوەی لە شام و دواتر کە کۆچ دەکات لە کێوی قاسیون دەنێژرێت[٨]. لە ناسراوترین خانەقا و بنکەی نەقشبەندی لە ڕۆژئاوا خانەقای خەزنەویە.

**تەسەوف و خەباتی سیاسی**

تەسەوف تەنیا لە یەك تەریقەت و یەك خانەقا و تەکیە کورت ناکرێتەوە، بۆیە لە شێخێك بۆ شێخێکی تر جیایە و لە

خانەقایەك بۆ خانەقایەکی تر و ..هتد، ئیتر بەم شێوە. بۆیە پرسی سیاسی و خەباتی سیاسی لەناو ئەهلی تەسەوف لە ڕۆژئاوادا یەك جۆر و شێوە نییە.

بۆ نموونە تەریقەتی قادری بریفکی لە مێژووی سیاسی کوردیدا هیچ بەشدارییەکیان نەبووە لە ڕۆژئاوا، ناودارترین ڕێبەری ئەو تەریقەتە شێخ عوبێدوڵڵای قادری کوڕی شێخ ئەحمەدی قادری حسێنی[٩]. لەگەڵ ئەوەی ئەم تەکیە و تەریقەتە بەشدارییەکی سیاسی وای نەبووە، تەنانەت تۆمەتی نزیکایەتی لە دەسەڵاتی حزبی بەعسی سوریایان دراوەتە پاڵ، هەرچەندە دوای پشێویەکانی بەهاری عەرەبی، شێخی ئەم تەکیە و تەریقەتە ناوچەکە جێدەهێڵت ڕوودەکاتە تورکیا، تەکیەی گەورەی ئەم تەریقە دەبێتە پەناگەی ئاوارە و لێقەوماوانی ناوچەکە[١٠]. دواتر دەگەڕێتەوە ئامودا و لە تەمەنی هەشتا ساڵی لە (٢٠٢٤/١/١) کۆچی دوایی دەکات[١١]. بە گوێرەی سەرچاوەکانی سوریا پارێزگاری حەسەکە لەلایەن دەوڵەتی سوریا لوئەی سیوح بە نوێنەرایەتی ئەسەد سەرۆکی سوریا بەشداریی پرسەکەی کردووە[١٢] هەرچەند ئەمە نابێتە بەڵگە لەسەر بەعسیبوونی ئەم ڕەوتە، بەڵام لانی کەم ئەوەی بەردەستە ئەوانە هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکیان تۆمار نەکراوە دژی دەسەڵات و دەوڵەت.

بەڵام سەبارەت بە تەریقەتی نەقشبەندی، ئەوا ناسراوترین لقی ئەم تەریقەتە لە ڕۆژئاوا خەزنەویەکانن، گەر هەریەکە لە شێخانی تەریقەتێك جیاوازبن لەگەڵ یەکتر، ئەوا لەناو شێخانی خەزنەوی، لە شێخێك بۆ شێخێکی تر جیاوازە، لە لاچەپەوە بۆ چالاك، بۆ سیاسی بۆ چاکساز ..هتد

**خانەقای خەزنەوی**

خەزنەوییەکان خێزانێکی کوردی نیشتەجێی جزیرەن لە گوندێك بە ناوی تەل مەعرووف سەر بە شاری قامیشلو. باپیرە گەورەیان شێخ ئەحمەدی خەزنەوی نیشتەجێی گوندی خەزنە لە جزیرە. زانستە ئیسلامییەکانی لای کۆمەڵێك مەلای کورد و عەرەبی ئەو سەردەمە تەواو کردووە و تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ عەبدولقادری هەزانی خەلیفەی شێخ عەبدوڕەحمانی تاغی وەرگرتووە. دواتر لە خەزنە گیرساوەتەوە. خزمەتی زۆری بواری شەریعەت و تەریقەتی کردووە[١٣]. هەڵبەت ئەم شێوازەی تێکەڵکردنی مەلایەتی و شێخایەتی لە هەندێ تەریقەتی سۆفیگەری لە زۆر شوێنی کوردستان باو بووە.

سەبارەت بە بەشداریی سیاسی شێخ ئەحمەدی خەزنەوی، لەو سەردەمە گەرمەی سەردەمی ئیمپریالیزم و داگیرکردنی قودس و حیجاز بووە، بۆیە شێخ ئەحمەدی خەزنەوی وەك پشتیوانێکی دینی لەمەی ڕوانیوە بە

ئاشکرا بەرەنگاری فەرەنسییەکان بووەتەوە، خانەقاکەی بووەتە پەناگە و شوێنی حەوانە و حەشارگەی زۆرێك شوێنکەوتوانی شێخ عیزەدین قەسام و سوڵتان پاشای ئەترەش، بۆیە دوور خراوەتەوە بادیەی سوریا،[١٤] بەڵام ئەوەی لە بارەیەوە نووسراوە لە بارەی بزووتنەوەی کوردایەتی و پشتیوانی شۆڕشەوە، شتێکی وای لەبارەوە نەنووسراوە بەو ئەندازەیە پشتیوانی شۆڕشی کورد بوو بێت، یاخود خۆی وەك شێخانی تری شۆڕشگێڕ خۆی هەڵگیرسێنەری جموجۆڵێکی کوردایەتی بوو بێت.

**لەگەڵ هەموو ئەو بزووتنەوە سیاسی و کەسایەتییە ناودارانەی لە ڕۆژئاوای کوردستان ناویان دێت، ناوی خەزنەوییەکان ناوێکی دیارو بەردەوام هاتووە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی**

**کوڕانی خەزنەوی**

محەمەد مەعسووم دوای شێخ ئەحمەدی باوکی لەسەر بەرماڵی شێخایەتی دانیشت، لە هەرەتی گەنجێتیدا بوو، ناسرابوو بەوەی زۆرترین هەوڵی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و نەفامی و نەخوێندەواری و لادانی ئەخلاقی ناو خەڵك بوو، هەروەها زۆرێك لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی کردۆتەوە، لەگەڵ ئامادەیی زانستی و وێژەیی و شەرعی. هەروەها خانەی هەتیوان و بەسەڵاچووانی کردوونەتەوە، بە جۆرێك چالاکییەکانی بەرچاو بوون، حزبی بەعس کەوتە داخستنی ئەم دامەزراوانە. بەڵام تەمەنی درێژەی نەدا و هەر چلەکانی تەمەنی کۆچی دوایی کرد لە ساڵی (١٩٨٥) و کاروباری تەریقەت درایە شێخ عەلائەدینی برای[١٥].

هەرچی شێخ عەلائەدینە، کەمتر لای لەم چالاکییانە بوو کە شێخ مەعسووم لە هەشت ساڵی ژیانی شێخایەتی خەریکی بوو، زۆرتر خەریکی بواری دینی و ئیرشادی تەریقەت بوو، بەڵام بایەخی زۆری داوە بە زمانی کوردی ژمارەیەك زۆری شیعری سۆفی و دینی بە زمانی کوردی هۆنیوەتەوە. دواجار لەگەڵ ئەم شاڵاوە گشتیەی حزبی بەعس بەرامبەر کوردی ڕۆژئاوا کردی، ئەویشی تێوە گلاوە، کە لەسەر تۆمەتی کوردایەتی، ڕەگەزنامەی سووری لێ سەندرایەتەوە[١٦]. ئەمە لە کاتێکدا زۆرێکی تر لە پیاوانی دینی لەناو کورد و نەتەوەکانی تر هیچ ڕەگەزنامەیان لێ نەسێنرایەوە، ئەمە گەر مانای ئەوەش نەبێت کە هاوکاری دۆزی کورد نەبووبن بە ئاشکرا، لانی کەم بە ئاشکرا هیچ مەترسیەکیان لێ دەرنەکەوتووە لەسەر ڕژێمی بەعسی سووری. بۆیە بە هەر شێوەیەك بێت،

بوونی چالاکی جۆراوجۆری ڕۆشنبیری و خوێندەواری و بایەخدان بە زمانی کوردی، گەرچی لە خزمەتی دیندا بووبێت، ئەوا دەوڵەت بە مەترسی لەسەر خۆی زانیوە، سەندنەوەی ڕەگەزنامە سزایەکی نەتەوەیی و هاووڵاتیبوون بووە بۆ ئەو کەسایەتیانە.

دوای مردنی عەلائەدین خەزنەوی لە (١٩٦٩) شێخ عیزەدینی برای بووە جێنشینی، لەگەڵ ئەوەی لەم سەردەمە ئەم تەریقەتە زۆر پەرەی سەند، بەڵام زۆر تۆمەتبار دەکرێن بەوەی زێدە لە ئەندازە خورافیات و نەفامی و کاری سەیر و سەمەرەی تێکەوت لە (١٩٩٢) کە کۆچی دوایی دەکات، لەسەر ڕێبەرێتیکردن، محەمەدی کوڕی و عەبدولغەنی برای دەکەونە ململانێ، دواتر محەمەد بە ڕووداوی هاتوچۆ لە سعوودیە گیان دەسپێرێت، محەمەد موتاعی کوڕی لەگەڵ محەمەد ڕاشدی مامی دەکەونە ململانێ، بە کورتی ئەم هێڵەی خەزنەوی لەم کێشمەکێشمەدا بوون، تا لە بەهاری عەرەبی بنکە و بارەگایان گواستەوە ئەدەنە لە تورکیا.[١٧] ئەم هێڵە بە گشتی نێوانی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی باش نەبووە و بە خراپ ناویان دێت، چ جای ئەوەی تێکەڵاوی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی بن.[١٨] لەگەڵ ئەوەش دەسەڵاتی سوریا دەستی لەویش نەپاراست لە سەندنەوەی مافی ڕەگەزنامە. بە هەر حاڵ پاشەکشەی نەتەوەیی، لەنێو ڕەوتی دینی لەسەر حسێبی هەستی نەتەوەیی، لەناو زۆرێك بزووتنەوە دینیەکانی کوردستان لە کۆن و نوێدا هەیە، وەك ئەوەی دین بە گرنگتر بزانن لە نەتەوە، ئەمە سەرەڕای لادانی ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵێك پرەنسیپی شەرع و تەریقەت.

**مەعشوق خەزنەوی**

لەم کێشمەکێشمەی نەوەکانی خەزنەوی، کوڕێکی تری عیزەدین خەزنەوی، بە ناوی محەمەد مەعشوق (١٩٥٨-٢٠٠٥) دەردەکەوێت، سەرەڕای خوێندنی شەرعی، خوێندنی ئەکادیمی تەواو دەکات بەکالۆریۆس لە زانکۆی ئیسلامی لە مەدینە، ماستەر لە کۆلێژی ئەوزاعی لە لوبنان و دکتۆرا لە زانکۆی ئیسلامی لە کەراچی.[١٩] ئەم گەڕانەی شێخ مەعشوق لە سەرەتای گەنجێتی تەمەنی بە جۆرێك چاوی کردەوە لەگەڵ ئەو پەیمانگە شەرعی و تەنانەت شێخی باوکیشی کەوتە مشتومڕ لەسەر ئەم دۆخەی کۆمەڵگەکەی تێی کەوت بوو لەسەر دەمی شێخ عیزدەینەوە، تا دوا جار ئەم کێشە و مشتومڕەی نێوان شێخ محەمەدی برای و شێخ عەبدولغەنی مامی، پشتی لە براکەی کرد و پشتیوانی مامی کرد، چونکە بە ئاشکرا دژایەتی خورافیات و نەفامی و لادان و شەخس پەرستی...هتد[٢٠] بوو. ئەم چاکسازییەی مەعشوق دەیویست بێ باج نەمایەوە، تا مردنی شێخ عیزەدینی باوکی لەو

پەیمانگەی تەل مەعروف کە بنکەی سەرەکی خەزنەویەکانە دوورکەوتەوە بۆ ئیدلیب، پاشان گەڕایەوە قامیشلو.

### چاکسازی و کوردایەتی

هەر زوو وەك هەردوو شێخ عەلائەدینی مامی و شێخ عیزەدین کەوتە بەر شاڵاوی بێبەشبوون لە مافی هاووڵاتیبوون، دەسەڵاتی سووری مافی ڕەگەزنامەی لە شێخ مەعشوق سەندەوە، خۆی و ئامۆزاکانی هەڵوێستیان زۆر ڕوون بوو لە پرسی نەتەوەیی و پشتیوانیان لە پرسی کورد وەك دۆزێکی نەتەوەیی و ستەمدیدە دەکرد.[٢١]

دەرکەوتنی مەعشوق خەزنەوی وەك بۆمبێك وابوو لەم ناوەندە دواکەوتووە لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە هەم هەوڵێك بوو بەرەی دین لەژێر پێی شێخایەتیەکی دواکەوتووی خورافی دەربهێنێت، ئەم بەرەی ڕەخنەی مەعریفی لەبن پێی نەیارانی تەسەوف، هەم دەرکەوتنی وەك کاریزمایەکی بزووتنەوەی سیاسی و کوردایەتی.

لەگەڵ هەموو ئەوانە شێخ مەعشوق کۆمەڵێك چالاکی جۆراوجۆری مەدەنی گرتبووە ئەستۆ، وەك[٢٢] بەڕێوەبردنی بنکەی ئیحیاء لە قامیشلو بۆ چالاکی بانگەوازی چاکسازی دینی، هەروەها چالاکی زانستی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی. هەروەها ئەندامی لیژنەی سووری بوو بۆ کاری هاوبەشی ئیسلامی – مەسیحی. ئەندامی دامەزرێنەری هاوبەندی نووسەرانی نوێخواز. ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی کوردی (ماف). ئەندامی یەکێتی ڕۆشنبیرانی کورد.

### ڕاپەڕینی قامیشلو

لە (٢٠٠٤/٣/١٢) یاری تۆپی پێ لەنێوان یانەی جیهاد لە قامیشلو و فتوەی عەرەبی لە دێرەزوور لە یاریگەی قامیشلو بەڕێوەچوو، بە هۆی عروبەیی جەماوەری فتوە و گوتنەوەی دروشمی نەتەوەیی و پاڵپشتی سەدام، لە کاردانەوەدا جەماوەری کوردی یانەی جیهادی قامیشلو، کەوتنە بەرزکردنەوەی دروشم بۆ جۆرج دەبلیو بۆش و سەرکردە کوردەکانی وەك ئۆجەلان و تاڵەبانی و بارزانی. ئەمە بووە هۆی پێکدادانی خوێناوی لە شارەکە و بەشێکی هێزە ئەمنییەکان وەك کاردانەوەی سیاسی کەوتنە سەرکوتکردنی هەموو جموجۆڵێکی کوردی، سەرەنجام نۆ قوربانی کوردی لێ کەوتەوە.[٢٣]

بۆ ڕۆژی دواتر لە مەراسیمی بەخاکسپاردنیان، لەگەڵ ئەوەی سەرەتا کەشەکە هێمن بوو، دواتر ئاپۆڕای جەماوەری بەرەو بەردبارانکردنی وێنەی بەشار ئەسەد و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و دروشمی دژی بەعس... هتد ئەمەش ڕەشبگیری لێکەوتەوە.[٢٤]

ئەم ڕاپەڕین و ئاپۆڕا جەماوەریانە بە گشتی خۆکرد و پەرش و بڵاو بوون. بەڵام

دواجار دۆخەکە لە نەورۆزی هەمان ساڵ کۆبووەوە لە مەراسیمی جەژنی نەورۆز وتارە حەماسییەکەی شێخ مەعشوق کە یادی شەهیدانی ئەو ڕاپەڕینەی بەرز ڕاگرت.[٢٥] ئەم جموجۆڵانەی شێخ مەعشوق ڕچەشکێن بوو لە مێژووی سۆفیگەری لە ڕۆژئاوای کوردستان. هەستە نەتەوەییەکەی بە جۆرێك خەڵکی کوردی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، کاریگەریی بەهێزتری هەبوو لە زۆرێکی حزبە کوردییەکانی ئەوێ. جیا لەوەی بەڕەی بانگەشەی دینی لەژێر پێی دامەزراوە تەقلیدییە دینییەکان و هاوکات ڕەوتی ئیسلامی سیاسی ڕاکێشا. کە ئەمە بە هیچ جۆرێك بە دەسەڵات قوت نەدەدرا.

### لە ڕۆژئاوای کوردستانیش هەردوو تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی شوێنکەوتەی خۆیان هەیە

وتاری نەورۆز، وتاری ساڵیادی شەهیدێك لەم ڕاپەڕینەوە لە هەر شوێنێك و بۆنەیەك شێخ مەعشوق دەرکەوتبایە، ئیتر ئاپۆڕای جەماوەری دەوری دەدا، بە تایبەت گەر وتاری بدایە، لە چەند چرکەیەك ئاڵای کوردستان و وێنەی سەرکردە کوردییەکان بە تایبەت ئۆجەلان بەرزدەکرایەوە.[٢٦] ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەهاری عەرەبی لە چەندان وڵاتی عەرەبی بڵێسەی دەرکەوتبوو، بەڵام لە سوریا هێشتا ناوچە کوردنشینەکان و ڕۆژئاوا لە سەرەتای ئەم دۆخە بوو.

لە نەورۆزی هەمان ساڵ شێخ مەعشوق لە دوو وتاردا بە ئاشکرا بانگەوازی ئازادی گەلی کورد و دژایەتی سیاسەتی سەرکوتکاری بەعسی جاڕدا. بێژمار خەڵکی لێ کۆبووەوە[٢٧] ئەم پێشهاتە زۆر نوێ بوو لە گۆڕەپانەکە، پیاوێکی دینی بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە، بە پاشخانی شێخایەتی تەریقەتەوە لەناو کۆبوونەوەی جەماوەری بەشداری جەژنی نەورۆز بکات، کە لە ژینگەی وا لە دوو لاوە قوت نادرێ، هەم کۆمەڵگەیەکی خنکێنراو بە عروبە، هەم دینداریەکی خورافیاتی ئاراستەکراو دژ بە کولتووری کۆمەڵایەتی بە پاساوی دینی. لە ساڵیادی شەهیدکردنی گەنجێکی چەلاکی شاری حەسەکە بە ناوی فەرهاد محەمەد عەلی لە (٢٠٠٥/٤/٨) کە ساڵێك پێشووتر بە تۆمەتی هەڵگیرسانی پشێوییەکانی یاریگەی حەسەکە دەسگیر کرا و دواتر لە زیندان لەژێر ئەشکەنجە گیانی لە دەست دا(٢٨) شێخ مەعشوق کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ساز کرد، وتارێکی زۆر توندی تێدا دا، وەك سەرەتای دەرکەوتنی قۆناغێکی نوێ وا بوو، وتارەکەی بە زمانی عەرەبی دا، بەوەی ئیتر ماف خێر و بەخشش نییە کەس بیدا، هەوڵ و قوربانی دەوێ.. ئەم کۆمەڵگە خەوتووە دەبێ بێدار بێتەوە..

ئیتر خوێنیان بەفیڕۆ نارِوا، جارِی دژایەتی دەسەڵاتی ئەمنی و سەربازی بەعسی دا[٢٩] و تێیدا ئاستی توندی وتاردانی گەیشتە ئەوەی کەوا چی تر دەسەڵاتی دیمەشق ئەم ئاستە بەرزەی توورەیی جەماوەر و وتارە حەماسی و ئامادەیی قوربانی پێ قبووڵ نەکرا.

**گیران و تیرۆرکردنی خەزنەوی**

بەهۆی دژایەتیکردنی ڕژێمی بەعس و داوای مافی کورد و بەشداریکردنی لە ڕاپەڕینی ساڵی (٢٠٠٤) کە بەسەر شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بڵاوبووەوە، هەموو ئەو چاوانەی لەسەر شێخ مەعشوق بوون، دواجار لە (٢٠٠٥/٥/١٠) لەلایەن دەزگای هەواڵگری ڕژێمی سوریاوە ڕفێنرا. بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەک، لەوکاتەی لەزیندان بووە، ماهر ئەسەد برای بەشار ئەسەد، سەرۆکی ڕژێمی سوریا سەرپەرشتی ئەشکەنجەدانی کردووە، سمێڵ و برۆکانی هەڵکێشراون و جەستەی بڕاوە، لاشەشی بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتووەتە بڕینی بۆ سێ بەش. شەهیدبوونی لە (٦/١)ی هەمان ساڵدا، دوای بیست ڕۆژ لە ڕفاندنەکەی ڕاگەیەنرا،[٣٠] دەسەڵات لە گۆڕستانی شاری دێرەزوور بە خاکی دەسپێرێت، بەڵام لەژێر فشاری خۆپیشاندانی جەماوەری و کاردانەوەی خەڵکی کوردستان دواتر تەرمەکەی ڕادەست دەکرێت، لە مەراسیمێکی زۆر فراوان، تەرمەکەی لە ئاڵای کوردستان دەپێچرێت و لەناو خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری لە گۆڕستانی قدوری شاری قامیشلو بەخاك دەسپێرێت، کە دواتر ناوی گۆڕستانەکە کرایە گۆڕستانی شێخی شەهیدان.[٣١] کاردانەوەکان هەر لەمەوە نەوەستا، بەڵکو ئەمە بووە هۆی سەرەتای سەرهەڵدانی چەکداریی بە ئاشکرا لەناو شارەکانی ڕۆژئاوایی کوردستان و چەندان گرووپ و چەکداری تۆڵەسێن لە قامیشلو و حەسەکە دروستبوون دژ بە هێزەکانی دەسەڵات و دواتر بوونە ئەمری واقیع لەسەر زەمینەی ئەم ناوچەیە.[٣٢] ئەمە هۆیەکی تری ئەوەیە زۆرێکی هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژئاوا ساڵانە یادی ئەو کەسایەتییە دەکەنەوە.

**مورشید خەزنەوی**

ئەم بنەماڵەیە بە حوکمی ئەوەی هەم شێخایەتیان بە میرات بۆ ماوەتەوە، هەم خۆیان بەردەوام لەناو بواری زانستەکانی شەریعەت وەك مەلازادە ناسراون. بۆیە هەر لە سەرەتاوە کوڕانی مەعشوق خەزنەوی، ئەم ڕێچکەیە دەگرن. کە ناسراوترینیان مورشید خەزنەویە.
لە زۆربەی بەرنامەکان و چالاکییەکانی بەردەوام جەخت لەسەر تێپەڕاندنی دواکەوتوویی و خورافیات دەکاتەوە، هەروەها تێکەڵاوی و کرانەوەی بەرووی دین و مەزهەبەکانی تر خاڵێکی تری ڕوونی ئەو کەسایەتییەیە،[٣٣] هەروەها

لە ناوداردترینی کەسایەتییە دینییەکانی ڕۆژئاوایە کەوا زۆر پێداگیر لەسەر پرسی نەتەوەیی و قبووڵ نەکردنی ژێردەستییە بۆ گەلانی تری موسڵمان بە پاساوی دینی، چالاکییەکانی لە ڕۆژئاوا و باشوور و دەرەوەی وڵات بەردەوامن.

**لەو سەردەمە گەرمەی سەردەمی ئیمپریالیزم و داگیرکردنی قودس و حیجاز بووە، بۆیە شێخ ئەحمەدی خەزنەوی وەك پشتیوانێکی دینی لەمەی ڕوانیوە بە ئاشکرا بەرەنگاری فەرەنسییەکان بووەتەوە**

**خەزنەوی و داعش**

لە بزووتنەوە چەکدارییەکانی شام، داعش یەکێك بوو لە دوژمنە هەرە سەرسەختەکانی خەزنەوییەکان دوای چەندان لاپەڕە لە تەکفیر و تەشریك و تەبدیعی ئەم قوتابخانەیە و شێخ و موریدانی دژایەتی داعش زۆر ڕوون دیارە لە چ سۆنگەیەکەوەیە، کەوا ئەوانە دژی جیهاد بوون لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی. هەروەها زۆربەی شوێنکەوتوانی تەریقەتەکان لەم ناوچانەی حزبە کوردییەکان پشتیوانی حزبە مولحیدە کوردییەکانن، زۆرێکیش لە خەڵکی عەوامی تەریقەت جەنگاوەری ئەم حزبە مورتەدانە بوون بە تایبەت لە سەرێ کانی و تەل حەمیس[٣٤]. بە ئاشکرا دژایەتی و تەکفیری حزبی کوردی و کوردایەتی و هەموو ئەوانەی پشتیوان بوون تۆمەتێکی تری داعشانەیە کەوا زۆرێکی چەکدارانی جیهادی تری تێوە گلاون.

هەروەها حوکمی ئەم تەریقەتەی داوە بەوەی دەبێ شێخی ئەم تەریقەتە بکوژرێ، چونکە تاغووتە! هەرچی مەلا و پیاوانی دینی و ڕێبەرانی تری ناو تەریقەتەکەن، ئەوا دەبێ تۆبەیان پێ بکرێ لەسەر ئەم کافربوون و دەڵەسە و زەندیقاتیان، بە زۆر ئیسلامی ڕاستەقینەیان فێر بکرێ.[٣٥]

لەمەوە دەردەکەوێت، کێشەی ئەم بزووتنەوە سەلەفی بیرە، چەندە کێشەی ئەوەی هەیە کەوا جگە لەو تێگەیشتنە دینییەی بۆ دەقی قورئان و حەدیس هەیەتی، هێندەش وەك هەر بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی نێودەوڵەتی، بەرگەی هیچ دیاردەیەکی لۆکاڵی ناگرێت، چ کەلەپوور و داب و خوو و نەریت، چ تێگەیشتنێکی خۆجێیی بۆ دین و دینداریەکی میللی. بەم جۆرە خەزنەوییەکان دوو باج قەرزداری ئەم دەوڵەتە ئیسلامییەن، باجێکی تەکفیریان بە هۆی سۆفیبوونیان، باجێکی تر بە هۆی بوونیان لەناو بازنەی حزبە کوردییەکانی ڕۆژئاوا.

**ئەنجام:**

١. چاکسازی لەناو کۆمەڵگەیەکی داخراو

و چەقبەستوو زۆربەی جار قوربانیدانی دەوێ، چ زیانکەوتنی مادی، چ گیانی، ئەمە لە ڕۆژئاوا زۆتریني بەر شێخ مەعشوق خەزنەوی کەوت، کە دەتوانین بڵێین لەو سەردەمە زۆر پێش کاتی خۆی کەوتبوو.

٢. ڕژێمە سیاسییە دیکتاتۆرییەکان، زۆربەی جار کێشەیان لەگەڵ دامەزراوە کلاسیکییە بێوەی و بندیوار و فزەنەکەر نییە، هەرچەند بیر و باوەڕی لادان و دواکەوتوویی لە کۆمەڵگە بڵاوبکەنەوە، بەڵام بە بچووکترین جووڵەی وا کە لە ئایدیۆلۆژیای وی بدات، ئەوا جووڵە دەکات، بۆ نموونە سەندنەوەی ڕەگەزنامە لە عیزەدین و عەلائەدین خەزنەوی.

٣. پرسی نەتەوەیی لەلایەن نەتەوەی سەردەستە بەردەوام وەك بۆمبێکی چێنراو وایە، چونکە نایەوێ دەنگ و ڕەنگی جیاواز هەبن، بەڵکو هەموان لە یەك بۆتەدا بتوێنێتەوە، بۆیە لەم دۆخە سەختەی بەهاری عەرەبی، کە هێشتا پریشکی نەگەیشتبووە کوردستان، ئەوا هەستی عروبە لە سوریا، فشاری لەسەر کورد بوو، کە بیری نەتەوەیی نەکاتەوە.

٤. دینی میللی کە زادەی بیرکردنەوە و کولتووری کۆمەڵگە بێت، لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمی خۆی هاوڕێ بڕوات، ئاسانتر چەکەرە دەکات لەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی هاوردەی دینی لە کۆمەڵگە بڵاوبکەیەوە، بۆ نموونە ئەم جووڵانەی شێخ مەعشوق زۆر فراوانتر لەناو خەڵك کەوتەوە لە بزووتنەوە سیاسییە دینییەکانی دواتر هاتنە گۆڕەپانەکە.

٥. ئەم بیرکردنەوە کراوە و عەقڵانیانەی چاکسازی دینی دەکەن، لەبارترن بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە باشووریش، نەوەك پێداگیر بوون لەسەر کۆمەڵێك بیروبڕوای کۆن کەوا لە پێشکەوتنی عەقڵی مرۆیی و زانست یەك ناگرێتەوە، چ جای ڕاکێشانی کۆمەڵێك بیری نامۆ و دواکەوتووی عەرەبی و تورکی و گەلانی تری دواکەوتووتر.

**بوونی چالاکی جۆراوجۆری ڕۆشنبیری و خوێندەواری و بایەخدان بە زمانی کوردی، گەرچی لە خزمەتی دیندا بووبێت، ئەوا دەوڵەت بە مەترسی لەسەرخۆی زانیوە**

٦. بیری پێشکەوتووی خۆڕسك لە کۆمەڵگەی لەم جۆرە، زۆر سەختە پشتیوانی نێودەوڵەتی هەبێت، بەڵکو زۆربەی جار، پاڵپشتیەکان لە بەرامبەر بیری هاوردە و هەژموونی سەردەستە دەبێت بەرامبەر کۆمەڵگەیەکی وەرچەرخاو. بۆیە دەبینین جموجۆڵی شێخ مەعشوق نە لە دنیای ئیسلامی نە لە جیهانی عەرەبی، نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی بەهێزی نەکرا.

چونکە بزووتنەوەیەکی خۆکردی دوور لە ئایدیۆلۆژیای دەرەکی بوو.

---

## سەرچاوەکان

### یەکەم سەرچاوەی کوردی

**أ. کتێب:**

١. راغب، هەندرێن شێخ (٢٠١٩) ڕۆژئاوای کوردستان. بەرگی یەکەم سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

**ب. سایتی ئەنتەرنێت.**

٢. مەودا کەناڵ (٢٠٢١) لەبارەی شێخ محەمەد مەعشوق خەزنەوییەوە. سلێمانی: مەودا میدیا، ماڵپەڕێکی هەواڵی سیاسی گشتی https://www.mewdamedia.com/١٨٧٨٨/articles

٣. هـــب(٢٠٢٤) لە جزیرە شێخ مورشید سەردانی ماڵی ئێزدیەکانی کرد. ئاژانسا نوچەیێن فیراتێ. سۆرانی https://anfsorani.com/l-jzyr-shkh-mwshyd-srdany-may-yzdyykany-٥٠٤٩٥-krd

٤. وڵات نیوز (٢٠٢٤) لەژێر ئەشکەنجە شەهیدکرا. هەولێر: سایتی وڵات نیوز. ٣٠٦٠/https://www.welattv.net/ar/node

### دووەم: سەرچاوەی عەرەبی

**أ. کتێبی عەرەبی:**

٥. جزاع، محمد (٢٠١٣) المناضل حمزة نويران. صفحات من الذاكرة. السليمانية: منشورات مركز ماركريت.

٦. جسور (٢٠١٧) الحركات الدينية في المشهد السياسي الكردي في سورية. تركيا: مركز جسور للدراسات.

٧. جنكو، علاء الدين (٢٠١٧) اسهام الكرد في الحياة الروحية والدراسات الاسلامية في سورية. استنبول-الدوحة: مجلة قلمون (عدد:١٤٩) مركز حرمون للدراسات المعاصرة.

٨. الخزنوي، محمد معتز & الخزنوي، عبدالبديع. (ب.ت) مكتوبات الشيخ احمد الخزنوي. اسطنبول: مكتبة اكتاش.

٩. الدولة الاسلامية في العراق والشام (١٤٣٧) مجموع رسائل ومؤلفات. الدولة الاسلامية: مكتب البحوث والدراسات. مج:١. ط:١.

١٠. عيسى، حامد محمود (١٩٩٢) المشكلة الكردية في الشرق الأوسط: منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١. القاهرة: مكتبة مدبولي.

١١. علي، محمد عبدو (٢٠٠٧) الديانة الايزيدية والايزيديون في شمال غرب سوريا. التدقيق اللغوي إبراهيم خليل عيسى. عفرين: چياى كورمونج .

١٢. نزار أباضة (١٩٩٤) الشيخ خالد النقشبندي العالم المجدد حياته وأهم مؤلفاته. ديمشق: دار الفكر.

١٣. يوسف، محەمەد خير رمضان (٢٠٠٢) تتمة الاعلام. ج:٢. ط:٢. بيروت: دار بن حزم

**ب. سایتی ئەلیکترۆنی عەرەبی**

١٤. أرك نيوز (٢٠٢٢) ثمانية عشر عاما على ارتقاء الشاب فرهاد محمد شهيدا في سجون النظام. كوردستان: ARK news ٣٥٧١٨/https://www.arknews.net/node

١٥. اس ان ان (٢٠٠٤) الشيخ معشوق الخزنوي بتأبين شهداء الكرد. سوريا: شبكة اخبار الشام. قناة يوتيوب. https://www.youtube.com/watch?v=xzE١gqso٧ZA

١٦. توثيق (٢٠١٨) علويو عفرين السكان المنسيين في سوريا. مركز توثيق الانتهاكات: من أجل العدالة واحترام حقوق الانسان وسيادة

القانون
٨٥٢٦/https://vdc-nsy.com/archives
١٧. الخزنوي، عبدالقادر (٢٠١٠) ردا على ما جاء في كتاب قرياقس، حول موصفه لآل الخزنوي معاداتهم للأحزاب الكردية
http://www.kurdistanabinxete.com/٢٠١٢Tevlihev//٢٠١٢Gotar/Gotar١/H٦tevlihev
٧٠٦١٢Shexabdulqadix_redlqiyaqus.htm
١٨. الخزنوي، عمر (٢٠٠٤) الخزنوي في عيد النيروز٢. قناة اليوتيوب
https://www.youtube.com/١٥٩s=watch?v=pQYsb٢xIChE&t
١٩. سانا (٢٠٢٤) بتكليف من الرئيس الاسد. محافظ الحسكة يقدم واجب العزاء بالشيخ عبيدالله الاخضر القادري. سوريا: الوكالة العربية السورية للأنباء.
٢٠٢٦٠٦٢=https://sana.sy/?p
٢٠. عنب بلدي (٢٠٢٠) ١٥ عاما على اغتيال الشيخ معشوق الخزنوي. سوريا: مؤسسة عنب بلدي االعالمية السورية المستقلة
٣/archives/net.enabbaladi.www://https
٢١. القادري، مخلف علي الحذيفي (٢٠٢٠) ترجمة الشيخ عبيدالله القادري الحسيني. سوريا: موقع الطريقة العلية القادرية البريفكانية، لعلوم التصوف وتراث آل البيت.
https://alkadriaalalia.com/play.٩٨=php?catsmktba
٢٢. القامشلي (٢٠٠٥) الشهيد الشيخ محمد معشوق الخزنوي، شيخ شهداء اكراد سوريا. سوريا: مؤسسة الذاكرة السورية المعارضة. المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات.
https://syrianmemory.org/api/file/ad٨٢c١٧dfc٣b٤٨c٦٨bd١fea٩/blob١٦٩
fileName=syriasy.blogspot.?٣٦٣١٠٠٤٦
com
٢٣. اليازجي، سعد (٢٠٢٤) وفاة شيخ الطريقة القادرية عن عمر ناهز ٨٠ عاما. سوريا: قاميشلى نورث پريس.
/١٧٧٢٥٠/https://npasyria.com

**سێیەم سەرچاوەی بیانی:**

**أ. کتێبی بیانی**

٢٤. Asatrian G (٢٠٠٩) Prolegomena to the Study of the Kurds, Iran and the Caucasus, Vol.١٣, P٥٨

**ب. سایتی ئەلیکترۆنیی بیانی**

25. HERMANN , RAINER (2017) DIE LETZTEN CHRISTEN VON QAMISCHLI. GERMANY: FRANKFURTERALLGEMEINE
https://www.faz.net/aktuell/gesellschaft/menschen/islamischer-staat-die-kirche-der-jungfrau-in-qamischli-13282271.html
26. STACK, MEGAN K. (2005) CLERIC'S SLAYING A RALLYING CRY FOR KURDS IN SYRIA. USA: LOS ANGELES TIMES.
https://www.latimes.com/archives/la-xpm-2005-aug-14-fg-kurds14-story.html

---

١- راغب، هەندرێن شێخ (٢٠١٩) ڕۆژئاوای کوردستان. بەرگی یەکەم سلێمانی: چاپخانەی کارۆ. ل١٢

٢- عيسى، حامد محمود (١٩٩٢) المشكلة الكردية في الشرق الأوسط: منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١. القاهرة: مكتبة مدبولي. ل٣٦٧

٣-علي، محمد عبدو (٢٠٠٧) الديانة الايزيدية والايزيديون في شمال غرب سوريا. التدقيق اللغوي إبراهيم خليل عيسى.

عفرين: چياى كورمونج .ل١٤
4- HERMANN , RAINER (2017) DIE LETZTEN CHRISTEN VON QAMISCHLI. GERMANY: FRANKFURTERALLGEMEINE https://www.faz.net/aktuell/gesellschaft/menschen/islamischer-staat-die-kirche-der-jungfrau-in-qamischli-13282271.html
٥- توثيق (٢٠١٨) علويو عفرين السكان المنسيين في سوريا. مركز توثيق الانتهاكات: من أجل العدالة واحترام حقوق الانسان وسيادة القانون
https://vdc-nsy.com/archives/8526
6-Asatrian G(2009) Prolegomena to the Study of the Kurds, Iran and the Caucasus, Vol.13, P58
٧-جسور (٢٠١٧) الحركات الدينية في المشهد السياسي الكردي في سورية. تركيا: مركز جسور للدراسات. ل١٢
٨-نزار أباضة (١٩٩٤) الشيخ خالد النقشبندي العالم المجدد حياته وأهم مؤلفاته. ديمشق: دار الفكر. ل٢٠.
٩-القادري، مخلف علي الحذيفي (٢٠٢٠) ترجمة الشيخ عبيدالله القادري الحسيني. سوريا: موقع الطريقة العلية القادرية البريفكانية، لعلوم التصوف وتراث آل البيت.
https://alkadriaalalia.com/play.php?catsmktba=98
١٠- جسور (٢٠١٧) المصدر السابق.
١١-اليازجي، سعد (٢٠٢٤) وفاة شيخ الطريقة القادرية عن عمر ناهز ٨٠ عاما. سوريا: قامشلى نورث پريس.
https://npasyria.com/177250/
١٢-سانا (٢٠٢٤) بتكليف من الرئيس الاسد. محافظ الحسكة يقدم واجب العزاء بالشيخ عبيدالله الاخضر القادري. سوريا: الوكالة العربية السورية للأنباء.
https://sana.sy/?p=2026062
١٣-جنگو، علاء الدين (٢٠١٧) اسهام الكرد في الحياة الروحية والدراسات الاسلامية في سورية. استنبول-الدوحة: مجلة قلمون (عدد:١٤٩) مركز حرمون للدراسات المعاصرة. ص١٦١
١٤-الخزنوي، محمد معتز & الخزنوي، عبدالبديع. (ب.ت) مكتوبات الشيخ احمد الخزنوي. اسطنبول: مكتبة اكتاش. ص٢٦.
١٥-جنگو، علاء الدين (٢٠١٧) المصدر السابق.ص ١٦٢.
١٦-الخزنوي، عبدالقادر (٢٠١٠) ردا على ما جاء في كتاب قرياقس، حول موصفه لآل الخزنوي معاداتهم للأحزاب الكردية
http://www.kurdistanabinxete.com/Gotar/2012Gotar/2012Tevlihev/
١٧-جسور (٢٠١٧) المصدر السابق. ص ١٠
١٨-جزاع، محمد (٢٠١٣) المناضل حمزة نويران. صفحات من الذاكرة. السليمانية: منشورات مركز ماركريت. ص١٦.
١٩-جنگو، علاء الدين (٢٠١٧). المصدر السابق. ص١٦٤
٢٠-يوسف، محمهد خير رمضان (٢٠٠٢) تتمة الاعلام. ج:٢. ط:٢. بيروت: دار بن حزم. ص٤٨.
٢١-الخزنوي، عبدالقادر (٢٠١٠) المصدر السابق.

٢٢-القامشلي (٢٠٠٥) الشهيد الشيخ محمد معشوق الخزنوي، شيخ شهداء اكراد سوريا. سوريا: مؤسسة الذاكرة السورية المعارضة. المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات.
https://syrianmemory.org/api/file/blob169/ad82c17dfc3b48c68bd1fea936310046?fileName=syriasy.blogspot.com
٢٣-راغـــب، هـەنـدرێـن شـێخ (٢٠١٩) سەرچاوەی پێشوو. ل١٦.
٢٤-هەمان سەرچاوە، ل١٧.
٢٥-عنـب بلـدي (٢٠٢٠) ١٥ عاما على اغتيال الشيخ معشوق الخزنوي. سوريا: مؤسسة عنب بلدي االعالمية السورية المستقلة
archives/net.enabbaladi.www://https/3
٢٦-مـەودا کەناڵ (٢٠٢١) لەبارەی شێخ محەمەد مەعشوق خەزنەوییەوە. سلێمانی: مەودا میدیا، ماڵپەڕێکی هەواڵیی سیاسی گشتیی
https://www.mewdamedia.com/articles/18788
٢٧- الخزنوي، عمر (٢٠٠٤) الخزنوي في عيد النيروز٢. قناة اليوتيوب
https://www.youtube.com/watch?v=pQYsb2xIChE&t=159s
٢٨-أرك نيوز (٢٠٢٢) ثمانية عشر عاما على ارتقاء الشاب فرهاد محمد شهيدا في سجون النظام. كوردستان: ARK news
https://www.arknews.net/node/35718
٢٩- اس ان ان (٢٠٠٤) الشيخ معشوق الخزنوي بتأبين شهداء الكرد. سوريا: شبكة اخبار الشام. قناة يوتيوب.
https://www.youtube.com/watch?v=xzE1gqso7ZA

٣٠-وڵات نیوز (٢٠٢٤) لەژێر ئەشکەنجە شەهیدکرا. هەولێر: سایتی وڵات نیوز.
https://www.welattv.net/ar/node/3060
31-STACK, MEGAN K. (2005) CLERIC'S SLAYING A RALLYING CRY FOR KURDS IN SYRIA. USA: LOS ANGELES TIMES.
https://www.latimes.com/archives/la-xpm-2005-aug-14-fg-kurds14-story.html
٣٢-هەمان سەرچاوە.
٣٣-ه.ب(٢٠٢٤) لە جزیرە شێخ مورشید سەردانی ماڵی ئێزدیەکانی کرد. ئاژانسا نوچەیێن فیراتێ. سۆرانی
https://anfsorani.com/l-jzyr-shkh-mwshyd-srdany-may-yzdyykany-krd-50495

٣٤-الدولة الاسلامية في العراق والشام (١٤٣٧) مجموع رسائل ومؤلفات. الدولة الاسلامية: مكتب البحوث والدراسات. مج:١. ط:١. ص١٩٤
٣٥-المصدر نفسه. ص١٩٥.

# ئایین و ئایینزاکانی کوردستان

ئایینناسی

# ئایینی زەردەشتی لە نێو کورددا

## گوزەرێکی مێژووییە لە قۆناغی سەرهەڵدانەوە تا پووکانەوە لە بۆتەی ئیسلامدا

د. یاسین تەها

**دەسپێك**

ئایینی زەردەشتی بە کەسایەتی (زەردەشت)ەوە پەیوەستە کە وەك پەیامبەرێك ناسێنراوە و لە سەرچاوە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا بە ئایینی (مەجوسی) ناوسراوە (بە فارسی کۆن مگوشە: Magush). مشتومڕی زۆریش لەسەر بوونی ڕاستەقینە و ئەگەری ئەفسانە بوونی کەسایەتی (زەردەشت) هەیە، بەشێك لەوەشی لەسەر ئایینەکەی دەگوترێت لێکدانەوەی شوێنەوارەکان، یان گێڕانەوەی سەدەکانی دواترن. ئەم توێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە عەرەبی و فارسی و کوردییەکان، هەوڵدەدات گوزەرێکی مێژوویی شیکاری بکات بە قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ئایینەکە لە ناو کورددا و دواتر گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی تا دەگاتە بەرکەوتنی لەگەڵ ئایینی ئیسلام و پووکانەوەی لە سایەی هەژموون و پەلهاویشتنی ئیسلام لە ناوچە کوردنشینەکان.

**زەردەشت و ئایینەکەی**

بەپێی زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان باوکی (زەردەشت) خەڵکی ئەزەربیجان و دایکی خەڵکی (ڕەی)یە و سەر بە هۆزکانی میدییە، کە یەکێکن لەو پێکهاتانەی بە باپیران و پێشینانی کورد دەژمێردرێن. مێژووی لەدایکبوونی (زەردەشت) دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ٦٦٠ پ.ز، لە نزیك دەریاچەی ورمێ و لە ڕۆخی ڕووباری ئاراس کە لە جوگرافیایەکی کوردنشیدایە. (زەردەشت) لە قۆناغی منداڵیدا جگە لە خوێندن، فێری کاری پزیشکی و نوژداریی میللی بووە، ئەمەش لە سەردەمی کۆندا زۆر پێویست و باو بووە(١). بەهۆی ژیان و پێگەیشتنیشی لە پانتاییەکی کوردیدا لە هەندێك سەرچاوەدا بە کورد لە قەڵەم دراوە، بە تایبەت کە لە نێو هۆزە میدییەکاندا بووە کە پایتەختەکەیان

لە هەمەدان بووە(٢). بەپێی پێدراوە مێژووییەکان (زەردەشت) بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە، یان وەك پێغەمبەر تەماشاکراوە، داوای لە خەڵکیش کردووە شوێنی بکەون، بەو واتایەی ئایینەکەی تەبشیری و کراوە بووە بۆ هەموو ئەوانەی گوێبیستی پەیامەکانی دەبن.

**بنەما و باوەڕەکانی زەردەشتی**

بنەماکانی ئایینی زەردەشتی لەسەر چەند بیروباوەڕێك بنەڕەتن کە بریتین لە: بڕوابوون بە هەبوونی خودایەکی خالق، کە بوونەوەری لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، ئەم خودایەش بە (ئەهورامەزدا) نێو دەبرێت، کە هاوتای (ألله)یە لە ئایینەکانی دی و بەمانای سەروەری زانا دێت، هەروەها ئایینەکە بڕوای بە کۆتاییهاتنی بوونەوەر و هەبوونی پاداشت و سزا هەیە (بەهەشت و دۆزەخ)، لەگەڵ بڕوابوون بە لەنێوچوونی هەتا هەتایی سەرجەم تاوانباران(٣). لەم ئایینەدا ژیان هەمووی بریتییە لە کێشمەکێش لە نێوان هێزەکانی (ڕووناکی پیرۆز) و (هێزە چەپەڵەکانی تاریکی)، لە کۆتایی دنیاشدا ڕزگارکەرێك دێت (شۆسیانت: مثراس) کە دادگەری و ئاشتەوایی هەمیشەیی بەرپا دەکات(٤)، ئەمەش بیرۆکەی ڕزگارکەرە (المخلص) کە لە زۆر ئایینی دیکەدا بەشێوازی جۆراوجۆر هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی ڕێنماییەکانی ئایینی زەردەشی لە چەند تەوەرەیەکدا چڕ دەبنەوە؛ بیری پاك و وتەی باش و کرداری چاك(٥)، جەخت لە چەند شتێکیش دەکاتەوە کە پەرستنی خودا (ئەهورامەزدا)، بێبڕواییە بە هێزی چەپەڵ (ئەهریمەن)، فرمان بەچاکە، هۆشداریدان لە خراپە و دوورکەوتنەوە لە کاری بەد(٦)، ئەمانەش هەمان بنەما باوەڕییەکانی ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەن، بەم هۆیەشەوە هەندێك زەردەشتییان بە ئایینێکی ئاسمانی پۆلێن کردووە(٧)، شوێنکەوتەکانی ئایینەکەشیان بە (ئەهلی کیتاب) تەماشا کردووە(٨).

هاوشێوەی ئایینە ئاسمانییەکانی دی لە ئایینی زەردەشتیدا هاوسەرگیری جێگەی بایەخە و ئاهەنگ و مەراسیمی تایبەتی بۆ ڕێکدەخرێت، هەروەها وەچە خستنەوەش هۆکارێکە بۆ بەهێزی بەرەی خودا (ئەهورامەزدا) لە کێشمەکێشی بەردەوام و گشتگیردا لەگەڵ بەرەی ئەهریمەن (شەیتان). لەم ئایینەشدا فرەژنی ڕێگە پێدراوە بەتایبەت ئەگەر ژن منداڵی نەبوو، ژنانیش لە هەڵبژاردنی هاوسەردا دەتوانن لە ڕای باوك و دایکیان دەربچن، ئەگەر پیاوانیش خیانەتیانکرد لە ژنەکانیان یان بەجێیانهێشتن یان زبر و توند بوون لەگەڵیان؛ ئەوە دەتوانن حاشایان لێبکەن و جیاببنەوە، سەرباری ئەمەش دەبێت ژنان لە ماڵ و ژووری تایبەتی خۆیاندا بمێننەوە (هاوشێوەی

حیجابی ئیسلامییە)، بەڵام ئەوانەی کەنیزەکن ئەمەیان بەسەردا جێبەجێ نابێت و دەرکەوتنیان ئاساییە بەتایبەت لە ئاهەنگەکان (٩).

ئاگر لە ئایینی زەردەشتیدا پیرۆزییەکی زۆر تایبەتی هەیە، ئەوەش دەگێڕنەوە کە زەردەشت ڕێگریی کردووە لە کوژاندنەوەی، هێندەش پیرۆزە لە ئایینەکەدا ژنان لە سوڕی مانگانە ناتوانن ئاگر خۆشبکەن و لێی نزیك ببنەوە، پێشیان وایە سزای خودا لە ڕۆژی دواییدا بە سەهۆڵبەندان و سەرمایە، لە لێکدانەوەی ئەمەشدا گوتراوە کە سەرما لە زەینی خەڵکی چیانشیندا ئاسان فام دەکرێت بەوپێەی پێی ئاشنان(١٠).

سەربارى نزیکایەتی زۆری بنەماکانی زەردەشتی لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکان بە تایبەت ئیسلام، لە هەندێك باوەڕ و تەوەرەدا زۆر دژ و ناجۆرە، بۆ نموونە ئایینی زەردەشتی بڕوای بە جووتەوانە (دوالیزمە)ی ڕووناکی -تاریکی هەیە و وەك سەرچاوەی بنەڕەتی ژیان تەماشای دەکات (١١)، لەم میانەیەشدا پێداگریی ئایینەکە لەسەر ئەوەی هێزە تاریك و شەڕەنگێزەکان ملکەچی دەسەڵاتی خودا نین (١٢) و هەروەها بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە هێزی چاکە (ئاهورامەزدا) هێزی خراپە (ئەهریمەن)ی دروستنەکردووە(١٣)، ئەمەش وا دەکات ئایینی زەردەشتی وەك تێکەڵەیەك لە ئایینی یەکتاپەرستنی و جووتەوانەی دژ بەیەك (ڕووناکی و تاریکی) دەربکەوێت(١٤)، واتە دوو خودا بۆ جیهان بڕیار دەدات (خودای خێر و خودای شەڕ)، ئەمەش زیاتر بەلای هاوبەشدانان بۆ خودا دەچێت تا ئەوەی ئایینی تاقانە پەرستی حودا بێت (التوحید).

هەروەها لە هەندێك گێڕانەوە و دەقی زەردەشتیدا ڕێگەدان و ستایشکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەم (خوشك و کچ) هەیە(١٥) و بە کردەیی لە بنەماڵەی شاهانەی ساسانی و لە نێو فارسەکاندا مارەکردنی خوشك و خزمی پلە یەك تۆمارکراوە، پاساویشیان بۆ ئەم کارە پاراستنی پاکژی خوێنی خێزان و بنەماڵ بووە، کە لە ئەدەبیاتی زەردەشتیدا بە (خوید و گدس) ناسراوە(١٦)، ئەمەش بە شێوەیەکی بنجبڕ و یەکلایی لە ئایینە ئاسمانییەکاندا قەدەغەیە و دەقی یەکلایی لەسەر حەرامکردنی هەیە(١٧).

هەندێك لە مێژوونووسانی موسوڵمان لە شرۆڤەی دژیەکییەکانی ئایینی زەردەشتی لەگەڵ ئیسلام باسیان لەوەکردووە، دەشێت ئەم تێکەڵ و ئاڵۆزکردنە، کاری زەردەشتییەکانی پاشین و جێگرەوەکانی زەردەشت بێت هاوشێوەی گۆڕانکارییەکانی ئایینەکانی دیکەی کریستیان و جوو، بە تایبەت کە زۆر لە بەشەکانی کتێبی پیرۆزی زەردەشتی (ئاڤێستا) لە دەمی هێرشی ئەسکەندەری مەکیدۆنیدا بۆ سەر ئێران فەوتاون(١٨)، هەروەها دژیەکی زۆریش لە نێوان پەیمانی کۆن و نوێی (ئاڤێستا)دا

هەیە و بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە(١٩)، بە وردیش نازانرێت مێژووی نووسینەوەی بە یەکخراوی کەیە(٢٠)، لەمبارەیەشەوە شەرعزان و پێشەوای حەنبەلییەکانی بەغدا (أبوبکر الجصاص) (م.٣٧٠ك/٩٨٠ز) جەخت دەکاتەوە؛ ئەوانەی ئایینی زەردەشتییان گواستۆتەوە جێگەی متمانە نین و ئەوە پشتڕاستنەکراوەتەوە کە ڕاستگۆبن لەو بانگەشانەی بەناوی زەردەشتەوە کردوویانە، بەتایبەت ئەوەی کە زەردەشت گوتبێتی: خودا دژێکی دەسەڵاتداری هەیە (ئەهریمەن) کە پێچەوانەیە لەگەڵ باوەڕی هەموو پێغەمبەران(٢١).

**پەیوەندی کورد بە ئایینی زەردەشتییەوە:**

بەر لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە پانتایی کوردیدا ئایینی باڵادەست و بڵاو زەردەشتی بووە(٢٢)، بەتایبەت لە وڵاتی فارس (ئێران) و خوراسان و ناوچەکانی چیا(٢٣). باوەڕێکی بڵاویش هەیە کە میترایزم (سروشتپەرستی) لەگەڵ (زەردەشتی) بە ئایینی باڵادەستی مێژوویی لە نێو کورد وێنا دەکات کە بنەڕەتی سەرهەڵدانی ئایینە لۆکاڵیەکانی دیکەی وەك ئێزدی و یارسان بوون، ئەمەش بە یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی شوناسی کورد لە قەڵەمدەدات(٢٤).

بەپێی ئاماژە مێژووییەکانیش ئەم ئایینە لە سەردەمی ژیانی (زەردەشت) خۆیدا لە نێو کورددا بڵاوبووەتەوە، پاشان لە سەردەمی پادشا (گوشتاسب) دا لە هەرێمەکانی ئێرانی ئێستا وەك ئایینی فەرمی ناسێنراوە (سەدەی ٦ پ.ز). (گوشتاسب) کە شاری بەلخی ئەفغانستانی ئێستا پایتەختی دەسەڵاتەکەی بووە، بڕوای بە پێغەمبەرایەتی (زەردەشت) هێناوە، خەڵکیشی بە تۆبزی ناچارکردووە بچنە سەر ئایینەکەی و گرنگی زۆریشی بە زەردەشتییەکان داوە، هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئاینەکەش لە خوراسان و ئێرانی ئێستا و ئەفغانستان بۆ ئەم پادشایە دەگەڕێتەوە (٢٥)، لە پێناو سەپاندنی ئایینی زەردەشتیشدا جەنگ و هەڵمەتی زۆری کردووە کە کوشتاری گەورەی لێکەوتووەتەوە(٢٦).

**بەپێی پێدراوە مێژووییەکان "زەردەشت" بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە، یان وەك پێغەمبەرتەماشاکراوە، داوای لە خەڵکیش کردووە شوێنی بکەون**

دەشێت ئایینی زەردەشتی لە ڕێگای هەڵمەتەکانی شا (گوشتاسب) ەوە گەیشتبێت بە نێوچە کوردنشینەکان چونکە بە پێی ئاماژە مێژووییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە شۆڕبووەتەوە بەرەو ڕۆژئاوای وڵاتی فارس، هەر لەم میانەیەشدا گەیشتووە بە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی کورد (٢٧)، بەڵام ئەوەی

جێگەی سەرنجە لەوەبەدوا بۆ ماوەیەکی زۆر ئایینەکە خەفە بووە و کاریگەری نەماوە، تا ئەوکاتەی دەوڵەتی ساسانی لە ساڵی ٢٢٦ ز و لە سەردەمی حوکمڕانی (ئەردەشێر) دا لە سەرانسەری ئێراندا کردی بە ئایینی فەرمی لە نێویشیدا ناوچەکانی دەوروبەری هەرێمی چیا، ئەزەربیجان، جزیرە و شەنگال و بادینانی ئێستا (٢٨)، ئەمانەش ناوچەی نیشتەجێبوونی کورد و مەڵبەندی هۆزە کوردییەکان بوون، بەم هۆیەشەوە ئایینی زەردەشتی بوو بە ئایینی زۆرینە و سەرەکی ناوچە کوردنشینەکان(٢٩)، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوە دەردەخەن کە میدییەکان (ئەهورامەزدا) پەرستبوون و ئەمەش لە (لەوحەی زێڕ) و شوێنەوارەکانی شاخی بێستووندا لە کرماشانی ئێستا بە ڕوونی دیارن(٣٠).

حوکمڕانیی (ئەردەشێر)ی ساسانی (٢٢٤_٢٤٢ز) کە ئایینی زەردەشتی ژیاندەوە بەوە ناسراوە کە ناوەندیی و بەهێز بووە، لە ڕوباری جەیحونیشەوە تا فورات مانۆڕ و هەڵمەتی سەربازیی کردووە بۆ کۆتاییهێنان بە نفوزی هلنستی لە وڵاتی فارسدا و دژی یۆنان و ڕۆمانەکان وەستاوەتەوە(٣١)، هەر لەم پاوانخوازییەشدا کوشتاری میدییەکانی کردووە کە (ئاهورامەزدا) پەرستبوون بەپێی شوێنەوارەکان(٣٢)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕ وایە هۆزی موغانی میدی لە ڕووی مێژووییەوە یارمەتیدەربوون لە پەرەپێدانی کولتووری ئایینی زەردەشتی و بڵاوبوونەوەی لە نێوچە کوردنشینەکان چونکە خۆیان خاوەن پێگەیەکی ڕۆحی بەرز و تایبەت بوون لە ئایینەکەدا لە ژیانەوەی سوودمەندبوون(٣٣).

**زەردەشتییەکانی ناوچە کوردنشینەکان لە پاش هاتنی ئیسلام:**

سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە نێو کورددا و لەقبوونی پێگەی ئایینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە بۆ پاش دەستپێکردنی لەشکرکێشی موسوڵمانەکان بەرەو ناوچە کوردنشینەکان لە سەردەمی خەلیفەی دووەمی ڕاشیدی؛ (عمر بن الخطاب) (٣٤)، لەم بارەیەشەوە ئاماژەی مێژوویی بەردەستن(٣٥). پرۆسەی بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش لە دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە ئەدەبیاتی مێژوویی ئیسلامیدا بە (الفتوحات) ناوزەدکراوە و نەیارەکانیشی بە (داگیرکاری) دەزانن، ئەم پرۆسەیەش لە ناوچە کوردنشینەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٦ك/٦٣٧ ز- ٢١ك/٦٤٢ز دا بەڕێوەچووە(٣٦)، بەڵام سەرباری ئەم هەڵمەتە سەربازییانە سەرجەم دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بەخێرایی نەچوونەتە ناو ئیسلام و ئاماژە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن هەندێکیان ڕازیبوون بەوەی باجی ئایینی بدەن بەرامبەر بەوەی لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە کە بە پلەی یەکەم ئایینی زەردەشتی

بووە(٣٧)، ئەم باجە ئایینییەش پێشتر لە هەردوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و بێزەنتیدا لە پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکان وەرگیراون، ساسانییە زەردەشتییەکان لەسەر بوزییەکان و جووەکان و مەسیحییەکانیان دانابوو، بێزەنتییە مەسیحییەکانیش بە چڕی لەسەر جووەکان(٣٨)، بەڵام بەپێی یەکێك لە سەرچاوە مەسیحییەکان بڕی ئەو باجە (جزیە)ی موسوڵمانەکان لەسەر (ئەهلی کیتاب) و زەردەشتییەکان (مەجوس) دایانناوە، کەمتر بووە لەبڕی ئەو باج و سەرانەیەی ڕۆمە بێزەنتی و فارسەکان پێشتر لێیان وەردەگرتن(٣٩).

لە سیستمە ئیسلامییەکەدا بە باجی سەر کەمایەتییە ئاینییەکان دەگوترێت (جزیە) و (خەراج)، یەکەمیان (جزیە) پابەندییەکی داراییە لە سەر خەڵکانی بێباوەڕ دادەنرا کە لە سایەی دەسەڵاتی دەسەڵاتی ئیسلامدا دەژیان، تەنیا پیاوانیشی دەگرتەوە، لە پای پاراستنیان و هەروەها مانەوەیان لە سەر ئایینی خۆیان وەردەگیرا، بڕ و ڕێژەکەشی بەپێی باری دارایی و داهاتی کەسەکان جیاوازە (٤٠)، هەروەها ژن و منداڵ و نابینا و کۆیلە و هەژاران و پەککەوتە و هەندێك خاوەن پێداویستی تایبەتی لێ بەخشراوە(٤١).

باجی دووەمیشیان (خەراج) پابەندی و باجێکی دارایی بەروبوومە لەسەر خەڵکی سایەی دەسەڵاتی ئیسلام دادەنرێت، ئیتر چ موسوڵمانبن یان بێباوەڕ جیاوازی نییە و دەبوو هەموویان بیدەن بە دەوڵەت(٤٢).

لە سەرچاوە مێژووییەکاندا چەند نمونەیەکی زەقی مانەوەی کورد لەسەر ئایینی دێرینی خۆیان هەن لە پاش گەیشتنی ئیسلام بە ناوچەکانیان بەرامبەر بە (جزیە) دان کە باجی ئایینییە، ئەمانەی خوارەوەش دیارترینیانن:

-لە شاری بەندەنیجین (مەندەلی) کە زۆرینەی کوردنشین بووە (٤٣)، خەڵکەکە بەرامبەر دابینکردنی تەناهی و ئۆقرەیی ڕازیبوون (جزیە) و (خەراج) بە موسوڵمانەکان بدەن(٤٤).

-خەڵکی نیشتەجێی شاری حەلوان (مەڵبەندی کوردانی شازنجان و گۆران) لەسەر سنوری هەرێمی چیا (٤٥)، بەرهەڵستی بڵاوبوونەوەی ئیسلامیان کردووە (٤٦)، دواتر بەرامبەر پێدانی (جزیە) و (خەراج) لەگەڵ لەشکری موسوڵمانەکان ڕێککەوتن بە مەرجی ئەوەی لەشکرەکە ژین و ئازادییان بپارێزن(٤٧).

-لە شاری قرمسین (کرماشان) هاوشێوەی مەندەلی و حەلوان ڕێککەوتنی (جزیە) و (خەراج) لە نێوان خەڵك و سوپای موسوڵمانەکان کراوە(٤٨). خەڵکی ئەم ناوچانەش بە گشتی مەرجیان ئەوە بووە ڕازین بەوەی پارە بدەن، بەمەرجی ئەوەی ئیدی (نەکوژرێن، تاڵان نەکرێن، ڕێگای هاتوچۆیان لێنەگیرێت، بۆ هەرکوێ کە دەیانەوێت بتوانن بڕۆن)(٤٩).

-لە ناوچەکانی هەرێمی چیا (مەڵبەندی دێرینی هۆزە کوردییەکان(٥٠)) کە پێگەی زەردەشتییەکان بووە، بەرگریکردن بەرامبەر لەشکری موسوڵمان زیاتر بووە لە ناوچەکانی دی، ئەمەش زیاتر لە شاری نەهاوەندی زۆرینە کوردنشیندا(٥١) زەق بووەتەوە، کە شەڕێکی گەورەی بەناوبانگی بەخۆیەوە دیوە (٢١ك/٦٤٢ز)(٥٢)، ئەم شەڕەش کە لە سەرچاوە مێژووییە ئیسلامییەکاندا بە (فتح الفتوح) ناوبراوە، بە سەرکەوتنی لەشکری هێرشبەری موسوڵمان کۆتاییهاتووە(٥٣)، بەڵام سەربارى ئەوەش رێککەوتن لە نێوان خەڵك و لەشکرەکەدا کراوە(٥٤)، بەمەش بێت هەموو خەڵکەکە نەبوونەتە موسوڵمان و نەچوونەتە ناو ئیسلامەوە و بەرامبەر (جزیە) هەندێکیان لەسەر ئایینی خۆیان ماونەتەوە.

-یەك رۆژ پاش شکستەکەی (نەهاوەند) (٢١ ك/٦٤٢ز)، خەڵکی (دەینەوەر) شارەکەیان ڕادەستی لەشکری موسوڵمانەکان کردووە، دواتر ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی خەڵکی شارەکە (جزیە) و (خەراج) بدەن بە موسوڵمانەکان بەرامبەر بەوەی لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە و سەر و ماڵیان پارێزراوبێت (٥٥).

-لە ئەزەربیجانی کوردنشین فەرمانڕەواکەی (مەرزەبان) کە فارسێکی ساسانی بووە شارەکەی ڕادەستی لەشکری موسوڵمانەکان بە سەرکردایەتی (حوزەیفەی کوڕی یەمان) کردووە کە لە هاوەڵانە (٢٢هـ/٦٤٣م)، ڕادەستکردنەکەش بەپێی رێککەوتنێك بووە کە ناوچەکە ساڵانە ٨٠٠ هەزار درهەم بدەن بە دەوڵەتی خیلافەت لە بەرامبەر زامنکردنی تەناهی و پارێزگاریکردن لە پەرستگا ئایینییەکانی زەردەشتی و پاراستنی گیانی خەڵکە کوردەکەی(٥٦). لە رێککەوتنەکەشدا هاتووە (هیچ کەس نەکوژرێت و هیچ ژنێك نەکرێتە کەنیزەك، هیچ پەرستگایەك. بیت نار. نەڕوخێنرێت، کوردانی بلاشجان و سبلان و میان و رۆدان پارێزراوبن، خەڵکی شاری (شیز) (ورمێ) ئاهەنگی خۆیان وەك جاران بگێڕن ((٥٧).

### بەشێوەیەکی گشتی رێنماییەکانی ئایینی زەردەشتی لە چەند تەوەرەیەکدا چڕ دەبنەوە؛ بیری پاك و وتەی باش و کرداری چاك

هاوکات لەگەڵ ئەم نموونانەی سەرەوەدا لە میحوەری دووەمی لەشکرکێشی موسوڵمانەکانەوە بۆسەر ناوچە کوردنشینەکان کە هەرێمی (جزیرە) و بەشەکانی باکوری کوردستانی ئێستایە کە ناوچەی جێگە نفوزی رۆمە بێزەنتییەکان بووە (١٧یان ١٨ ك/٦٣٨م یان ٦٣٩ز) خەڵکەکە کەمتر بەرگریان کردووە و

هاوشێوەی ناوچەکانی بندەستی ساسانی بەرەنگاری موسوڵمانەکان نەبوونەتەوە، لەم میانەیەشدا زانیارییە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن خەڵکی (جزیرە) لەگەڵ لەشکری (عیاض بن غنم) (لە هاوەڵانە)، بەبێ کێشەیەکی ئەوتۆ رێککەوتوون (جزیە و (خەراج) بدەن(٥٨)، ئەم رێککەوتنەش رێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی بەبێ جەنگ بچنە ژێر رکێفی هەژموونی موسوڵمانەکانەوە (٢٠هـ/٦٤١م). هەر لەم میانە و کاتانەشدا شاری هەولێر، پاشان سەرجەم نێوچە کوردییەکانی تری بادینانی ئێستا چوونەتە ڕیزی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی موسوڵمانەکان(٥٩) ، لە سەرجەم رێککەوتنەکانیشدا ئەوە جێگیر کراوە هەرکەس (جزیە) و (خەراج) نەدات و بیەوێت کۆچ بکات ئەوە ڕێگەی پێدەدرێت و بەزۆر گیر نادرێت و ناهێڵرێتەوە(٦٠).

ئەم هەموو هەواڵە مێژووییانەشی لەسەر ڕێککەوتن و چەسپاندنی باجە ئایینییەکانی (جزیە) هەن لە ناوچە کوردنشینەکان چ لە بەری چیاوە بێت (ڕۆژئاوای ئێران) یان جزیرە (باکوری کوردستان) و هەولێر و دەوروبەری موسڵ، ئاماژەن لەسەر مانەوەی کۆمەڵە خەڵکانێك لەسەر ئایینی کۆنی خۆیان و نەچوونە نێو ئیسلام بە خێرایی لەو ناوچانەی کە ئاماژەیان پێکرا، ئایینە دێرین و بڵاوەکانی ناوچەکەش جگە لە زەردەشتی بەشێوەی سەرەکی بریتی بوون لە جوو، کریستیان لەگەڵ سروشتپەرستی (میترایزم)(٦١). ئەوەشی ئاسانکاریی بۆ رێککەوتنەکان کردووە بڕیاری خەلیفەی دووەمی ئیسلام (عومەری کوڕی خەتاب) بووە کە پشتئەستوور بە پێشینەی مامەڵەی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ (مەجوسییەکان) ی ناوچەی (بەحرەین)، دەستووری دا بە (سعد بن أبي الوقاص) مامەڵەی شوێنکەوتەی ئایینە ئاسمانییەکان لەگەڵ زەردەشتییەکاندا بکات (٦٢)، بەهۆی ئەمەشەوە زەردەشتییەکان ڕێگایان دۆزییەوە بۆ بەردەوامبوون هاوشێوەی جووەکان و کریستیان، ئەوانەشی باجدانیان قبوڵنەکرد (جزیە و خەراج) و نەشبوونە موسوڵمان، ڕێگەی سێیەمیان هەڵبژاردووە کە جەنگ و بەرەنگارییە، هەر لەسەر ڕاسپاردەی خەلیفەی دووەمیش (عومەری کوڕی خەتاب) لەشکری موسوڵمانەکان لەگەڵیاندا جەنگاون، نموونەی ئەمەش لەنێو کوردەکانی وڵاتی فارس دا تۆمارکراوە کە لە بەرەنگاریی لەشکری (سارية بن زنيم) دا تێکشکان (لە هاوەڵانە) (٢٣ه/٦٤٤مـ)(٦٣)، ئەم گیانی بەرهەڵستکاریی و دەرگیرییە لەگەڵ لەشکری موسوڵمانەکان درێژەی کێشاوە بۆ سەردەمی خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدی (عوسمانی کوڕی عەفان)، لەم میانەیەشدا هەندێك لە کوردەکان ڕاپەڕیون و یاخیبوونیان هەڵبژاردووە و جارێکی دی لەپاش موسوڵمانبوون (بێباوەڕ بوونەوە) (٢٤ك/٦٤٥ز)(٦٤)،

بەڵام سەرەنجامی ئەم کوردانەی ئەرمینییە و ئازەربایجان بە تێکشکان کۆتاییهاتووە و جارێکی تر خرانەوەنەتەوە نێو هەژموونی قەڵەمڕەوی موسوڵمانەکان و ناچارکراون ڕێککەوتنی باجدان (جزیە و خەراج) جێبەجێ بکەنەوە کە ساڵانە ٨٠٠ هەزار درهەم بووە بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی پێشتر لەگەڵ (حذیفة بن الیمان) دا کردبوویان(٦٥).

هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسییەکان ئەم بەرگرییەی هۆزە کوردەکان و پێداگریان لەسەر دەستگرتن بە ئایینی خۆیان دەبەستنەوە بە هاندەری کۆمەڵایەتی و ئایینی و هەندێکجاریش گیانی خێڵەکی(٦٦)، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت هاندانی پیاوە ئایینییەکانی زەردەشتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام فەرامۆش بکرێت، بەو پێیەی ئاینێکی نامۆ بووە پێیان و کۆتایی بە باڵادەستی و هەژموونی ئەوانیش دەهێنا کە گەورەی پەرستگاکان بوون، لەم بارەیەشەوە (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) پێیوایە بە هاندانی پیاوە ئایینییەکان خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان بەرەنگاری ئیسلام بوونەتەوە، پاش ڕەوینەوەی نامۆیی ئایینە نوێیەکەش ئیسلام بووەتە جێگرەوەی زەردەشتی لە نێو کورددا(٦٧).

وا دیاریشە بەهۆی بەرەنگاری و نامۆیی بە ئیسلام و دوورەدەستی پانتایی کوردیشەوە، بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی ئیسلام و لەسەر ئاستی میللی لە ناو کورد چەندین ساڵ کەوتووەتە پاش پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی سەربازیانەی ناوچە کوردنشینەکان، ئەم دواکەوتنەش هێندە درێژەی کێشاوە، هەندێك باس لەوە دەکەن؛ کورد بەچڕی و لەسەر ئاستێکی بەربڵاو سێ سەدە پاش هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکانیان وردە وردە چوونەتە ناو ئایینی ئیسلامەوە (٦٨)، لە ماوەیەشدا هەواڵ و گێڕانەوەکانی ئیسلامەتی کورد زۆر کەم و دەگمەنن و لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە ئیتر وردە وردە هەواڵی کورد و ناوچەکانیان دەردەکەون، بەڵام ئەم بۆشاییە مێژوویی و نادیاری وردەکارییەی دوو سەدەی یەکەمی ئیسلام دیاردەیەکی گشتگیرترە و بۆ عەرەب و فارسیش هەمان شتە و بە تەنیا نابێتە بەڵگەیەکی بەهێز.

## هاوشێوەی ئایینە ئاسمانییەکانی دی لە ئایینی زەردەشتیدا هاوسەرگیری جێگەی بایەخە و ئاهەنگ و مەراسیمی تایبەتی بۆ ڕێکدەخرێت

گریمانەی دواکەوتنی موسوڵمانبوونی ناوچە کوردنشینەکان بۆ چەند سەدەیەك پاش لە لەشکرکێشییەکان (الفتوحات) لە گەشتنامەی هەندێك گەڕیدەدا پاڵپشتی هەیە، یەکێك لەوانە بەناوی (أبي دلف) لە سەدەی ٤ك/١٠ز

دا باسی لەوە کردووە لە ناوچەی چیایی و سەختەکانی شارەزوور و هەورامانداا؛ موسوڵمانبوونی کورد چەندین سەدەیەك کەوتووەتە پاش لەشکرکێشی موسوڵمانەکانەوە(٦٩)، ئەم حاڵەتەش نزیکە لە پێدراوە بەردەستەکان و ئەگەرێکی ڕێتێچووە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا جگە لە بۆشایی مێژوویی دەربارەی چیرۆکی ئیسلامەتی کوردەکان لە سەرەتادا، سەختی ناوچەکە و دووره دەستی و کەڵێن و جیاوازییە کولتوورییەکانیش یارمەتیدەر نەبووە بۆ وەرگرتنی خێرا و دەست و دەمی ئیسلام لەسەر ئاستە جەماوەرییە بەربڵاوەکەی، لەگەڵ ئەمەشدا دەشێت بە میللیبوونی ئیسلام لە ناوچە کوردنشینەکان، پرۆسەیەکی جیاواز بووبێت لە موسوڵمان بوونی خەڵکانی دەستەبژێر، چونکە وەك ئاماژەی پێکرا هەر لە سەرەتای لەشکرکێشی موسوڵمانەکاندا بۆ کوردستان ئاماژەی ئەوە لە شاری جەلەولا بەردەستە کە خەڵکێك هەبوون سۆراغی پەرستشە ئیسلامییەکانیان کردووە کە چۆنیەتی ڕۆژووگرتنە(٧٠).

## ڕەوشی ئایینی زەردەشتی لە سەدەکانی نێوەڕاستی ئیسلامدا

شوێنەوار و تۆمارە مێژووییەکان مانەوەی کاریگەریی زەردەشتی لە ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ لە پاش هاتنی ئیسلامیش دەردەخەن، ئەمەش لەسەر دوو ئاست دەردەکەوێت کە گشتی و تایبەتن، یەکەمیان پەیوەندی بە دۆخی گشتی زەردەشتییەکان و دووەمیشیان ناوچە کوردنشینەکانەوە هەیە:

**یەکەم -ئاستی گشتی:**

بە کۆتاییهاتنی سەدەی یەکەمی کۆچی ئایینی زەردەشتی بووەتە کەمینە و دەسەڵات و پێگەی جارانی نەماوە(٧١)، سەرباری ئەمەش لە سەرچاوە مێژووییەکانیشدا ئەوە هاتووە کە زەردەشتییەکان تا ساڵی ٢٨٠ك/٨٩٣ز لە سنووری دەوڵەتی عەباسیدا ڕێگەیان پێدراوە لە جەژنەکانیان ئاگردانی خۆیان هەبێت، بەڵام لەوە بەدوا ئاگرکردنەوەیان لێ قەدەغە کراوە(٧٢)، لە چوارچێوەی ئەم تەنگەتاوکردنانەشدا خەلیفەی عەباسی (المعتضد باالله) دەستپێکردنی وەرگرتنی باجی لە نەورۆزەوە دواخست بۆ ١١ی حوزەیران و بەم بۆنە تازەیەش گوتراوە (نەورۆزی موعتەزید -النيروز المعتضدي) (٧٣)، ئەمەش بە واتای پەراوێزخستنی سەری ساڵی عەجەم و بۆنەی گرنگی زەردەشتییەکان دێت، بەڵام ئەم تەنگەتاوکردنە تا سەر درێژخایەن نەبووە و دەشێت بە دەرکەوتنی بوەیهییەکان بڕێك ئارامش بۆ زەردەشتییەکان گەڕابێتەوە. ئەم بنەماڵە حوکمڕانە فارسە زیاتر لە سەدەیەك لە بن عەبای عەباسییەکاندا بوونە حوکمڕانی بەغدا (٣٣٤_٤٤٧ھ/٩٤٦_١٠٥٥م)، بەهۆی

ئەوەشی ڕیشەی خۆیان بردووەتەوە سەر ساسانییەکان، دەکرێت لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات بەراورد بە عەباسییەکان کراوەتر بووبن(٧٤). لەم میانەیەشدا ئەوە هاتووە کە لە سایەی بوەیهییەکاندا زەردەشتییەکان بە فەرمی وەك (أهل الذمة) ناسێنراون کە سیستمی پارێزگاری پەیڕەوانی ئایینە ئاسمانییەکانە بەرامبەر باجی (جزیە)(٧٥)، هەروەها لە کۆشکی خیلافەت و دەوڵەتدا نوێنەریان هەبووە و بە (الملك) نێوبراوە، پۆستەکەشی پشتاوپشت پڕکراوەتەوە، ئەرکی کۆکردنەوەی باجی لە خەڵکە ژێردەستەکەی خراوەتە ئەستۆ(٧٦).

## دووەم-ئاستی تایبەتی ناوچە کوردنشینەکان:

سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکانیش چەند هەواڵ و گێڕانەوەیەکی مێژوویی بەردەستن ئاماژەن بۆ مانەوەی زەردەشتییەکان دەکەن لە پاش هاتنی ئیسلام و لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی (سەردەمی عەباسی)، دیارترین ئەو ئاماژانەش بریتین لە:

- تا سێ سەدە پاش هاتنی ئیسلامیش بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری نیوە دوورگەی عەرەبی لە هەموو هەرێمێکی ئێرانی ئێستادا پەرستگایەکی زەردەشتی هەبووە کە ئاگردانی تێدا بووە (٧٧)،. زانیاری ئەوەش بەردەستە کە لە سەرجەم شار و هەوار و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی خەڵکیشدا لە وڵاتی فارس پەرستگا (ماڵی ئاگر) هەبوون(٧٨)، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی کوردەکان لە وڵاتی فارس بە دەوروبەری ٥٠٠ هەزار ماڵ خەمڵێنراوە (٧٩).

- گەڕیدەی ناسراو (المقدسي) لە سەدەی ٤ك/١٠ باسی بوون و مانەوەی زەردەشتییەکان (مجوس)ی، لە نێوچەکانی هەرێمی چیا کردووە کە دەڤەرێکی کوردنشینە (٨٠).

## لە هەندێك گێڕانەوە و دەقی زەردەشتیدا ڕێگەدان و ستایشکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەم (خوشك و کچ) هەیە

-هەندێك هەواڵی مێژوویی لەبارەی پەرستگایەکی زەردەشتی (ماڵی ئاگر) لە شاری شیز (ورمێ) لە بەردەستدان (سەدەی ٤ك/١٠ز)، ئەم شارەش کە لە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستادایە هاوینەهەواری هۆزی هەزبانی کوردی بووە (٨١). بەپێی گێڕانەوەکانیش پەرستگاکە گەورەبووە و مەڵبەندی زەردەشتییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە، قوبەیەکی زیوینی هەبووە (٨٢)، تا ئەوکاتیش (سەدەی ٤ك/١٠ز) ئاگرەکەی خامۆش نەبووە (٨٣).

-گەڕیدەیەکی دیکە هەر لە سەدەی ٤ك/١٠ز کۆمەڵگەیەکی زەردەشتی دیوە

لە شاری (ئەرزن)ی سەر بە هەرێمی (ئەرمینیە)ی کوردنشین، ئەمانەش پێیان گوتراوە (البرسیین)، کە ناوی ئەوانەیە لە پاش هاتنی ئیسلام پارێزگاریان لە ئایینی خۆیان کردووە(٨٤).

-لە شاری (حەلوان) تا سەدەی ٧ك/١٣ز هەیوانێکی گەورە و جێگە ئاگردانێك بینراون (٨٥)، دەشێت ئەمەش ڕووگەی زەردەشتییەکانی هەرێمی چیا بووبێت، بە تایبەت کە لە ڕۆژئاوای ئەم هەرێمەدا هاوشێوەی هەبووە(٨٦).

-لە دەوروبەری شاری (قرمسین) (کرمانشاه) و جێگەی دیکەی کوردستان (کەلی پەیکوڵی)، نەخش و نیگاری زەردەشتی دۆزراونەتەوە کە ئاماژە بۆ خواوەندی زەردەشتی دەکەن (ئەهورامەزدا)(٨٧).

-یەکێك لە پیاوە ئایینییە ناسراوەکانی ئایینی زەردەشتی لە هەورامان بە ناوی (پیری شالیار) ژیاوە (دەورەبەری ١٥٠ ساڵ پ.ز)، کتێبێکیشی هەیە بەناوی (ماریفەتو پیری شالیاری) کە هۆنراوەی دوو بەیتییە بە شێوەزاری هەورامی کۆن (٨٨). بۆچوونی دی هەن دەڵێن (پیری شالیار) ناوی (خودادادی جاماسبی هەورامییە)، لە سەدەی ٥ك/١١ز دا ژیاوە، پاشان هاتوەتە ناو بازنەی ئیسلام لەسەر ڕێبازی سۆفییەکان و لە نێو ئیسلامدا پارێزگاریی لە پێگەی خۆی کردووە(٨٩)، تا ئێستاش خەڵك ڕێز لە مەزار و گۆڕەکەی (پیر شالیار) دەگرن و ساڵانە لە گوندەکەی لە هەورامانی تەخت جەژنی (کۆمسا) دەگێڕن کە بەخشینەوەی نان و شیرینییە و وەك عارفێکی ئیسلامی تەماشای دەکەن، بەڵام باس لەوە دەکرێت ئەوەی بە موسوڵمان ناسراوە پیری شالیاری دووەم یان سێیەمە کە تێکەڵ بە یارسانەکان بووە، بەڵام ئاهەنگ و مەراسیمەکە هەر لە مەزاری یەکەمەکەدا بەڕێوە دەچێت و تێکەڵبوون لای خەڵکەکە درووستبووە(٩٠).

## بەر لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە پانتایی کوردیدا ئایینی باڵادەست و بڵاو زەردەشتی بووە

-لە سەدەی ٧ك/١٣ ز گەڕیدەی بەناوبانگ (یاقوت الحموي) لە نزیك هەولێر باس لە گوندێك دەكات بە نێوی (ماڵی ئاگر)(٩١) کە دەشێت زەردەشتی بووبن، ئەمەش پاڵپشتی تری هەیە لەوانەش شیعرێکی (ابن المستخف) ی دیمەشقی (م. ٦٣٥ك/ ١٢٣٧ز) کە هەجوی هەولێر دەکات بەوەی شارێکی لە ڕێدەرچوون (فاسق) چونکە (بیت النار) یان هەیە(٩٢) (أربل دار الفسق حقاً فلا يعتمد العاقل تعزيزها....... لو لم تكن دار فسوق لما أصبح بيت النار دهليزها(٩٣)).

-بەپێی گێڕانەوەکانی (مستوفي قزويني)

پەرستگای ئاگر لە نێوچە کوردییەکاندا تا کۆتایی سەردەمی عەباسییەکان و هاتنی مەغۆڵەکان هەبووە(٩٤).

سەرباری ئەو نموونانەش زەردەشتییەکانی پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلام تا سەر و بەردەوام لە تەناهی و ئارامیدا نەژیاون و دەگوترێت لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عەباسیدا دۆخیان خراپ بووە و دارماوە (٩٥)، بە تێپەڕبوونی کاتیش لە سنووری دەوڵەتی خیلافەتەوە کۆچیان کردووە بەرەو چین و هیندستان و لەوێ ڕەوەندێکی گەورەیان پێکهێناوە و پێیان گوتراوە (بەرسییەکان)(٩٦). لە سەرچاوەکانیشدا ئەوە دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی وێنەی زاڵ و باو لەسەریان ئەوەبووە کە ئەوان بتپەرست و ئاگرپەرستن و هاوەڵ بۆ خودا بڕیاردەدەن، تا ئەوەی پەیڕەوی ئایینێکی ئاسمانی بن، وەهاش تەماشاکراون کە مارەکردنی مەحرەم حەڵاڵ دەکەن(٩٧)، ئەمەش نەیهێشتووە لانیکەم هاوتای جووەکان و کریستیانەکان وەك خاوەن پەیامی ئاسمانی تەماشا بکرێن و وردە وردە بەرەو پووکانەوە چوون و هەواڵ و باسیان لە سەرچاوەکاندا نامێنێت، شتێکی چاوەڕوانکراویشە ئەمەش ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لەسەر ناوچە کوردنشینەکان هەبووبێت و هۆکاری پووکانەوەی ئایینەکە بێت، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا پاش سێ سەدە ناوچە کوردییەکان لە سایەی دەسەڵاتی عەبباسییەکاندا دەسەڵاتی خێڵەکی و میرنشینی تایبەتیان دامەزراندووە، بەشێوەیەکی فراوانیش کارلێکیان لەگەڵ تەوژمە باڵادەستەکانی ئیسلام کردووە و چەندین زانا و شەرعزان و دادوەر و هەروەها عارفی گەورەی سۆفیگەری لە نێوچەکانیاندا دەرکەوتووە، لە ڕێگای میرنشینەکان و دەوڵەتی ئەیوبییشەوە لە میسر بەشداری سەرەکییان لە بەرەنگاریی و هەڵمەتە ئیسلامییەکانی دژ بە خاچ دروشمەکان کردووە و لە چوارچێوەی ئیسلامەتیدا ڕێگای نوێیان بۆ ئاینداری دۆزیوەتەوە(٩٨).

**دەشێت ئایینی زەردەشتی لە ڕێگای هەڵمەتەکانی شا "گوشتاسب"ەوە گەیشتبێت بە نێوچە کوردنشینەکان، چونکە بە پێی ئاماژە مێژوویەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە شۆڕبووەتەوە بەرەو ڕۆژئاوای وڵاتی فارس**

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەوە دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

-مشتومڕی زۆری کراوە و چڕ لەبارەی نێوەڕۆکی ئایینی زەردەشتی و ئاسمانیبوونی ئایینەکە و گونجان و دژیەکی بنەماکانی لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەدا هەیە، بەهۆی فەوتانی زۆر لە

دەقەکانیشییەوە یەکلاییکردنەوەیان ئەستەمە و هەندێك لەوانەشی لەبارەیەوە دەگوترێن تێڕوانینی پاشینەکان و خوێندنەوەی شوێنەوارەکانن.

-ئایینی زەردەشتی یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی فەرهەنگی کوردییە لە پێش دەرکەوتنی ئیسلام، بەهۆی دەرکەوتنی ئایینەکە لە پانتایی کوردیدا لە لایەك و باڵادەستی ساسانییە زەردەشتییەکان لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی کورددا لە لاکەی تر بووەتە ئایینی زاڵ لە پانتایی کوردیدا.

-کۆنترۆڵکردنی سەربازیانەی ناوچە کوردییەکان لەلایەن لەشکری ئیسلامەوە پاش ساڵی ١٦ك/٦٣٧ز نەبووەتە هۆی ئەوەی سەرجەم کورد دەستبەرداری ئایینە دێرینەکانی ناوچەکانیان ببن و بەشێکیان ڕێککەوتوون باجی ئایینی (جزیە) بدەن لە پای مانەوەیان لەسەر ئایینەکەیان و پاراستنی سەروماڵیان بە تایبەت لە هەرێمی چیا لە ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا.

-بەدرێژایی سەدە ئیسلامییەکانی پاش لەشکرکێشی موسوڵمانەکان بۆ ناوچە کوردییەکان، شوێنەوار و کاریگەریی زەردەشتی بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناوچە کوردییەکاندا بینراون و کاریگەریی ئایینەکە درێژەی هەبووە، بەڵام دەرکەوتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی لە نێو کورددا سەرەتای پووکانەوەی ئایینی زەردەشتییە و بە تێپەڕبوونی کات زۆرینەی کورد لەگەڵ ئیسلامدا ئاوێتەبوون و لەسەر ئاستی جەماوەری دەستبەرداری ئایینی زەردەشتی بوون.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- بڕوانە: المسعودي: مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق كمال حسن مرعي، المكتبة العصرية، بيروت، ٢٠٠٥م، ج١، ص ١٧٥؛ الطبري، تاريخ الرسل والملوك، تحقيق محمد فضل بن إبراهيم، دار المعارف، مصر، ١٩٦٧، ط٢، ج١، ص ٥٦١_٥٦٢؛ الشهرستاني: الملل والنحل، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٣، ١٩٩٢م، ج٢، ص ٢٦٥؛ خليل عبدالرحمن: أفِستا الكتاب المقدس للديانة الزرادشتية، روافد للثقافة والفنون، دمشق ط٢، ٢٠٠٨م، ، ص ٢٧؛ شفيع الماحي أحمد: زرادشت والزرادشتية، مجلس النشر العلمي، الكويت، ٢٠١١م، ص ص ١٥ _١٨؛ نوري إسماعيل: الديانة الزرادشتية (مزديسنا)، دار علاءالدين، دمشق، ط٧، ٢٠٠٩، ص ٩.

٢- شفيع الماحي: زرادشت والزرادشتية، ص ١٦؛ جمال رشيد وفوزي رشيد: تاريخ الكرد القديم، جامعة صلاح الدين، أربيل،١٩٩٠م. ص ص ١١٢.

٣- ماري بويس: تأريخ الزرادشتية من بدايتها حتى القرن العشرين، ترجمة خليل عبدالرحمن، مركز الدراسات الكردية، السليمانية، ٢٠١٠م، ص٩٢.

٤- ول ديورانت، قصة الحضارة، ترجمه زكي نجيب محمود وآخرون، دار الجيل، بيروت – لبنان، ٢٠٠٢، ج١١، ص ١٨٠.

٥- عبدالله مبلغي العباداني: تاريخ الديانة الزرادشتية، ترجمة عبدالستار قاسم كلهور، مؤسسة موكرياني، أربيل، ٢٠١١م، ص ٧٦.

٦- الدينوري: الأخبار الطوال، تحقيق عبدالمنعم عامر، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، مصر،

د.ت ص ٢٥؛ المسعودي: مروج الذهب، ج١، ص ١٧٥؛ الشهرستاني: الملل والنحل، ج٢، ص ٢٦٦.
٧- الشهرستاني: الملل والنحل، ج٥، ص ٢٦٦؛ أحمد علي عجيبة: دراسات في الأديان الوثنية القديمة، دار الآفاق العربية، القاهرة، ٢٠٠٤م، ص ١١٨.
٨- أبي يوسف: كتاب الخراج، دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٩م، ص ١٢٩.
٩- ول ديورانت، قصة الحضارة، ج١٢، ص ٢٧٧.
١٠- الجاحظ، الحيوان، دار الكتب العلمية – بيروت، ١٤٢٤، ج٥، ص ٣٦.
١١- الشهرستاني: الملل والنحل، ج٢، ص ٢٦٦؛ عبدالرفيع حقيقت: دور الإيرانيين في الحضارة، ترجمة علاء الدين عبدالعزيز السباعي، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١٢م، ص ١٤٤.
١٢- ماري بويس: تاريخ الزرادشتية، ص ٩٢.
١٣- جەمال نەبەز، فەلسەفە و ڕامانی یارسانی» ل ٤٥.
١٤- أحمد علي عجيبة: دراسات في الأديان الوثنية القديمة، ص ١١٨؛ أحمد أمين: فجر الأسلام، دار الكتاب، لبنان، ط١٠، ١٩٦٩م، ص ١٠١.
١٥- بڕوانە: فرست مرعي: زواج المحارم في الديانة المجوسية من خلال الأفستا والروايات التاريخية، مجلة kurdiyet ، العدد ٦، ٢٠٢٢، ص ٧٣_ ٩٦؛ کۆمەڵێك نووسەر، کورد و زەردەشتییەت، ل٧٣_٢٢٥؛ آرثر كريستنس: إيران في عهد الساسانيين، ترجمة يحي الخشاب، دار النهضة العربية، بيروت، د.ت، ص ١١٠_١١٢.
١٦- فرست مرعي: زواج المحارم في الديانة المجوسية، ص ٧٣_ ٩٦؛ آرثر كريستنس، إيران في عهد الساسانيين، ص ١١٠_١١٢.
١٧- بڕوانە، سورەتی النساء ئایەتی ٢٣.
١٨- المسعودي: مروج الذهب، ج١، ص ١٧٥؛ العباداني: تاريخ الديانة الزرادشتية، ص ٧٦.
١٩- بڕوانە: فرست مرعي، تاريخ الزرادشتية، مكتبة هيما، دهوك، ٢٠٢٢، ص ٥٠_٩٥.
٢٠- حسن تقي زادة و محمد محمد ملايري، الديانات الشرقية القديمة الزرادشتية، المانوية، المركز الأكاديمي للأبحاث، العراق، ٢٠١٤، ص ١١.
٢١- أبوبكر الجصاص، الفصول فى الأصول، وزارة الأوقاف الكويتية، ٢٠٠٤، ج٣، ص ٤٦.
٢٢- كلثومة جميل: كردستان في عهد الساسانيين ٢٢٤ _ ٦٣٠م، مطبعة التربية، أربيل، ٢٠٠٧م، ص ٤٩؛ تومابوا: مع الأكراد، ترجمة آواز زنكنة، دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥م، ص ١٠٢؛ محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، من اقدم العصور التاريخية حتى الآن، ترجمة محمد علي عوني، د.ن، مصر، ط٢، ١٩٦١م، ص ١٦١.
٢٣- الجاحظ، الحيوان، ج٥، ص ١٧٥.
٢٤- جەمال نەبەز، فەلسەفەو ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٢٩
٢٥- الدينوري: الأخبار الطوال، ص ٢٥؛ المسعودي: مروج الذهب، ج١، ص ١٧٥؛ شفيع الماحي: زرادشت والزرادشتية، ص ٢٨.
٢٦- الطبري، تاريخ الرسل والملوك، ج١، ص ٥٦٢.
٢٧- أرثر كريستنس: إيران في عهد الساسانيين، ص ٥٧٠؛ حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان الصغرى (الشمالية) و شهرزور خلال العصر الوسيط، دراسة سياسية وحضارية، مؤسسة ذين، السليمانية، ٢٠١١م.، ص ١٠٥.
٢٨- اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، د.ت، ج٢، ص ١٧٦؛ کەلسوم جەمیل، بڵاوبوونەوەی زەردەشتی، لا ٢٤٥.

٢٩- كلثوم جميل، كردستان في عهد الساسانيين ٢٢٤ _ ٦٣٠م، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٧م، ص ٤٩؛ توما بوا: مع الأكراد، ص ١٠٣؛ محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكرد، ص ٢٨٧.
٣٠- بڕوانە: سەلام ناوخۆش، جیاوازی زەردەشتییەت و مەجوسییەت بە بەڵگەی شوێنەواری، لە چوارچێوەی کتێبی کورد و زەردەشتییەت، سەنتەری تاسك، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٥٥٧_ ٥٦٦.
٣١- ول ديورانت، قصة الحضارة، ج١٢، ص ٢٨٦.
٣٢- تۆفیق وەهبی، بنەچەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی، وەرگێڕانی، تەها فەیزی زادە، ئێران، لا ١٥_١٦.
٣٣- کەلسوم جەمیل، بڵاوبوونەوەی زەردەشتی لە وڵاتی کوردان، بەشێك لە کتێبی کورد و زەردەشتییەت، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ٢١٨، لا ٢٤٥.
٣٤- محمد علي الصويركي، تاريخ الأكراد في بلاد الشام ومصر، مديرية الثقافة للأمانة العامة، عمان، ٢٠١٠، ص ٢٧_٢٩.
٣٥- أبي يعلى، طبقات الحنابلة، محمد حامد الفقي، مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، ١٩٥٢م، ج٢، ص ٨٩.
٣٦- بۆ زانینی مێژووی کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردییەکان؛ بڕوانە: البلاذري، فتوح البلدان، تحقيق عبد الله أنيس وعمر أنيس الطباع، مؤسسة المعارف، ١٩٨٧م، بيروت، ص ٤٢٣ _ ٤٣٣؛ ابن خلدون، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تحقيق، خليل شحادة دار الفكر، بيروت، ط٢، ١٩٨٨، ج٢، ص ٥٣٦_٥٤٠. هەندێك ئاماژەی تر سەرەتا و کۆتایی پرۆسەکە بە ساڵانی نێوان ٢٠_٣٠ ك/ ٦٤١_٦٥١ ز دیاری دەکەن. بڕوانە: فرست مرعي، الفتح الإسلامي لكردستان دار الزمان، دمشق، ٢٠١١، ص١١١.
٣٧- ابن الأثير: الكامل في التاريخ، تحقيق أبي الفداء عبدالله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧م، ج٢، ص ٤٣٧؛ ابن خلدون: العبر وديوان المبتدأ والخبر في ايام العرب والعجم والبربر، بيت افكار الدولية، الأردن _ السعودية، ١٩٩٢م، ص ٥٥٨.
٣٨- بڕوانە: حسام عيتاني، الفتوحات العربية، في روايات المغلوبين، دار الساقي، بيروت، ٢٠٢٢، ص ٥٥.
٣٩- الأب ألبير أبونا: تاريخ الكنيسة السريانية المسيحية، دار المشرق بيروت، ٢٠٠٢م، ط٢، ص ٥١، ج٢، ص ٢٥٢_٢٥٣.
٤٠- بڕوانە: أبو يوسف: الخراج، تحقيق طه عبدالرؤوف و سعاد حسن، المكتبة الأزهرية للتراث، ص ٧٩.
٤١- بڕوانە: ابن قدامة المقدسي، الشرح الكبير، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٣، ج١٠، ص ٥٩٥.
٤٢- أبي يوسف: الخراج، ص ١٢٢؛ النووي: المنهاج، ج١١، ص ٢٦٦.
٤٣- محمد جميل بندي الروزبياني: مدن كردية قديمة، وزارة الثقافة، السليمانية، ١٩٩٩م، ص ١٦٥.
٤٤- البلاذري: فتوح البلدان، ص ٣٦٩.
٤٥- اليعقوبي: البلدان، ص ٤٦؛ المسعودي: مروج الذهب، ج٢، ص ٩٧؛ أبو الفدا: دار صادر، بيروت، د.ت، ص ٣٠٧.
٤٦- خليفة بن الخياط: تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق أكرم ضياء العمري، دار القلم، دمشق، ١٣٩٧هـ، ص ١٣٩؛ ابن كثير: البداية والنهاية، دار ابن الجوزي، القاهرة، ٢٠٠٩م، ج٧، ص ١٧٩.
٤٧- الحموي: معجم البلدان، دار صادر، بيروت ١٩٧٧م، ج٢، ص ٢٩٢.
٤٨- البلاذري: فتوح البلدان، ص ٤٢٣.

٤٩- البلاذري: فتوح البلدان، ص ص ٤٦٦ _ ٤٦٧.
٥٠- القلقشندي: الصبح الأعشى في صناعة الأنشا، دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٢٢م.، ص ٣٧٣.
٥١- اليعقوبي: البلدان، ص ٤٨؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص ٨٣؛ القزويني: نزهة القلوب، دنياى كتاب، تهران، ١٩٦٣م، ص ٧٤.
٥٢- خليفة بن خياط: تاريخ، ص ١٤٧؛ الطبري: تاريخ الرسل والملوك، ج٤، ص ١١٤.
٥٣- مسكويه: تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٣م، ج١، ص ٢٤٣؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ٢٠٩.
٥٤- الدينوري: الأخبار الطوال، تحقيق عبدالمنعم عامر، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، مصر، د.ت ص ١٣٧.
٥٥- البلاذري: فتوح البلدان، ص ٤٣٠؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، تحقيق حسان عبد المنان، بيت الأفكار الدولية، الأردن _السعودية. ٢٠٠٤م، ج١، ص ٣٥٥.
٥٦- خليفة بن خياط: تاريخ، ص ١٥١.
٥٧- ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص ١٢٩.
٥٨- ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢، ص ١٣٤.
٥٩- البلاذري: فتوح البلدان، ص ٤٦٤؛ سامي الصقار: إمارة أربل في العصر العباسي، دار الشواف، الرياض، ١٩٩٢م، ص ٣١.
٦٠- البلاذري: فتوح البلدان، ص ٤٦٤؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٨، ص ١٨٣.
٦١- المسعودي: مروج الذهب، ج٢، ص ٩٧؛ ابن خلدون: العبر، ص ٥٦١؛ محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكُرد، ص ١٦١.
٦٢- أبي يوسف: الخراج، ص ١٣٠؛ أحمد أمين: فجر الإسلام، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٩م، ص ١٠١.
٦٣- الطبري: تاريخ الرسل والملوك، ج٤، ص ١٧٨؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٢، ص ٤٤٢.
٦٤- ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، تحقيق محمد عبد القادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢م، ج ٥، ص ٤.
٦٥- ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج٢، ص٤٩١؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ٢٣٣
٦٦- باسيلي نيكيتين: الكرد، دراسة سوسيولوجية وتاريخية، ترجمة نوري طالباني، مؤسسة حمدي، السليمانية، ط٢، ٢٠٠٧م، ص ٢٩٩.
٦٧- محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكرد، ص ١٨٨.
٦٨- أرشاك بولاديان، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين ١٠ و ١١ م، مترجم، دار الفارابي، بيروت، ٢٠١٣م، ص ١٢٨؛ تومابوا، مع الأكراد، ص ١٠٥.
٦٩- أبي دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي، الرسالة الثانية، تحقيق بطرس بولغاكوف، ترجمة محمد منير مرسي، مؤسسة ژين، السليمانية، ٢٠١٢م، ص ١٢٦_ ١٢٧.
٧٠- أبي يعلى، طبقات الحنابلة، تحقيق الدكتور عبدالرحمن بن عثمان العثيمين، د.ن، الرياض، ١٩٨٩م، ج٢، ص ٨٩.
٧١- تقي زادة و ملايري، الديانات الشرقية القديمة، ص ١٥.
٧٢- السيوطي: تاريخ الخلفاء، دار التقوى، مصر، ٢٠٠٦م، ص ٢٦٤.
٧٣- الطبري، تاريخ، ج١٠، ص ٣٩.
٧٤- مارى بويس: تأريخ الزرادشتية، ص ١٨٢.
٧٥- أحمد أمين: فجر الإسلام، ص ٨٦.
٧٦- آدم متز: الحضارة الإسلامية، في القرن الرابع الهجري ترجمه محمد عبدالهادي أبو ريده، بيروت، ط٥، د.ت، ج١، ص ٧٨.

٧٧- إدوارد براون: تاريخ الأدب في إيران، ترجمه أحمد كمال الدين، د.ن، الكويت، ١٩٨٤م، ج١، ص ٣١٠.
٧٨- بڕوانە: ابن حوقل: صورة الأرض، دار صادر، بيروت، ط٢، د.ت، ق٢، ص ٢٧٣.
٧٩- ابن حوقل: صورة الأرض، ق٢، ص ٢٧٣، ق٢، ص ص ٢٦٩ _ ٢٧١؛ ماركو بولو: رحلات ماركوبولو، ترجمة عبدالعزيز جاويد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٢م، ص ٦٩.
٨٠- أحس التقاسيم في معرفة الأقاليم، ص ٣٩٤.
٨١- ابن حوقل: صورة الأرض، ق٢، ص ٣٣٦؛ ابن خلدون: المقدمة، ج١، ص ١٨٠.
٨٢- أبي دلف: الرسالة الثانية، ص ١٠٠؛ الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص ص ٣٨٣ _ ٣٨٤.
٨٣- أبي دلف: الرسالة الثانية، ص ١٠١.
٨٤- ناصر خسرو: سفرنامة، ترجمة يحى الخشاب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٣م، ص ٥١؛ عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، دار ئاراس، أربيل، ٢٠٠٢م، ج٢، ص ١٧٥.
٨٥- حكيم خوشناو: الكرد وبلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين (٢٣٢ _ ٨٤٦/٦٢٦ _ ١٢٢٩م)، دار الزمان، دمشق، ٢٠٠٩، ص ٢٧٨.
٨٦- القزويني: نزهة القلوب، ص ١٢٧.
٨٧- بڕوانە شرۆڤەی شوێنەوارەکان لە: سەلام ناوخۆش، جیاوازی زەردەشتییەت و مەجوسییەت، ل ٥٥٧_ ٥٦٦.
٨٨- هامنۆ هەورامی، جەژن و بۆنەکان و پەرستگا، لە چوارچێوەی کتێبی کورد و زەردەشتییەت، لا ٢٧٢.
٨٩- سدیق بۆرەکەیی: مێژووی وێژەی کوردی، ج١، ص ١٠٦؛ مەردۆخ ڕۆحانی: مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێڕانی، ماجد مردوخ روحاني، سنندج، ٢٠٠١م، ب١، ل ٢.
٩٠- هامنۆ هەورامی، جەژن و بۆنەکان و پەرستگا، لا ٢٧٢.
٩١- ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص ٥٢٢.
٩٢- الصفدي: الوافي بالوفيات، تحقيق أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ٢٠٠٠م، ج١٨، ص ١٣٠.
٩٣-الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٨، ص ١٣٢.
٩٤- نزهة القلوب، ص ١٢٧.
٩٥- مارى بويس: تأريخ الزرادشتية، ص ١٨٢.
٩٦- تقي زادة و ملايري، الديانات الشرقية القديمة، ص ١٥.
٩٧- بڕوانە: القلقشندي، صبح الأعشى، ج١٣، ص ٢٩٧؛ ألبير ابونا، تاريخ كلدوآثور، ص ٢٥٢_٢٥٣.
٩٨- بڕوانە: ياسين طه، المذاهب والأديان والعقائد في كردستان خلال العصر الوسيط الإسلامي، مركز كردستان للوثائق والدراسات الأكاديمية، جامعة السليمانية، ٢٠١٨، ص ٨٥_ ١٣٠.


ڕانانی کتێب

ئاپیننـاسی

# ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی

## دەرگایەك بەڕووی بنەماكانی هزری ئیسلامی سەردەم

نووسەر: د. تەها جابر ئەلعەلوانی
ڕانانی: ئلیاس تاهیر




دکتـۆر تـەهـا جـابـر ئـەلـعـەلـوانی لەدایکبووی ١٩٣٥ لە شاری فەلوجە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری فەلوجە تەواو کردووە، پاشان بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆ و ماستەر و دکتۆرا ڕووی لە وڵاتی میسر کردووە لە زانکۆی ئەزهەر، پاشان لە زۆربەی وڵاتان خزمەتی لە بواری فیکری ئیسلامی کردووە، هەرچەندە تایبەتمەندی بڕوانامەکەی لە (بنەماکانی فیقهیدا) بووە، گرنگترین پۆستی بریتی بووە لە سەرۆکی زانکۆی جیهانی بۆ زانستە ئیسلامییەکان، لە ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە.

دکتۆر تەها جابر بەوە ناسراوە هەستێکی ڕەخنەگرانە و توانایەکی باشی لەم بوارەدا هەیە، کە زۆر جار بووەتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەی زۆربەی بانگخوازان و زانایان، یەکێك لە دیارترین بۆچوونەکانی ئەوە بووە کە باوەڕی وابوو گرفت و قەیرانی موسڵمانان لەم سەردەمەدا بریتییە لە قەیرانی هزری (الازمە الفکریە)، نەوەك قەیرانی بیروباوەڕ وەك گرووپە سەلەفییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، یاخود قەیرانی سیاسی وەك ئیخوان موسلیمین و گرووپەکانی تر کاری بۆ دەکەن، هەروەها قەیرانی ئەخلاقیش نییە وەك زۆرێك لە بانگخوازان کردویانە بە بنەمای بانگخوازی، بەڵکو گرفت و قەیران لە هزردایە، هەر ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی دەست بکات بە لێکۆڵینەوە لە

زۆربەی تیۆر و هزرە سەردەمییەکان وەك هزری مارکسی و لیبراڵی .کارکردنی ئەو بە جۆرێك بووە، بووە یەکێك لە دیارترین زانا و نووسەرانی ڕێباز و ئاراستەی نوێ و سەردەمیانەی هزری ئیسلامی و چوونە سەر ڕێگای کردنەوەی دەرگای نوێگەری لە شەریعەت و فیقهی ئیسلامیدا.

د. تەها لەم بوارەدا چەندین توێژینەوە و پەرتووکی نووسیوە، کە بەگشتی لەسەر دوو بنەما و بیرۆکەی سەرەکی کاری کردووە، کە یەکەمیان بریتییە لە ئازادی بیروباوەڕ بە شێوەیەکی ڕەها و ڕێگری لە هەر زۆر لێکردنێك لەسەر بیروباوەڕ لە مرۆڤەکان، دووەمیان بریتییە لە سزای هەڵگەڕانەوە (الردة)، کە پێی وایە لە قورئانی پیرۆزدا بە هیچ شێوەیە باسی سزای هەڵگەڕانەوە نەکراوە، بە تایبەت بە کوشتن و ئەمە دوورە لە تێگەیشتنی قورئان و فەرموودە.

ناوبراو یەکێکە لە دیارترین ئەو بیرمەندانەی کە گرنگی بە هزری مەبەستگەرایی (مقاصد) داوە، واتە زیاتر پەیوەست بووە بە مانا و مەبەستی بنەما ئیسلامییەکان و بۆ ڕوحی شەریعەت گەڕاوە، بیر و هزری تەنیا لە چوارچێوەی فەتواو بیروباوەڕەکانی پێشووتری زانایانی پێشین کۆنەکردووەتەوە، ڕێگای نوێگەری هەڵبژاردووە.

پەرتووکی ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی لە نووسینی دکتۆر تەها جابر ئەلعەلوانی کە پێشتر وەك پەیپەرێك لە کۆنفرانسێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشکەشی کردووە، پاشان بە هۆی گرنگی ئەم بابەتە پەرەی پێداوە و کردویەتی بە پەرتووکێکی زانستی و لە ئاستی جیهانی ئیسلامیدا ڕۆڵ و گرنگی بەرچاوی هەبووە.

نووسەر پێشەکی ئەم پەرتووکەی کردووە بە دوو بەشی سەرەکییەوە، لە بەشی یەکەمدا ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش کردووە سەبارەت بە گرفتێك کە هۆکار بووە بۆ لەدایك نەبوون و سەرنەکەوتنی هەر هەوڵێك بۆ ڕیفۆرم لە هزری ئیسلامیدا، ئەو گرفتەش بریتییە لە پشت بەستن بە تاك وەك سەرکردە و زانا و بڕیاردەری یەکلاکەرەوە، کە ئەم تێڕوانینەش لە هاتن و بوونی پێغەمبەراندا دروست بووە، کە هەموان چاوەڕێی کەسایەتییەکی بەهێزن بۆ ئەم گۆڕانکارییە، بەڵام لە ڕاستیدا پێویستە ئەم بابەتە پەیوەست بکرێت بە هەبوونی دامودەزگای تایبەتمەند بەم گۆڕانکارییە.

نووسەر لەم بوارەدا ئاماژە بەوە دەکات کە پەیمانگەی جیهانی بۆ هزری ئیسلامی وەك دەزگایەك ڕۆڵی زۆر گرنگی هەبووە لە ئاستێکی باشدا بۆ دامەزراندنی دامودەزگایەکی ڕێکخراو بۆ گۆڕانکاری و ڕیفۆرم لە هزری ئیسلامیدا، ئەمەش بە سێ قۆناغی سەرەکی ئەنجام دراوە کە بریتین لە:

**یەکەم/** قۆناغی ناساندنی بیرۆکەی ڕیفۆرم و بەدەستخستنی شەرعیەتی بوون و بەڵگەی دەستپێکردن، کە ئەم

پەیمانگەیە ئەم هەنگاوەی دەست پێ کردووە.

**دووەم/** قۆناغی دامەزراندن و دروستکردنی بنەما تیۆرییەکان لە ڕێگەی بنەما هزری و زانستی و تیۆرییەکانەوە، لەئەمەشدا ئەم پەیمانگەیە سەرکەوتوو بووە.

**سێیەم/** دۆزینەوە و دەرخستنی کەسانی بەتوانا و هەڵگری ئەم بیرۆکەیە بۆ چوونە ناو مەیدانی کار و چالاکی، کە ئەمەشیان بە هەبوونی هەموو ئەم زانا و بیرمەندانەی جیهانی ئیسلامی کە دەرکەوتوون هاتووەتە دی و تەواو بووە.

لە بەشی دووەمی ئەم پێشەکییەدا نووسەر پرسیارێك دەکات کە بریتییە لە (بۆچی بانگەواز بۆ بە ئیسلامیکردنی زانیارییەکان؟) بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە نووسەر گرنگی داوە بە پەیوەندی نێوان بانگخوازانی ڕیفۆرم و موسڵمانان کە دەبێت سێ بواری سەرەکی پەرەپێ بدرێت تاوەکو گوێگر واتە موسڵمانان بە تەواوەتی لە مەبەست و مانای ڕیفۆرم تێبگەن، بەم شێوەیە:

**یەکەم/** دەبێت ئەوانەی بانگەشەی ڕیفۆرم دەکەن زۆر بە باشی ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی موسڵمانان بزانن لە ڕووی کۆمەڵایەتی، دەروونی، مێژوویی و جۆری ئەو کۆمەڵگەیەی کە دروستیان کردووە.

**دووەم/** جۆر و بابەتی ڕیفۆرمەکە دور بێت لە ئاڵۆزی و لادانی گەورە و دروستبوونی بۆشایی هزری، بەڵکو دەبێت زۆر ئاسان و سادە بخرێتە ڕوو.

**سێیەم/** تێگەیاندنی موسڵمانان بە پێگە و ڕۆڵیان لە ئەم ڕیفۆرمە تازەیە بە ناساندنی بنەما سەرەکییەکانی ڕیفۆرم و گرێدانی بە ژیانی ڕۆژانەوە.

لێرەدا نووسەر هەوڵی داوە دەرگایەك بکاتەوە بە ڕووی گۆڕانکارییەکی جۆری کە ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت لەسەر هزر و تێڕوانینی موسڵمانان بۆ بارودۆخ و شێوازی ژیانکردن تا ببێتە سەرچاوەی وەڵامدانەوەی ڕیفۆرم و گونجان لە گەڵیدا، لەبەرئەوەی بۆچوونێکی بەهێز و زاڵ هەیە لەناو موسڵمانان کە پێیان وایە لە ئایینداا پێویست بە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە نییە، کە ئەمە هۆکارێکی گرنگی بەردەم وەستاندن، یاخود خاوبوونەوەی بزووتنەوەی ڕیفۆرمە لە ئایینی ئیسلام.

ڕاستە هەموان پێمان وایە کە ئایینی ئیسلام تەواو کاملە و قورئان و فەرموودە هەتا ڕۆژی دوایی هەموو لایەك و بوارێکی ژیانیان بە گشتگیری و بە دروستی باس کردووە، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لە بەردەم هەوڵی بەردەوام بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ قورئان و فەرموودە بەمەبەستی دۆزینەوەی وەڵامی تەواو بۆ پرسیارە نوێیەکان. لێرەدا نووسەر چووەتە سەر گفتوگۆیەکی قوڵ سەبارەت بە وریابوون لە تێکەڵ نەکردنی تێزی ڕۆژئاوا و بابەت نوێیەکانی بەهزری ئیسلامی و پێدانی

ڕەهەندێکی مێژووی پێیان، یاخود بەستنەوەی بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و کار و کردەوەی هاوەڵان و پێشین، چونکە ئەم دوانە زۆر جیاوازن و هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نییە.

بەم شێوەیە دەکەوینە بەردەم پرسیارێکی تر کە ئایا لەبەرامبەر ئەمەدا پرۆژەی ئیسلامی چییە؟ ئایا بە ئیسلامکردنی زانیاری چ سوودێکی بۆ پرۆژەی ڕیفۆرم دەبێت؟

لە وەڵامێکی کورتدا و پێش چوونە ناو شیکردنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە، نووسەر نوسیویەتی کە دەبێت ئەم پرۆژەیە و ئەم بە ئیسلامکردنی زانیارییە وەڵامی تەواوەتی پێ بێت بۆ کۆی پرسیارەکانی کۆمەڵگە. لەبەر ئەمە بە ئیسلامکردنی زانیاری ئەرکێکی دوولایەن و قورس و ئاڵۆزی لەسەرە، لەلایەك گێڕانەوەی موسڵمانانە بۆ باوەشی قورئان، لەلایەکی ترەوە ئەم گەڕانەوەیە بەزانیاری و هۆشیاری بێت و خوێندنەوەی نوێ و گونجاوی لەگەڵدا بێت بۆ سەردەمی ئێستا. بێگومان بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەش پێویست بە هەبوونی شەش پاڵنەری سەرەکی دەکات کە بریتین لە:

١- دروستکردنی سیستمی زانیاری ئیسلامی سەردەمیانە.

٢- دووبارە داڕشتنەوەی تیۆرە زانیارییەکانی قورئان.

٣- دروستکردنی تیۆرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئاندا وەك سەرچاوەی هزر و زانیاری و ڕۆشنبیری شارستانی.

٤- دروستکردنی تیۆرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودە و سوننەتەکانی پێغەمبەر (د.خ).

٥- دروستکردنی تیۆرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی ئیسلامی بۆ دەرچوون لە تەقلید.

٦- دروستکردنی تیۆرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتی بۆ دامەزراندنی پردی نێوان هزر و شارستانیەتی گشتی مرۆڤایەتی و هزر و شارستانیەتی ئیسلامی.

دواتر و لەبەشی یەکەمدا نووسەر سەرباسێکی بەناونیشانی قەیرانی بانگەوازی ئیسلامی سەردەم، پاڵنەرەکانی قەیران و عەقڵیەتی قەیراناوی هەڵبژاردوە کە بە دوو بابەتی سەرەکی ڕوونکردنەوەی پێویستی بۆ کردون، بابەتی یەکەم تایبەتە بە قەیرانی بانگەوازی ئیسلامی سەردەم.

لێرەدا نووسەر ئاماژەی کردووە کە ڕۆشنبیرانی ئەم ئایینە لەم سەردەمەدا یەك باوەڕیان هەیە کە نەتەوەی ئیسلامی بە گشت گەلانەوە لەپێش هەموویانەوە گەلانی عەرەبی لە قەیرانی هزری و دواکەوتنی ڕۆشتبیری و وەستانی شارستانییەتدا دەژین، هەبوونی ئەم هەستەش وای کردووە بە چەند شێوازێك جموجۆڵی هەستانەوە و ڕیفۆرم دەست پێبکات، بەڵام بە هۆکاری نەبوونی تیۆری

زانـستی و کـەسـانی زانـا و بـەتـوانـا لـەم بـوارەدا بـەرهـەمی نـەبـووە و لـەهـەنـدێك حـاڵـەتـدا زیـاتـر ئـاڵـۆزی و نـاڕوونـی دەرکـەوتـووە و ڕوویــداوە، بـەم هـۆکارە بـە بـۆچـوونی نـووسـەر هـەنگاوی یـەکـەم پێویستە پرۆژەیـەکی ئیسلامی هـەبێت، کـە دوولایـەنـی سـەرەکی لـەخـۆ بگرێت، پاراستنی بیروباوەڕی ئیسلامی لەلایەك و بەهێزکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەر قەیرانێکی سیاسی و هزری لەلایەکی تر، کە یەکەمیان بریتییە لە ڕاستکردنەوە و ساغکردنەوەی زۆرێك لەو چەمکانەی کە لەکاتی ئێستادا لەنێو موسڵمانان دروستبووە و ڕەنگدانەوەی لەسەر بیر و هزری تاکی موسڵمان هەیە، لە دووەمدا ئـەرکی سـەرەکی دەبێـتـە بـەهێزکـردنی موسڵمانان لە ڕووی هزری و جەستەیی بۆ ڕووبـەڕووبـوونـەوەی هـەر بـابـەت و تێڕوانینێك کـە لـە ئاڕاسـتـەی ڕۆژئـاواوە ڕووە و وڵاتـی مـوسـڵـمـانـان بێـت، لـەم کاتەدا پێویستە لە چوارچێوەی پرۆژەی ئیـسلامیـدا بـاسێکی گـرنـگ دەسـت پێ بکرێت کە ڕێگرییەکانی بەردەم پرۆژەی ڕیفۆرمی ئیسلامییە، کە خۆی دەبینێتەوە لـە زاڵـبـوونـی پـرۆژەی هـزری ڕۆژئــاوا بە چوونە ناو هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانــەی مـوسـڵـمـانـان وەك بـەشـێك لە بیروبـــاوەڕی دەمـــەزراوی لێهـاتــووە کە دورکەوتنەوە لێیان، یاخود دەرهێنانیان لـە دڵی مـوسـڵـمـانـانـدا کـارێکی قـورسـە و ئاسان نییە، چونکە گرفتی لە عەقڵیەتی موسڵمانانـدا دروسـت کـردووە و بـووەتـە هـۆکاری لاوازی بیرکـردنـەوە و هـەبـوونی دژیەکبوون لە تێڕوانینەکاندا کە پێویستە بخرێتە بـەردەم پێداچـوونـەوە و دووبـارە داڕشتنەوە.

لەبەشێکی تردا نووسەر باسی عەقڵیەتی قەیراناوی و لەدایك بوونی قەیران دەکات کـە پێی وایـە قـەیـرانی هـزری خراپترین نەخۆشییە کە تووشی تاکەکان دەبێت و هـەنـدێک جار دەگاتە ئاستی دەرچـون لە توانای چارەسـەر، چونکە بیرکردنەوەکە هەڵەیە، تێڕوانینی هەڵە دروست دەکات، پـاشـان هـەنـگـاو و بـڕیـاری هـەڵـەشی لێ دەکـەوێتـەوە، ئـەمـە لـەلایـەك، لەلایەکی ترەوە لـەبـەر ئـەوەی بابەتەکە پەیوەست بـووە بـە هـزر و تێڕوانین هـەمـوو کات گـومـان لـە هـزر و تێڕوانــینی بـەرامـبـەر دروست دەکات و درەنگ دەتوانرێت ئەو ئاستـەنگە بشکێنرێت و گۆڕانکاری تێدا دروست بکرێت.

**دەبێت ئەوانەی بانگەشەی ڕیفۆرم دەکەن زۆر بە باشی ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی موسڵمانان بزانن لە ڕووی کۆمەڵایەتی، دەروونی، مێژوویی و جۆری ئەو کۆمەڵگەیەی کە دروستیان کردووە**

یـەکێکی تـر لـەو بـوارانـەی بـووەتـە هـۆی قەیرانی هزری بۆ موسڵمانان تێگەیشتنە لە سوننەت، لەگەڵ ئەوەی کە سوننەت

دووەم گەورەترین سەرچاوەی وەرگرتنی ئیسلامە و زانایان زۆر گرنگیان داوە بە ڕێکخستنی تیۆرێك بۆ خوێندنەوەی دروستی سوننەت و فەرموودە و جیاکردنەوەی فەرموودەی لاواز و دروست، بەڵام هێشتا هەندێك لە موسڵمانان بەناوی پاراستنی سوننەت و گرنگی پێدانی زیادەڕەویان تێدا کردووە، لەلایەك بووەتە هۆی دورکەوتنەوە و بەجێهێشتنی قورئان، لەلایەکی تر ناکۆکی و دووبەرەکی دروست بووە بەهۆی خوێندنەوەی جیاواز و مانای لەیەك دور، کە دەبێت ئەم بابەتە بەگرنگ وەربگیرێت و بەیەك تیۆر و مانا دەربکەوێت.

بوارێکی تری قەیران بریتییە لە خەیاڵی پاراستنی بیروباوەڕ (عقیدە) ئەمەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێك موسڵمانان هەوڵیان دا لە زانستی کەلامەوە بتوانن وەڵامی دروست بەدەست بهێنن بۆ هەندێك لەو گومانانەی کە دەخرایە بەردەم بەشێکی بیروباوەڕی ئیسلامی، بەڵام دواتر بەشێوەیەکی بەرچاو بووە هۆی جیاوازی لە نێوان خودی موسڵمانان خۆیان و کێشە و گرفت و مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی چەندەها گرووپی جیاواز بەدرێژایی مێژووی ئایینی ئیسلام، هەر لەبابەتی خەلقی قورئانەوە تا دەگاتە کردەوەی مرۆڤەکان کە ئایا بەویستی خودی مرۆڤە یاخود تەنیا فەرمان پێ کراوە، هەروەها ململانێی نێوان لێکدانەوەی عەقڵ و نەقڵ. هەموو ئەمانە قەیرانێکی هزری بەهێزن کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلامیدا کاریگەری و ڕۆڵیان هەبووە.

یەکێکی تر لەو بوارانەی قەیرانی بۆ موسڵمانان دروست کردووە، خەیاڵی پاراستنی فیقهی ئیسلامی بووە، هەموان دەزانین کە مەزهەبە ئیسلامییەکان بۆ ئەوە دروست بوون کە ببنە هۆکاری ڕوونکردنەوەی ئایین و دۆزینەوەی باشترین فەتوا و چارەسەر بۆ وەڵامی ڕۆژگار و ببنە هۆکاری زیاترو باشتر جێبەجێکردنی بنەماکانی ئیسلام، بەڵام دواتر بوبە هۆی لێکترازان و دوورکەوتنەوەی نێوان موسڵمانان لەلایەك و مانەوە و خولانەوە تەنیا لە چوارچێوەی فەتوا و لێکدانەوەی ئەم مەزهەبانە و نەتوانینی هەنگاونان بۆ نوێبوونەوە و تازەگەری لە بنەماکانی فیقهی ئیسلامی لەلایەکی تر.

بوارێکی تری قەیرانی هزری موسڵمانان بریتییە لە کێشە و گرفتی نێوان تیۆر و جێبەجێکردن (النظرية والتطبيق) ئەمە گرفتێکی دیاری نێو موسڵمانانە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی تاك هەیە، لەبەرئەمە زۆرێك لە زانایان درکیان بە ترسناکی ئەم بابەتە کرد و هەوڵی چارەسەرکردن دەستی پێ کرد و زانستێکیان بەرهەم هێنا بەناوی زانستی حەقیقەت، هەندێک جار بەناوی ( تەسەوف)یش دەناسرێت کە زیاتر

گرنگیدانە بەمانا و ناوەرۆك و هەوڵی جێبەجێکردنی ڕوحی شەریعەت و دوورکەوتنەوەیە لە ڕواڵەت و ڕووکەش، مەبەستی سەرەکی ئەم زانستەش تەنیا ڕێگریکردن بووە لە ڕوودانی لێکترازان لە نێوان تیۆر و جێبەجێکردن، چونکە گەڕانەوە بۆ مانا (مقاصد) باشترین هۆکارە بۆ تێگەیشتن لە ڕوحی شەریعەت و پاشان لابردن و نەهێشتنی جیاوازی و ناکۆکی نێوان موسڵمانان.

**نووسەر هەوڵی داوە دەرگایەك بکاتەوە بە ڕووی گۆڕانکارییەکی جۆری کە ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت لەسەر هزر و تێڕوانینی موسڵمانان بۆ بارودۆخ و شێوازی ژیانکردن**

بە تێڕوانینی نووسەر چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانی قەیرانی هزری موسڵمانان بریتییە لە چاکسازی تیۆرەکانی هزری ئیسلامی و بە ئیسلامکردنی زانست و زانیاری، بەڵام لێرەدا گرفتێك دێتە پێش ئەویش هەندێك لەو بانگەوازانەیە کە دەیانەوێت زانست و ئایین لە یەکتر جودا بکەنەوە، بە بیانوی ئەوەی کە زانست بابەتێکی تایبەتە بە پێشکەوتنی مرۆڤ و لێکدانەوەی مرۆڤانە بۆ بابەت و ڕووداوەکان دەکات و پەیوەندی بە هیچ ئایین و مەزهەبێکەوە نییە، بەڵام جارێکی تر لێرەدا نووسەر هەوڵی داوە ئەوە بسەلمێنێت کە هۆکاری دروستبوون و دەرکەوتنی ئەم جۆرە بیرۆکەیە پەیوەندی بە کەنیسە و دەسەڵاتی سیاسی لە ئەوروپاوە هەبووە لە سەدەکانی ڕابردوو پاشان خزاوەتە ناو بیر و هزری موسڵمانان و هەڵەی هزری و لێکدانەوەی جیاوازی بەرهەم هێناوە، چونکە ئایینی ئیسلام لەگەڵ زانستدا یەکانگیرە و بە یەك ئاست و ئاڕاستە بەرەو ئامانجێکی گەورە دەجوڵێن کە بریتییە لە خزمەتی مرۆڤایەتی.

باسێك کە جێگای گومان نەبێت ئەوەیە لە کاتی داگیرکاری ئەوروپی بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی تەنیا داگیرکاری زەوی و سەروەت و سامان بردن نەبووە، بەڵکو هێرشێکی هزری و زانستی لەگەڵدا بووە کە هەندێکی کەم نەبێت لە موسڵمانان، هەموو کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەم داگیرکاریە فکریە و ئەمەش کاری لەسەر بنەما سەرەکییەکانی هزری ئیسلامی کردووە، هەر بۆیە هزری ئیسلامی لەکاتی ئێستادا پێویستی بە پێداچوونەوە و نوێبوونەوە هەیە بەدیاریکردنی خاڵەکانی لاوازی و لێدراو و دۆزینەوەی جۆری قەیران و دیاریکردنی هۆکارەکانی دروستبوونی و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی بەهاکانی بەهێزکردنی هزرێکی نوێی ئیسلامی کە بتوانێت جارێکی تر بنیاتی شارستانییەتی ڕاستەقینەی دامەزراو لەسەر هزرێکی ئیسلامی دروست بنێت.

ئەم چاکسازیە هزریەش بەتەنیا ناتوانێت

دەست پێ بکرێت، بەڵکو پێویستی بە چاکسازی و دووبارە بنیاتنانەوەی عەقڵیەت و بیرکردنەوەی تاکی موسڵمانە، چونکە لە کۆتاییدا هەموو چاکسازی و گۆڕانکارییەك لە خودی ژیری و تێڕوانینی مرۆڤەکانەوە دروست دەبێت.

بەم شێوەیە ڕێگەکانی دەستپێکردن بە خاڵی یەکەمی پرۆژەی چاکسازی لە هزری ئیسلامی بریتییە لە داڕشتنی پرۆژەیەکی ئیسلامی، پاش سەلماندنی ناتەواوی پرۆژەی هزری ڕۆژئاوایی و نەگونجانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و هزرەکەی، بەگەڕانەوە دەبێت بۆ سەرەتایی ئایینی ئیسلام و بەوردی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە هەموو قۆناغەکانی هاتنی ئایینی ئیسلام و دیاریکردنی خاڵی لاوازی و گرفتەکان و دەست خستنە سەر خاڵە بەهێزەکان، تا بتوانرێت پرۆژەیەکی گشتگیری گونجاو بۆ سەردەمی ئێستا بەرهەم بێت و بکرێتە بنەمای داڕشتنەوەی چاکسازی لە هزری ئیسلامیدا، هەنگاوی یەکەم گەڕانەوەیە بۆ هەوڵەکانی پێشوو وە ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی ژیرانە و دیاریکردنی هۆکارەکانی سەرنەکەوتن و نەگەیشتنی ئەم هەوڵانە بە ئامانج، وەك هەوڵی خاوەن چوار مەزهەبەکە و ئیبن ڕشد و ئیبن حەزم و ئیمامی شاتبی و زۆرێك لە قوتابخانە و گرووپەکانی تری ناو مێژووی ئیسلامی.

نووسەر بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە پرۆژەی ئیسلامی وەك سەرەتا خاڵی دەسپێکردن مەرجی ئەوەی داناوە کە دەبێت قورئان و فەرموودە سەرچاوەی سەرەکی بنیاتنانی ئەم پرۆژەیە بێت و تێگەیشتن و خوێندنەوەی نوێ و سەردەمیانەی بۆ بکرێت و وەڵامی گشتگیر و بەهێز و گونجاو بەدەست بێت. ئەمەش وەك هۆکاری دۆزینەوەی سەرەتای تازەگەری لە هزری جوڵە و جوڵەی هزری و دەستکەوتنی توانای دەستپێکردن، پێویستە پێنج لایەنی گرنگ بەرجەستە بکرێت:

### یەکەم/ هزر (الفكر)

ناتوانرێت یەك پێناسە بۆ مانای هزر بکرێت لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیدا بابەتێکی گرنگ و گەورەیە لەلایەك، بەدرێژای مێژوو زۆرێك لە زانایان پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە لەلایەکی تر، بەڵام بە گشتی هزر ناوێکە بۆ پرۆسەی پێکدادانی هێزەکانی ژیری مرۆڤ کە جیاوازی نییە دڵ، یاخود ڕۆح، یاخود خەیاڵی مرۆڤ پێی هەستێت و ڕێکی بخات، بۆ دۆزینەوەی مانا نادیارەکان، یاخود گەیشتن بە بڕیارگەلێك کە پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان شتەکان ڕوون دەکاتەوە کاتێك توانرا هزرێکی تەندروست بەدەست بێت کەواتە بیرمەندیش بەرهەم دێت و دواتر توانای خوێندنەوەی وەحی ئیسلامی و بەستنەوەی بە بوونەوە ئاسانتر دەبێت بەم هەنگاوەش بڕیاری دروست و واقیعیانە بەرجەستە دەبێت.

**دووەم/ تیۆر (المنهج)**

نابێت ئەوەمان بیر بچێتەوە کە دوای دەستکەوتنی ئەم هزرە بنیاتنانی تیۆرێك کە جیهانی بێت و توانای چارەسەری کێشەکان و وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی پێ بێت دەبێتە پێویستییەکی گرنگ، چونکە تەنیا تیۆرە دەتوانێت لێکدانەوەکانی هزری بیرمەندان بکاتە نەخشە ڕێگە و سیستمێکی وردی زانیاری یەکگرتوو بۆ چارەسەری بنەڕەتی کێشە و گرفتەکان.

**بە بۆچوونی نووسەر هەنگاوی یەکەم پێویستە پرۆژەیەکی ئیسلامی هەبێت، کە دوولایەنی سەرەکی لەخۆ بگرێت، پاراستنی بیروباوەڕی ئیسلامی لەلایەك و بەهێزکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەرقەیرانێکی سیاسی و هزری لەلایەکی تر**

**سێیەم/ زانست و زانیاری**

زانست ئەوەیە کە لە قورئان و فەرمووده و وەربگیرێت، واتە لێرەدا مەبەست لە زانست و زانیاری ئەوەیە کە توانای تێگەیشتنی دروست و یەکانگیری لەگەڵ واقیعدا هەبێت و بەوردی و دروستی مانا و مەبەستی فەرمانەکانی ئاییني ئیسلام لێکبداتەوە و فەرمانی گونجاوی سەردەمیانەی لێوە بەرهەم بێت، ئەمانەش جگە لە گرنگیدان بە هەندێ زانستی تر کە وەك یارمەتیدەر تەماشا دەکرێن لە ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە بنەماکانی ئاییني ئیسلام.

بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە مەبەست لە زانست لێرەدا دوولایەنی سەرەکییە، یەکەمیان بەهێزکردنی توانای تێگەیشتن لە قورئان و فەرمووده وەك خۆی، دووەمیان گرنگیدان بەهەندێ زانستی یارمەتیدەر بۆ دەرهێنانی بڕیاری نوێ و سەردەمیانە لەم قورئان و فەرموودەیە وەك زانستی شیکردنەوە و زانستی فەرموودە و ڕەوانبێژی و زمانەوانی و ..هتد هەر بەم هۆکارەش زاناکان ڕێسایەکی فیقهیان داڕشتووە کە بووەتە بنەمای دیاریکردنی پەیوەندی زانستەکانی سەردەم بەقورئان و فەرموودە بریتییە (مالایتم الواجب الا به فهو واجب) واتە هەرشتێك واجبێکی شەرعی جێبەجێ نەبێت بەبێ بوونی، ئەویش دەبێتە واجب. لێرەدا مەبەستی سەرەکی لە بە ئیسلامیکردنی زانست و زانیاری دەردەکەوێت کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ گرێدانی هەموو زانستەکان کە سوودیان بۆ مرۆڤایەتی هەیە بە قورئان و فەرمووده و دەرهێنانی مانا و مەبەستی ڕاست و دروست لێیان تا بکرێتە سەرچاوەی فەرمان و بڕیار و فەتوای نوێ و سەردەمیانە بۆ هەموو داواکاری و پرسیارێکی کۆمەڵگە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەگەر زانست بریتی بێت

لە هەموو زانراوێکی چەسپێنراو، کەواتە هەموو زانراوێکی قورئان و فەرموودە چەسپێنراون بە هۆی سەرچاوەکەیانەوە و تەنیا پێویستیان بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ژیرانەیە بۆ سەردەمی نوێ.

**چوارەم/ ڕۆشنبیری و شارستانی:**

مانای ڕۆشنبیری وەك د. نەسر محەممەد عارف پێناسەی کردووە بریتییە لە توانا و وزەیەك کە لەناخی مرۆڤدا هەیە و سروشتییە، بەڵام دەبێتە سەرچاوەی گەڕان و وردبوونەوە بۆ ماناکانی ژیان و بەهاکانی بە پشتبەستن بە جۆر و شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و هەموو کات تازە دەبێتەوە و کۆتایی نایەت و شوێنێك و خاڵێکی دیاریکراوی نییە، هەر بۆیە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ڕۆڵی چاککردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەگێڕێت و هەوڵی چەسپاندنی باشترین بژاردە دەدات بۆکۆمەڵگە.

سەبارەت بەمانای شارستانیش نووسەر گرێیداوە بە تێڕوانینی ئیسلامییەوە، کە بریتییە لە بوون و مانەوە لەناو کۆمەڵگەدا و شایەتیدان بە ڕاستی و دووربوون لە خراپە و تاوان. چونکە لێرەدا نووسەر پێی وایە تەنیا هەبوون لەناو کۆمەڵگەیەکی کراوەدا نیشانەی هەبوونی شارستانییەت نییە، بەڵکو هەبوون بە مانای مادی و مەعنەویش گرنگە بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە مانای وشەی شارستانییەت، بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە شارستانییەت و ڕۆشنبیری جیهانی و گشتگیر نییە و بۆ هەرکات و شوێنێکە مۆرکی تایبەتی پێوە دەبینرێت، هەر بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ بەهێزکردنی پرۆژەی ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی و ڕۆشنبیری و شارستانییەتێك بەرجەستە بکرێت کە لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ئیسلامدا یەکانگیر بێت.

پێنجەم/ فەرهەنگی ئیسلامی و مرۆیی:

بە تێپەڕبوونی کات مێژوو دروست دەبێت، مێژووش لەکەڵ خۆیدا کۆمەڵێکی زۆر لە پاشماوەی دروستبوو لەسەر هزری ڕوداوەکانی ڕابردوو هەڵدەگرێت، ئەم پاشماوانە دەبنە فەرهەنگ و کاریگەریان کەم یاخود زۆر لەسەر کاتی ئێستاش دەبێت، جا ئەم فەرهەنگە زۆر جار دەبێتە جێگای ڕەزامەندی ڕەها، یاخود ڕەتکردنەوەی ڕەها، یاخود مامناوەند بوون، بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەم سێ لایەنە بدۆزینەوە دەبێت ئەم خاڵانە بەرجەستە بکەین:

١- خوێندنەوە و شیکردنەوەی هەموو پەرتووک و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەم بوارە.

٢- پلەبەندیکردن بۆیان.

٣- هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن.

٤- هەڵبژاردنی باشترینیان.

٥- پێشکەشکردنی کورتەیەکی پوخت لەم بوارە.

٦- گفتوگۆکردن و شیکردنەوە.

٧- وەرگرتنی دەرئەنجامەکانی

بەدەستهاتوو.

٨- دروستکردنی نمونەیەکی پەسەند و گونجاو.

بەم شێوەیە دەتوانرێت فەرهەنگی ڕابردوو بکرێتە بنەمایەکی تری سەرخستنی پرۆژەی ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی.

لەپاش گەیشتن بە قۆناغی بنیاتنانی لایەنی تیۆری و زانستی بۆ پرۆژەی ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی پێویستە هەوڵەکانی دەستکردن بە گەیاندنی پرۆژەکە بۆ ناو کۆمەڵگە و نزیك کردنەوە لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگە دەست پێ بکات، پاشان پێویستە هەردوو لایەنی بانگەواز و وەرگرانی بانگەوازەکە بکرێنە قۆناغی دواتر و بەشی پراکتیکی پرۆژەکە. جا بۆ ئەوەی پرۆژەکە بەرێکوپێکی بگاتە وەگرانی بانگەواز کە بریتین لە تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی، و توانا و ئاستی وەرگرتن و تێگەیشتنیان بەرز بکرێتەوە، پێویستە چینەکانی وەرگرانی بانگەواز بناسین کە بریتین:

**یەکەم/ لایەنە فەرمیەکان:** بریتین لە دامودەزگاکانی کاریگەر لەناو کۆمەڵگە بەتایبەت پەروەردە، پێویستە ئەم پرۆژەیە بە تەواوەتی پێشکەشیان بکرێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت، بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی و پاڵپشتی بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە.

**دووەم/ لادینییەکان:** لەهەموو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا چین و توێژ هەن کە لادینین و بیروباوەڕی جیاوازیان لە ئیسلام هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت مەیل، یاخود لایەنگیریان بۆ ئەم پرۆژەیە بەدەست بێت، پێویستە بخرێتە بەردەستیان و هەوڵی ئەوە بدرێت کە باوەر بەوە بهێنین کە ئامانج و مەبەستی ئەم پرۆژەیە بۆ هەموانە و ڕێکخستنەوەی گشتی کۆمەڵگەیە.

**نووسەرباسی عەقڵیەتی قەیراناوی و لەدایکبوونی قەیران دەکات کە پێی وایە قەیرانی هزری خراپترین نەخۆشییە کە تووشی تاکەکان دەبێت و هەندێک جاردەگاتە ئاستی دەرچوون لە توانای چارەسەر**

**سێیەم/ ئەندامانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان:** واتە پێشکەشکردنی ئەم پرۆژەیە بە لایەن و گرووپە ئیسلامییەکانی ناو کۆمەڵگە و تێگەیاندیان کە ئەم پرۆژەیە جێگیرەوەی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەوان نییە، بەڵکو چارەسەرە بۆ ناکۆکییەکان لە هزر و بیر و بۆچوونی موسڵمانان و دەتوانن لە زۆر لایەن و بەرنامەی خۆشیاندا سوودی لێوەربگرن و کەموکورتییەکانی پێ چارەسەر بکەن، بۆ گەیشتن بە ئەم ئامانجە و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەندامانی لایەن و گرووپە ئیسلامییەکان پێویستە زۆر بە وریایی

مامەڵە لەگەڵ وشە و باسەکانی ناو پرۆژەکە بکرێت و خۆ بەدوور بگیرێت لە هەر باس و بابەتێك کە لای هەریەك لەم لایەنەو گرووپانە جێگای سەرنج و رەتکراوەیە.

**چوارم: هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆو دەرچوانی زانستە ئیسلامییەکان:**

دەتوانین بڕوانینە ئەم توێژە وەك رۆشنبیرترین کەسانی ناو کۆمەڵگە کە پێوستە خاوەن رۆڵ و رێزلێگیراو بن، هەرچەندە سەردەمانێکە رۆڵیان پەراوێز خراوە، بەڵام بە تایبەت بۆ ئەم پرۆژەیە دەتوانن رۆڵی بەهێز و گرنگ بگێرن، ئەمەش لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی ئەم پرۆژەیە پێیان و پاشان دوبارە پێدانەوەی رۆڵی بەرچاو و گرنگ لەناو کۆمەڵگەدا و هەوڵی بردنە پێشەوەی ئەم پرۆژەیە چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جۆر و شێوازی کاریان هەیە کە لە بنەڕەتدا هەوڵیان بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری ئیجابیە لە کۆمەڵگەدا.

**پێنجەم: ڕووکەشیەکان:**

ڕووکەشییەکان دوو جۆرن کەلەناو کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە بەم شێوەیە:

١- دژەکانی ئاییینی ئیسلام: هەموو کات لە کۆمەڵگەدا کەسانێك هەن کە دژایەتی ئاییینی ئیسلام و بەرنامەکانی دەکەن و یەکێك لە هەوڵەکانیان پیشاندانی ئەم ئاییینەیە وەك بابەتێکی ڕووکەش و سادە و دوور لە وردەکاری، بەڵام وەك نووسەر ئاماژەی پێ دەکات ئەم ڕووکەشبوونە گرنگە بۆ ئەم پرۆژەیە کە دەتوانرێت بەم هۆیەوە پڕۆژەکە بەسادەیی و سانای بگاتە گوێی زۆرێك لەوانەی لە کۆمەڵگەدا گوێگریانن.

٢- بەشێکی موسڵمانان: کە خۆیان بە سروشتی ئاییینی ئیسلامیان بەسانایی و سادەیی وەرگرتووە و پێویستە هەر بەم شێوەیەش سەیر بکرێت و پێشکەشیان بکرێت.

**شەشەم: عەوام:**

مەبەست لە عەوام چینی گشتی کۆمەڵگەیە کە زۆرینە پێك دەهێنن و ڕۆڵ و کاری بەرچاویان هەیە لە هەر بابەت و ڕووداوێك کە لەناو کۆمەڵگە دەردەکەوێت یاخود دەبێتە جێگای باس و گرنگیان، یەکێك لە دیارترین سیفەتەکانی ئەم چینە بریتییە لە گرنگی نەدان بە بابەتی هزر و ڕۆشنبیری و هەبوونی بێئاگاییەکی ئاست بەرز سەبارەت پێیان، ئەوەی گرنگە دەبێت بەشێکی ئەم پرۆژەیە هەوڵدان بێت بۆ وروژاندنی هەندێك چەمك و باس و بابەت کە دەتوانێت بیر و هزری ئەم خەڵکە گشتییە بجوڵێنێت و ببێتە جێگەی بایەخیان هەتا بتوانن تێگەیشتنی گونجاویان هەبێت بۆی، لێرەوە دەتوانرێت دوو ئامانج بپێکرێت، یەکەمیان بەم هۆیەوە زۆرینەی کۆمەڵگە لە بێلایەنی، یاخود دژبوونەوە دەبێتە

لایەنگر و پاڵپشتی پرۆژەکە، دووەمیان ڕێگەی توانای بەرجەستە کردنی ئەم پرۆژەیە والاتر دەبێت و ئاسانکاری گەورەی بۆ دروست دەبێت.

**حەوتەم : خوێندکارانی زانکۆ:**

ژینگەی زانکۆ تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە تایبەت تەمەنی خوێندکاران کە بەگشتی کۆتایی تەمەنی هەرزەکارییە بە نزیکەی (٢٠) ساڵی، واتە لەم تەمەنەدا خوێندکار سەرەتایەکی کەم و سادەی لە زانیاری سەبارەت بە ئایینی ئیسلام هەیە، بە تایبەت لایەنی هزری ئیسلامی، کە ئەمەش وا دەکات ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و تێگەیاندنی پرۆژەی هزری هەتا وەك ئامادەسازی بێت بۆ قۆناغەکانی دوای زانکۆ. لەبەر ئەمە پێویستە لە پرۆژەی چاکسازی هزری ئیسلامیدا شوێنێك هەبێت بۆ چوونە ناو زانکۆ و گەیاندنی خاڵ و بنەماکانی پرۆژەکە بە خوێندکاران وەك بنیاتنانی سەرەتای دروستکردنی چینێکی ڕۆشنبیر و پڕ لە زانست و زانیاری هزری ئیسلامی و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگە و گەیاندنی پەیامەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە، یەکەمیان تێکەڵکردنی پرۆژەکە بە مەنهەجی خوێندن، دووەمیان سازکردنی مامۆستاکانی زانکۆ بە توانای باشتر بۆ گەیاندنی ئەم پرۆژەیە، بەتایبەت لێرەدا نابێت خوێندکارە چالاك و زیرەکەکانمان بیرچێت بەوەی کارئاسانی باش و ڕێخۆشکەریان بۆ بکرێت لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە هەتا بتوانرێت بانگەوازکاری زۆر زیرەك و دانای لێوە بەرهەم بێت و کاریگەریەکانی لەسەر کۆمەڵگە بەڕوونی دیار بێت.

**هێشتا هەندێك لە موسڵمانان بە ناوی پاراستنی سوننەت و گرنگی پێدانی زیادەڕەویان تێدا کردووە**

لەبەشی کۆتایدا نووسەر باسی بەربەست و ڕێگریەکانی بەردەم سەرکەوتنی پرۆژەی ڕیفرۆمی هزری ئیسلامی دەکات و لە چەند خاڵێکدا کۆیان دەکاتەوە.

**یەکەم / جەنگە لاوەکییەکان:**

بێگومان دوژمنان و ناحەزانی ئیسلام لەلایەك و نەیارانی پرۆژەکە لە موسڵمانان لەلایەکی تر بەردەوام هەوڵی ئەوە ئەدەن کە ڕێگری و بەربەست بۆ ئەم پرۆژەیە دروست بکەن بە تۆمەت دروست کردن بۆ سەرقاڵکردنی لایەنگرانی پرۆژەکە بەبابەتی لاوەکی و دوورکەوتنەوە لە ناوەڕۆك و ئامانجی ئەم پرۆژەیە، بەڵام ئەمە تەڵە و چاڵێکی قوڵە نابێت موسڵمانان تێی بکەون و هیچ هەلێك بۆ ڕودانی بهێڵنەوە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لایەنگارانی پرۆژەی ڕیفرۆم دەتوانن سوود لەم

نەیارانە وەربگرن ئەویش بە ڕەخنە گرتن لە تۆمەت و بابەتەکانیان کە بێگومان هەڵەو کەموکوڕی تێدایە، لێرەشەوە ئەمە خاڵێکی تری بەهێز دروست دەکات بۆ خودی پرۆژەکە و گریمانە و بابەتەکانی چەسپاوتر دەکات.

هەر لەم باسەدا دەبێت ڕەچاوی دوو خاڵی گرنگ بکەین، یەکەمیان نابێت هیچ کات ڕوگرژ و سینە تەنگ بین بەم ڕەخنانەی ئاڕاستەی پرۆژەکە دەکرێت، دووەمیان دەبێت لە جیاکردنەوەی ڕەخنەی دڵسۆزانە و بنیاتنەرانە لە ڕەخنەی ڕوخێنەر و تێکدەرانە زۆر ورد بین و دۆست و ناحەز تێکەڵ نەکەین.

**دووەم/ هەڵە تایبەتی و خودیەکان:**

هەڵەکانمان خراپترین ڕێگرو بەربەستن لەبەردەم پێشکەوتنی پرۆژەی ڕیفۆرم و گرنگترین ئەو هەڵانەش کە دەکرێن بریتین لە :

- ڕاوەستان و ساردبوونەوە لە ئەنجامدانی ڕێکارەکانی پرۆژەکە پێش ئەوەی ئامانجی سەرەکی بپێکرێت، کە ئەمە وادەکات بەپلەی یەکەم پرۆژەکە لەڕوی کاتەوە دوا بکەوێت و قۆناغەکانی تێکەڵ بەیەکتر بن، پاشان ڕێڕەوی قۆناغ بەندی تێك بچێت و سەرلێشێوان لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا دەربکەوێت.

- یەك لایەنی، واتا بە بیروباوەڕێك کاربکرێت کە ئەم پرۆژەیە تەنیا چارەسەری یەك لاکەرەوەیە بۆ هەموو گرفتەکان، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت کەلایەنی تریش هەیە کە توانای چارەسەری کێشەکانیان لەلایە و جێگای بایەخ و گرنگی پێدانن.

- دروستبوونی پارت و کۆمەڵ و ڕوکردنە کۆکرنەوەی پرۆسەکە تەنیا لەیەك سەرچاوە، کە ئەمەش دەبێتە دەردێکی کوشندە بۆ ئەم پرۆژەیە و دووری دەخاتەوە لە زۆرێك چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە.

- جیاوازی بۆچون و شیکردنەوە سەبارەت بە باس و بابەتی ناو پرۆژەکە کە دەخرێتە ڕوو بۆ ڕای گشتی کۆمەڵگە، چونکە دەبێتە هۆی ناڕونی لە پەیامەکانی پرۆژەکە و دواتر کۆسپ ولەمپەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دروست دەکات.

بەم شێوەیە زۆر گرنگە ئەو کەسانەی کە هەڵگری پەیامەکانی پرۆژەی ڕیفۆرمی هزری ئیسلامین کەسانێك بن زۆرترین مرونەتیان هەبێت، داهێنان لە پێشکەشکردن بکەن، زۆرترین بەشداریان لەناو کۆمەڵگەدا هەبێت، هەڵگری باوەڕی پێکەوەژیان و ئارامگری بن و بتوانن جوانییەکانی ئەم پرۆژەیە وەك خۆی بخنە ڕوو.

لە کۆتایی ئەم پەرتووکەدا نووسەر چەند خاڵێکی گرنگ دەخاتە ڕوو وەك دەرئەنجامی کۆتایی پرۆژەکە:

**١-کەموکورتی - چارەسەر:** یەکێك لە گرفتە گەورەکانی موسڵمانان بریتییە لە هەستی یەکلایەنی و خۆ بە تەنیا دانان وەك ڕاسترین گرووپ یاخود پارتی سیاسی کە دەبێت نوێنەر و چاوساغی

گشتی موسڵمانان بێت، هەر ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی هەموو ئەم ململانێ و دووبەرەکییەی کە دەنگ و ڕۆڵی موسڵمانانی لەناو بردوە و جوانییەکانی ئایینی ئیسلامی شاردوەتەوە. لەبەر ئەمەیە کە دەبێت لە پرۆژەی ڕیفۆرمی هزری ئیسلامیدا گرنگی تەواو بدرێت بە گشتگیربوون و دەرچون لە دروستبوونی خۆشەویستی و پاڵپشتی بۆ لایەنێك یاخود گرووپێکی دیاریکراو.

**تەنیا تیۆر دەتوانێت لێکدانەوەکانی هزری بیرمەندان بکاتە نەخشە ڕێگە و سیستمێکی وردی زانیاری یەکگرتوو بۆ چارەسەری بنەڕەتی کێشە و گرفتەکان**

گرفتێکی تری هزری ئیسلامی جیاوازی نێوان هزر و بیروباوەڕە کە هەندێك پێیان وایە جیاوازی یاخود دژیەك بوونیش لە نێوانیاندا هەیە بەڵام گرنگە کار بکرێت لەسەر ڕونکردنەوەی ئەوەی کە هزر لە بنەمادا گرنگترین هۆکارە بۆ تێگەیشتن لە بیروباوەر و یارمەتیدەرە کە بیروباوەر بخرێتە نێو ژیانی واقیعی کۆمەڵگەوە،

هەروەها گرفتی تری ئەم ڕێگەیە بریتییە لە تێکەڵکردنی هەموو بابەتێکی پەیوەست بە ئایینەوە بە بیروباوەر و تەماشاکردنی وەك بەشێك لە بنەما ئایینییەکان، بەڵام هزری ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتگیر وەك قۆناغی یەکەم و بنەمای تێگەیشتن وایە بۆ بیروباوەر و بەهۆیەوە بیروباوەری بەهێز و دامەزراو دروست دەبێت کە چەسپاوە لەسەر بنەمای زانستی و زانیاری دروست.

**٢- پرۆژەی ڕیفۆرم و پارتی سیاسی:**

وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا یەکێك لەو گرفتانەی دێتە پێش پرۆژەی ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی دەرکەوتنەیەتی وەك پارتی سیاسی یاخود گرووپێکی نوێ و جیاواز بەڵام پلاندانانی ورد و کاری گشتیانە وادەکات ئەم ڕوانینە لەم پرۆژەیە دوور بخاتەوە و هەموو لایەك بەشدار بکات لەسەرخستنی و هەموان بە پرۆژە و بەرنامەی خۆیانی بزانن و کەس لە دەرەوەی بازنەی ئەم ڕیفۆرمە نەمێنێتەوە. لێرەدا دەبێت کاربکرێت لەسەر جیاکردنەوەی دوو چەمکی جیاواز ئەوانیش هزری بزووتنەوە و بزووتنەوەی هزرە کە یەکەمیان بیر و هزر و بەرنامەی تایبەتە بە پارت و بزووتنەوەیەکی سیاسی کە وەك پەیڕەو پرۆگرام کار بۆ جێبەجێکردنی دەکات، بەڵام چەمکی دووەم کە بزووتنەوەی هزرە مانای ئەو جوڵە و کارو چالاکیانەیە کە هەموان بەیەکەوە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ڕیفۆرمی هزریدا بە شێوەیەکی گشتگیر ئەنجامی دەدەن، ئەم پرۆژە هزریەش لەسەر بنەمای تیۆر و زانست و زانیاری و لێکدانەوەی ژیرانەی واقیعدا دارێژراوە، ئەم پرۆژەیە ئاڕاستەیەکە ژیری و زانست دەکاتە بنەمای دەست بردن بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لەهەر بابەت و بوارێکی ژیاندا.

# زاراوەناسی

ئایینناسی

# ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی

ئامادەکردنی: ئاییناسی

ریفۆرمی هـزری ئیسلامی لـە سێ وشـە پێکدێت، وشـەی ریـفـۆرم (الاصلاح) لە ڕووی زمانەوانییەوە واتە چاککردن و چاکسازی، یاخود گێڕانـەوەی هەڵە و لادانێك بۆ بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی، هەروەها بەمانای گۆڕانکاریش دێت کە بابەتێك لادان و هەڵەشی تێدا ڕوو نەداوە، بەڵکو لەبەر پێویستی کات و شوێن دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت.

وەك وشە ریفۆرم هەندێك جار هاوشێوەی گۆڕانکاری بەکاردێت و دژی گەندەڵیشە. لـەڕووی مانـاوە ریـفـۆرم بریتیە لـە ڕێکخستن و ئـامـادەسـازی بە پشتبەستن بـە پلانی زانستی و داڕێژراو لەسەر واقیعی هەبوو بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری و ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی داهاتوو.

وشـەی هزریش بـەوە پێناسـە دەکـرێت کە بریتیـە لـە پرۆسـەی جـووڵانـەوەی ژیـری لە بابەتە دیارەکان بۆ گەیشتن بەزانینی نادیار و نەزانراوەکان. بەگشتی هزر مانایە بۆ بیرکردنـەوەی قـوڵ و زانستیانە و واقیعیانە بەڕێوشـوێنی گونجاو بۆ ڕاستکردنەوەی نەگونجاوەکان بۆ گونجاو، یاخود لادانەکان بۆ ڕاستەڕێی سەرەکی.

هەرچی زاراوەی ئیسلامییە ناسراوە و بریتییە لە قورئان و فەرموودە و بیروڕای زانایان بەدرێژای مێژوو.
سـەبـارەت بـە زاراوەی ڕیـفـۆرمی هـزری ئـیـسلامی، دەتـوانـرێت پێنـاسـە بکـرێت وەك پرۆژەیەکی گشتگیر و گەورە لەسەر بنەمای زانستی و تیۆری و پشتبەستن بە واقیعی

کۆمەڵگە و گرفتەکانی ناو خودی ئایینی ئیسلام، فەتوای جیاواز و بیرکردنەوە دژەکان و لایەنە نەرێنییەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگەی گەیشتن بەیەك باوەڕ و ئامانج و ناساندنی ئیسلام وەك ئایینی رێکخەری تەواوی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ بە پرۆژەیەکی تەواو بەهێز و هەڵگری وەڵامی گونجاو بۆ گشت پرسیارەکانی بەردەم ئەم ئایینە.

هەروەها پێناسە دەکرێت وەك هەوڵدان بۆ نوێگەری و دوورکەوتنەوە لە تەقلید و دەرچوون لە دەمارگیری نەتەوەیی، مەزهەبی و گەڕانەوە بۆ تێگەیشتنی نوێ و ڕاستەقینەی گونجاو لەگەڵ سەردەم بە پشتبەستن بە بابەتە عەقلانی و زانستییەکان.

ئەوەی گرنگە لێرەدا سەرنجی بدەین ئەوەیە کە ئامانجی پرۆژەی ڕیفۆرمی هزری ئیسلامی بریتییە لە دەستکردن بە گۆڕنکاری لە تێڕوانین و تێگەیشتنی تاکی موسڵمان بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئایینەکەی و دەرهێنانی لە تێڕوانینی سادە بۆ ئایین لەلایەك و دوورکەوتنەوە لە جیاوازی و دەمارگیری لە لایەکی تر، هەتا لێرەوە شێوازێکی تەندروستی بیرکردنەوەی گشتی دروست بێت بە هۆیە موسڵمانان ببنە خاوەن رۆشنبیری و شارستانیەتێك کە گرفتەکانی بەردەم کۆمەڵگە چارەسەر بکات و داهاتوو رۆشنتر بکات.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

ئایینناسی

ئایینناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

### ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئایینناسی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.

١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نموونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya(٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).

نمونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).

نمونە: محمد قراسويى، محمد (٢٨/١١/١٣٩٦)، "محور مقاومت اسلامى، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسى: ٣٠/١١/١٣٩٦).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٥/٢/٢٠٢٠)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی

ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاکس - هل ینفجر الوضع بین ترکیا وروسیا في شمال سوریا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی










CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















































CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی


















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

Center for Future Studies


















CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

ژمارە (٩) ساڵی سێیەم، کانونی دووەمی ٢٠٢٥